# فەرهەنگی کەلەپوور

# فەرهەنگی کەلەپوور

**بەرگی یەکەم**

**(کەرەستەی مادیی دروستکراو)**

**پرۆژەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد**

**ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد- سلێمانی**

**ناوی کتێب: فەرهەنگی کەلەپوور/ بەرگی یەکەم**

**کۆکردنەوە و دانان و ساغکردنەوەی: عەبدوڵلا حەسەن قادر**

**ئارارات ئەحمەد ئەحمەد هەردەوێڵ کاکەیی**

**محەممەد مەردان ڕێبوار حەمەتۆفیق**

**ژمارەی بڵاوکراوە: 110ی ئنستیتوت**

**چاپی یەکەم: چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد– سلێمانی**

**تیراژ: 250**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی (1679)ی ساڵی 2015ی پێ دراوە.**



**مافی چاپکردنەوەی بۆ ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد پارێزراوە ©**



**ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی**

**زۆنی: 1 / گەڕەکی: 2 / کۆڵانی: 34 / خانووی: 2**

**Tel: 00964 53 3204232**
**053 3210157**
**062 7612253**

**www.khi03.com**
**khip_2003@hotmail.com**

زۆرن ئەو ڕێگایانەی کە ناسنامەی نەتەوەیی بە زیندوویی دەهێڵنەوە و ڕێگەنادەن بەرکەوتنی شارستانییەتەکان، کاریگەری خراپیان لەسەر دروست بکات. گرنگیدان بە زمان و فەرهەنگی کوردی، یەکێکە لەو ڕێگایانە و لەم بوارەدا، دەتوانێت خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسینی یەکەم فەرهەنگی کوردی، بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەم دەگەڕێتەوە و بە درێژایی نزیکەی چوار سەدە، کاروانی فەرهەنگسازی کورد بەردەوامە، بەڵام هێشتا زمانی کوردی خاوەنی فەرهەنگێکی گشتی تایبەت بەخۆی نییە کە سەرچاوەکەی لە هەموو ناوچە و دیالێکتەکانییەوە هەڵقوڵابێت؟

فەرهەنگ (قاموس) کتێبێکی سەرچاوەییە، ئەرك و ئامانج لە نووسینی، کۆکردنەوەی وشە و پاراستن و ناساندنێتی بە خوێنەر. لەم ڕێگایەشدا، فەرهەنگی زاراوەی کەلەپووریی، ئەو زاراوانە بە خوێنەر دەناسێنێت و پێناسەیان دەکات کە پەیوەندییان بە بواری کەلەپووری نەتەوەی کوردەوە هەیە و ڕۆژانێك ئاوێتەی دەست و بیری کورد بوون و ڕژاونەتە گەنجینەی زمانی تێکست و قسەکردنەوە.

کەلەپوور (مادی یان مەعنەوی) بوارێکی فراوانە و ڕێگای زۆری دەچێتەوە سەر، ئەوەی لێرەدا جێگەی کراوەتەوە، بەتەنها بەشێك لەو کەرەستە مادییانەیە کە بەرهەمی دەست و پەنجە و بیری کورد بوون و بەکارهێنراون و بەم پێیەش بێت، فەرهەنگەکە فەرهەنگێکی زمانەوانی ڕووت نییە کە بایەخی بە بواری دەنگسازیی و ڕیشەناسی وشەکە دابێت، بەڵکو زۆرتر پشتی بەو شێوە وتن و دەربڕینانە بەستووە کە خەڵکەکە گوێی کردوون و ناویی کەرەستەکانی ناوە، کە هەندێ جار دەربڕینەکە نازمانەوانیی و ناکوردیشە و ڕاستەوخۆ لە زمانێکی ترەوە

هێناونی و شێوەی ناساندنی زاراوەکان، دەرهاویشتەی قسە و ئاخاوتنی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە و زۆرتر تایبەتن بەو جوگرافیایەوە کە خەڵکە کوردەکەی بەئەم شێوەزارە دەئاخاوتن، دەنا ئەوەش دەزانرێت کە بوارەکە زۆر لەوە بەربڵاوترە و پێویستی بەکاری زۆرتر هەیە، بەڵام ئەوەی بە لیژنەکە هەڵسوڕاوە تەنها ئەم چەمکەیەتیی و دۆستان و تەمەن یاوەربێت، دەرگای خزمەت کراوەیە...

لەم پێناوەشدا لیژنەی باڵای ئامادەکردنی فەرهەنگەکە ساڵێك زۆرتر کاری کردووە و دووچاری چەند گرفتێك بووەتەوە، لەوانە: جیاوازی ناولێنانەکان بەپێی شوێنە جیاوازەکان، هەندێ جار ناوێك بۆ دوو کەرەستە بەکارهاتووە. نەبوونی وێنەی ڕاستەقینە بۆ پیشاندان و ڕوونکردنەوەی هەموو کەرەستەکان... دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە هەندێ لە کەرەستەکان ڕاستە بەرهەمی دەستکردی کورد نییە، بەڵام لەبەر زۆربەکارهێنان و تێکەڵبوونی بە کەلەپووری کورد، وەك کەرەستەی کەلەپووری مامەڵەیان لەگەڵدا کراون ئاماژەیان بۆ کراوە، بۆ نموونە: سەماوەر، دەستەچیلە، سندوقی تووتن...

بۆ پیشاندانی وێنەکان، هەوڵی ئەوەدراوە کە زۆربەیان بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆیانەوە و وەك ئەوەی کە هەن بخرێنە ڕوو، لەم ڕووەشەوە کەڵك لە ئەرشیفی تایبەتی ئامادەکاران و پەیجی سایتە ئەلکترۆنییەکان و چەند کتێب و مۆزەخانەی ئیتنۆگرافیای سلێمانی وەرگیراوە، بەڵام لە چەند شوێنێکیشدا کە وێنەی ڕاستەقینەمان دەست نەکەوتووە، بە سوپاسەوە بە هێڵکاریی و وێنەکانی هونەرمەند (جەباری لۆڤەر) کارەکەمان تەواوکردووە.

بەشی چاپ و لێکۆڵینەوەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، لە ڕوانگەی هەستکردن بە گرنگی ئەم بابەتە و بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە و بۆ زیاترکردنی مشتێك بۆ سەر خەروای کەلتوورییمان، پشتگیریی لەم پڕۆژەیە کرد. بە ئومێدی ئەوەی لە ئایندەدا، ئەم کارە بەشێك بێت لە کەرەستەی خاوی بەردەست پرۆژەی کۆکردنەوەی فەرهەنگی گشتی کوردی و دامەزراوە و دەزگای تایبەت کاری زانستی تر لەسەر ئەم لایەنەی کەلتووری کورد بکات...

**لیژنەی ئامادەکار**

**ئابدارخانە** ژوورێکـە لـە ماڵـە دەوڵەمەنـد و گـەورە و بەگەکاندایـە، تایبەتە بە ئامادەکردن و لێنانی چا و قاوە و شتی تر...

**ئاتەشخان** بڕوانە: ئاتەشخانە.

**ئاتەشخانە** شوێنی ئاگری سەماوەر، تەنووری سەماوەر.

**ئاتەگ** داوێن و چاکی کەوا.

لەسەر ئاتەگی نوێژ دەکریٚ! (پەند)

**ئاتون** شوێن و بۆشایی ژێر گەرماو بۆ ئاگرکردنەوە و گەرم کردنی.

**ئاخەبانوو** بڕوانە: جامانی.

**ئاخوڕ** دیـوارێکی هەڵبەسـتراوە بـۆ وڵاخەبـەرزە و نزیکـەی یـەك مـەتر بەرزە. لە قوڕ و بەرد بە دیواری گەوڕ و پشتیری خانووی قوڕدا هەڵدەچنرێت. درێژیەکەی بە گوێرەی درێـژی و پێویستییە و پانییەکەشـی نزیکـەی 50 سـم دەبێـت، لـە سـەرەوە بـە قـوڵایی نزیکەی 30 سم چاڵە، کا و جۆ و ئالیکی تێدا دەدرێت.

لە ئاخووڕی گەورەدا لەوەڕاوە! (پەند)

**ئاخیە** بڕوانە: گوڵمیخ.

**ئادە** جۆرێك تەڵەی دارینە، بۆ ڕاوکردنی کەروێشك بەکاردێت.

**ئارد و ڕۆن** خواردەمەنییەکـە لـە: ئـارد، ڕۆن، شـەکر یـان دۆشـاو دروسـت دەکرێت. زۆرتر بۆ ژنی زەیستانە بۆ ئەوەی هێزی بێتەوە بەر.

**ئاردەماڵ** بڕوانە: ئاردماڵ.

**ئاردەوا** خواردنێکی مەیلەوشلە. لە: ئاردی سورەوەکراو و شەکراو دروست دەکرێت. زۆرتر بۆ ژنی زەیستانە بۆ ئەوەی هێزی بێتەوە بەر.

**ئاردپێچ** حەڵوایەکە لە: ئارد و شەکر دروست دەکرێت.

**ئاردکێش** ئامرازێکی بێڵچەئاسایە. لە ئاشدا، بۆ کۆکردنەوە و پاککردنەوەی دەوری بەرداشەکان بەکاردێت.

**ئاردماڵ** تەختەدارێکی دەسکدارە، لە لەپی دەست گەورەترە. بۆ ڕاکێشانی ئارد لە بەردەم ئاشدا بەکاردێت.

**ئارگا** بڕوانە: ئاگردان2.

**ئارەقچن** کڵاوێکە لە قوماش یان بەن و دەزوو. دەکرێتە سەر و تەنها تەوقی سەر دادەپۆشێت.

**ئارەقگیر** پارچە نەوگێکە لە ژێر (زین)ـەوە دەکرێتە سەر پشتی چارەوی.

**ئارۆك** خواردەمەنییەکی کفتەئاسایە. لە ساوەری خوسراو و شێلراو دروست دەکرێت. ناواخنەکەی، قیمە، کشمیش، بادەم، زیرە و بەهاراتە.

**ئارێخ** ئاسنێکی لوولەکی یان پانی سەر بە ئەڵقەیە، نزیکەی 20 سم درێژە. نووکەکەی تیژە. بۆ بەستنەوەی چارەوێ، ئێستر و وڵاخ، بە زەویدا دادەکوترێت.

**ئاسنجاو** قاپ و قاچاخی مس، زەرد، یان هەر کانزای تر.

**ئاسیاو** بڕوانە: ئاش.

**ئاسین** بڕوانە قۆڵ.

**ئاش** ئامێرێکە لە: دار، ئاسن، بەرد دروست دەکرێت. بۆ هاڕینی دانەوێڵە، کرەکردنی چەڵتووك بە کاردێت. بە: ئاو، کارەبا، نەوتی ڕەش کار دەکات و جۆری جیاوازی هەیە.
ساو بێ، جووتی دەگەڕێ، باران بێ، ئاشی دەگەڕێ! (پەند)



**ئاگرخانە** بڕوانە: کوورە1.

**ئاگرەگیرە** بڕوانە: دەستەچیلە.

**ئاگردان1** دەفرێکی لاکێشەیی یان بازنەیی قوڕین یان کانزاییە. بۆ چێشت و چا لێنان و خۆ گەرمکردنەوە بەکاردێت.

**ئاگردان2** چاڵێکی سواغدراوە لە تەختی ژووردا بۆ ئاگرکردنەوە و چێشت و چا لێنان بەکاردێت.

**ئاگردان3** شوێنێکە لە ژووری ماڵدا، بە: بەرد یان خشتی سوور دروست دەکرێت و بۆ گەرمکردن و مەبەستی تر بەکاردێت.

**ئاگردان4** بڕوانە: ئاتەشخانە.

**ئاگرکێش** ئامرازێکی بێڵچەئاسای کلك ئاسن یان دارە. بۆ دەردانی ئەسکل و پۆلوو و خۆڵەمێشی ناو کوورە و و سۆبە و ئاوردان بەکاردێت.

**ئاغزه** پارچه کاغـەزێکی کوورتی لـوول دراوه، دەخرێتـه قنگـی قامیشی جگەره یان بەرماخ و پەڕەسیگارەوه، بۆ نـەڕژانی تووتن و مژلێدانی بەکاردێت.

**ئاغەڵ1** ژوورێکی قوڕین و دارینی نزمه. شوێنی زستانەی داکردن (تێکـردن)ی ڕانـه مـەڕ و بزنـه. زۆرتـر شـێوەی لاکێشـەیی هەیـه. گـەورەیی و بچـووکییەکەی، لەسـەر کـەم و زۆری ڕانەمەڕەکەیه.

**ئاغەڵ2** شـوێنێکی نزمـی بـا نـەگرتووی سەردانەپۆشراوه، لایـەکی والآیه.

**ئاغەڵ3** وشکەکەڵەکی دەوری مەزاری شەخس و پیاوچاکانه.

**ئاغزونه** هەڵقەیـەکی کـانزایی زمانـەداره. خـڕ، چوارگۆشـەیه، بـه مەبەستی توندکردن، دەبەسترێته سـەر پشـتێنی قـایش، فیشەکدان و بەرەی چارەوێ.

**ئافتاو** بڕوانه مەسینه.

**ئافتاوه** بڕوانه مەسینه.

**ئالیکانه** جۆی گوندنشینان که له چاڵ کراوه بۆ وڵاخی پۆلیس و میوان.

**ئاڵه** جلوبەرگی بووکەڵەیه.

**ئامان** بڕوانه: هەوڕ.

**ئاماوزێ** پەڕۆیـەکی تـەنکی لـه شـەم هەڵکێشـراوه. کێم و زوخـاوی برین ڕادەکێشێت.

**ئامورر1** دارێکـی پتـەوی یەکپارچـەی دوولایـه و لـه شـێوەی پیتـی (د)دایـه. لای سـەرەوەی، بـه گشـتی لـه نێـوان 90 سـم بـۆ 1 م درێژه. بەشـی سـەرەوەی دوو کونی ئەسـتوونی یـەك بـه دوای یـەکی تێدایـه، بەهۆی هەپـەوه مژانـەی پێـوه دەبەسترێت. لای

خوارەوەی، کە دەندەیە و کورتە، دواوەی (قەنی ئاموور) 20 سم یان و 40 سم بەرزە و شوێنی پاشبارەی لێ هەڵکۆڵراوە، لەم پارچە و بەشانە پێك دێت: پاشبارە، دەستەمستە، کونی هەپە، دارهەپە، شیرەپە، دەندە، گاسن، مژانە و سەرەمژانە.



**ئاموور2** جۆرێکی هەوجارە، کەللە و باسکێش (باسکە) لە دارێك تاشراون و یەك پارچەن و بە مژانەوە دەبەسترێت.

کچێك لەو ماڵە هەر وا بانگ دێڵێ

بەبێ ئاوێنەی بسکان دێڵێ

ئامووری پێ نییە و جەرگم دەکێڵێ (فۆلکلۆر)

**ئامیان** بڕوانە: هەوێن1.

**ئامێری خەڕاتی** ئامێرێکە لە: دار و ئاسن، بۆ چەماندنەوە و نوشتانەوەی کەمەی بێژینگ و هێڵەك بەکاردێت و بەرزییەکەی مەترێك و بیست سم دەبێت.

**ئامێری چەقۆ تیژکردنەوە** ئامرازێکە، چەقۆ، داس، قەڵەمبڕ، مەقەستی پێ تیژ دەکرێتەوە و بە هۆی چەرخێکەوە دەسووڕێتەوە.

**ئامێژە** بڕوانە: هەوێن1.

**ئامێژن** بڕوانە: هەوێن1.

**ئانیشکە** پارچەیەکە دەکەوێتە لای سەرەوەی داری (پێی ئاش). بۆ بەرزونزم پێکردنی بەرداشی سەرەوەی ئاش بە مەبەستی درشت یان ورد هاڕینی باراش بەکاردێت.

**ئاهاك** بڕوانە: ئاهەك.

**ئاهەك** تەنێکی ڕەق و سپییە، شێ هەڵدەمژێت، بە سووتانی بەردگەلی ئاهەك لە کوورەی تایبەتدا لە گەرمی 100 نمرە بە دەست دێت.

**ئاواڵکراس** بڕوانە: دەرپێ 1.

**ئاوبارە** جۆگەیەکە لە داری کۆڵراو یان تەنەکە و پلێت یان تەبارەی گڵین، بۆ گواستنەوەی ئاو بۆ مەبەستی ئاودێری لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ شوێنێکی تر بەکاردێت.

**ئاوتام** شلەیەکە لە: پیاز، دۆشاوی تەماتە، ڕۆن، ئاو و خوێ دروست دەکرێت.

**ئاوپاش** دەفرێکە لە شێوەی مەسینە، بەڵام ئەمیان گەورەتر و ئاو زۆرتر دەگرێت و لوولەکەی لە هی مەسینە فراوانترە، ئەستوورایی سەر و بنی وەك یەکە، دوو قوڵفی هەیە، یەکێکیان لە سەرەوە و ئەوی تریان لە پشتەوە لە ئاستی لوولەکەی، پارچەیەك تەنەکەی کونکون بە دەمی لوولەکەیەوە قایم کراوە، بۆ ئاوڕشێنی ماڵ و باخچە بەکاردێت.

**ئاوپاچ** بڕوانە: ئاوپاش.

**ئاوپاڵ** بڕوانە کەوگیر.

**ئاوپژێن** بڕوانە: ئاوپاش.

**ئاوپەڕ** دارێکی خڕە، ناوەڕاستەکەی کونە، دەکرێتە دەمی لای خوارەوەی دۆڵاش بۆ ئەوەی ئاوەکە بە تەوژم لە پەڕەکانی تۆپی ئاش بدات و خێراتر بیسوڕێنێتەوە.

**ئاوخانە** بڕوانە: ئاودەست.

**ئاوخۆری** دەفری گڵین یان شووشە و هد... یە و ئاوی پێ دەخورێتەوە.

**ئاوخۆرەوە** بڕوانە: ئاوخۆری.

**ئاودوزەك** لوولەیەکی شووشەییە، سەرێکی لە کۆتاییەوە باریك و ئەوی تری پەمپێکی چکۆلەی لاستیکی پێوەیە، بۆ هەڵمژینی دەرمان و کردنە چاو یان گوێ بەکاردێت.

**ئاودەست** شوێنێکی تایبەتە بۆ دەستبەئاوگەیاندن یان خۆخاڵیکردنەوە.

**ئاودەستخانە** بڕوانە: ئاودەست.

**ئاوردان** بڕوانە: ئاگردان1.

**ئاورگ** بڕوانە: وەجاخ.

**ئاوزەنگی** ئاسنێکی لە لاوە سێگۆشەیە، بنەکەی تەختە، بەشی سەرەوەی بە هەڵقە کۆتایی دێت و لوغمەی تێهەڵدەکێشرێت. جێ پێی سوارە. جارجار بە بەشی دواوەی یان بە پاژنەی سوارەوە، پارچەیەك ئاسنی بۆ لێخوڕینی چارەوێی وشکەڕۆ پێوە دەکرێت.



**ئاوزینگ** بڕوانە: ئاوزەنگی.

**ئاوگۆشت** بڕوانە: گۆشتاو.

**ئاومالْك** بڕوانە: لاوێز.

**ئاومالْکە** بڕوانە: لاوێز.

**ئاوەژەنە** لەمپەرێکە لە خۆڵ لە بەردەم جۆگەی ئاودا بۆ ئەوەی ئاوەکە بڕوات بۆ ئەو شوێنەی پێویستیان پێی هەیە.

**ئاوەرە** بڕوانە: ئاخوڕ.

**ئاوەڕێس** ڕستنێکی زۆر باریك و لووسە، لە پلداندا دەستی تەڕی پێدا دەهێنن بۆ کردنی شتی تایبەت وەك بەرماڵ و شتی دی.

**ئاوەشکێنە** بڕوانە: شێلەگە یان ئاوەژەنە.

**ئاوەنگ** بڕوانە دەسکەوان.

**ئاوێلکە** بڕوانە: ئاوزینگ.

**ئاوێنە** پارچە شووشە یان کانزایەکە، ڕوویەکی نیتراتی زیو یان جیوەی تێهەڵدەسوێنرێت، ڕووەکەی تری وێنەی شت دەداتەوە.

کل و ئاوێنە و شانە

مێخەکبەن و مەرجانە (فۆلکلۆر)

**ئاوێنەبەند** ژوور، هۆڵ، دوکانێکە کە دیوار و بنمیچەکانی بە ئاوێنە داپۆشرابێت.

**ئەتڵەس** کوتاڵێکی خز و لووسی ژنانەیە، هەردوو دیوەکەی وەك یەك دەنوێنێت، بۆ بەرگی لێفە و کەوا بەکاردێات.

بەر و پشت ئەتڵەسە. (پەند)

**ئەدەبخانە** بڕوانە: ئاودەست.

**ئەدوا** داوودەرمانێکە دەکرێتە ناو چێشت و خۆشی دەکات.

**ئەرخەم** بڕوانە: پۆپەشمین.

**ئەرخوت** بڕوانە: لۆلەپ.

**ئەرخەم** بڕوانە: پۆپەشمین.

**ئەڕفێدە** بڕوانە: مایە.

**ئەڕنەك** پارچە تەختە یان ئاسنێکی لاکێشەییە، 12 سم درێژ و 6 سم پانە. لە ژێرەوە، چەند ڕیز تەلی کورتی لە شێوەی ددانی شانە پێوە بەند کراوە و لە سەرەوەیش دەسکێکی هەیە بۆ دەست پێوەگرتن. بۆ شانەکردن و خاوێنکردنەوە و داماڵینی تووکی زیادە و خوراندنی پشتی ئەسپ و وڵاخەبەرزە بەکاردێت.

**ئەستوورك** جۆرە نانێکی ئەستوورە، بە تەندوور یان ساج دروست دەکرێت.

**ئەستوون1** دارێکی ئەستوور و قایمە، دوو فاقە یان سادەیە، دەخرێتە ژێر داری چەمیو یان شکاو لە میچی خانوودا.

**ئەستوون2** دارێکی ڕاست و ئەستوور و قایمە، دەدرێتە ژێر ڕشماڵ و چادر، سەرەکەی دەچێت بە کونی کۆماجی ڕەشماڵدا.

**ئەستوون3** بڕوانە: پایە.

**ئەستووندەك** بڕوانە: ئەستوون2.

**ئەستوونەك** بڕوانە: ئەستوون2.

**ئەستووین** بڕوانە: ئەستوون2.

**ئەستێ و بەرد** ئەستێ: ئاسنێکی جۆشدراوی پۆڵای سێگۆشەییە، هەردو سەرەکەی پەرچ دراوەتەوە، لە بەردی تایبەتی خۆی دەدرێت بۆ پریشك هاویشتن و سووتاندنی پووشوو.

بەرد: بەردێکی ڕەنگ خۆڵەمێشیی گرینی تایبەتە بە لێدانی ئەستێ، پریشکی ئاگر دەهاوێت بۆ پووشوو.

**ئەستوێڵك** شفرەیەکە لە کانزا، بۆ کڕاندنی کەرەستەکانی نانکردن بەکاردێت.


**ئەستێرك** گۆماوێکی دەستکردە، لەبەردەم ئاوی کەمدا، بە مەبەستی گلدانەوەی ئاو و بۆ ئاودێری بەکاردێت، گەورە و بچووکی هەیە.

**ئەستێڵ** بڕوانە: ئەستێرك.

**ئەستیو** بڕوانە: ئاگرکێش.

**ئەسپەرە1** پارچە دارێکە، درێژی 20 سم و 5 سم پانە. لە ناوەڕاستدا، کونێکی تێدایە کە کلکەبێڵ یان کلکەخاکەنازی پێدا دەچێت. لای چەپی، زیادەیەکی هەیە هێندەی پێیەك دەبێت کە دەکەوێتە سەر کوپی بێڵ بۆ پێ داگرتن و باش چەقینی بێڵەکە بە زەویدا. هەندێك جار پارچە ئاسنێکیش هاوشێوەی دارەکە بە کوپی بێڵەکەوە لەحیم کراوە.

ئا دوو ئەسپەڕە لێدە. (ئیدیۆم)



**ئەسپەڕە2** دارێکە بە پێی پێویست دەخرێتە سەر کۆڵەکە و دەخرێتە ژێر داری شکاوی خانوو یان میچ بۆ ئەوەی نەتەپێت و قورساییەکەی زیاتر بەسەریدا دابەش بێت.

**ئەسکوێ** کەوچکێکی دارینی گەورەیە، بۆ تێکوەردانی چێشتی شلەی وەك: نیسك و نۆك و ماشێنە و گۆشت و هد... لە مەنجەڵی گەورە یان دیزەدا بەکاردێت.

ئەسکوێی هەموو دیزانە! (ئیدیۆم)



**ئەسکەڵە1** دارێکی باریکە، هێندەی پەنجەیەك ئەستوور و بستێك درێژە، بۆ جەلەکردنی ڕەشەوڵاخ بەکاردێت.

**ئەسکەڵە2** قوڵفەی خێوەتە.

**ئەسکەمل** کورسییەکی یەککەسی پشتدار یان بێپشتە، بۆ لەسەردانیشتن بەکاردێت.

**ئەسکەنە** پارچە ئاسنێکی ئەستووری دەم تیژە، دارتاش بۆ هەڵکۆڵینی دار و تەختە بەکاری دەهێنێت.

**ئسکیف** بڕوانە: قۆچەکە.

**ئەسمەرپێچ** جۆرێکە لە چیغ، بە شێوازێکی نەخشداری جوان و سفت (سخ) بە بەنی ڕەنگامە و تەرکە دەچنرێت، بە وێنەی گوڵ و باڵندە و ئاسك و درەخت دەڕازێنرێتەوە.

**ئەشرەفی** سکەزێڕێکی بچووکی سەردەمی قاجارییەکانە، لە کوردەوارییدا وەك کەرەستەی خشڵ و ڕازاندنەوە بەکاردێت.

**ئەشکەلە** بڕوانە: ئەسکەڵە1.

**ئەشکەنەك** بڕوانە: ئاوتام.

**ئەشكنجە** ئامرازێکە لە دار و ئاسن، بۆ کەپسکردنی جزوبەندی کتێب و دار و تەختەی دەرگای کارتۆن و کتێبخانە و شتی تر بەکاردێت.

**ئەشكولّ** بڕوانە: پاشکۆڵ.

**ئەشكێڵ** بڕوانە: ئەسکەڵە2.

**ئەلحەد** بڕوانە: گۆڕیچکە1.

**ئەلمەد** بڕوانە: لباد.

**ئەڵقە** ئەڵقەیەکی بچووکە لە: زیو، زێڕ یان هەر کانزایەکی تر دروست دەکرێت. بەملاوئەولای سەرەوەی کۆچك چەسپ دەکرێت و بەندۆکەی لای ڕاست و چەپی کۆچکیان تێهەڵدەکێشرێت بە مەبەستی قایمکردن و ڕاگرتنی کۆچك لەسەردا بەکاردێت.

**ئەڵقەی ئەقرەبە** پارچە ئاسنێکی شێوەی لاکێشەییە، بە بازنەی مژانەوە بەندە، بۆ ڕاکێشانی جەنجەڕ بەکاردێت.

**ئەڵقەی دەرگا** بڕوانە: سەردەرە.

**ئەڵقە ڕێزی دەرگا** بزمارێکی گۆپکەدار و چەند هەڵقە زنجیرێکە، بە دیوی دەرەوەی دەرگادا داکوتراوە، بۆ داخستن بەکاردێت.



**ئەڵقەی کولاژدمە** بڕوانە: ئەڵقەی ئەقرەبە.

**ئەڵقـــــەی مژانە** ئەڵقەیـەکی درێژکۆڵـەی ئاسـنە. لـە 10 سـم درێـژترە، بـە سـەری دواوەی دارمژانـەوە قـایم کـراوە و دەخرێتـە سـەر قولابی جەنجەڕ و بە هۆیەوە ڕایدەکێشێت.

**ئەڵەقە** بڕوانە: ئەسکەڵە2.

**ئەڵهەد** بڕوانە: گۆڕیچکە1.

خاك و خۆڵ ئەڵهەد بوو بە سەرپۆشی

دەنگ دنیای ڕۆشن بڕیا نە گۆشی (فۆلکلۆر)

**ئەمار** بڕوانە: عەمبار.

**ئەمبار** بڕوانە: عەمبار.

**ئەموستەوێڵە** بڕوانە ئەنگوستیلە

**ئەقرەبە** بڕوانە: قولاپی جەنجەڕ.

**ئەنبار** بڕوانە: عەمبار.

**ئەنگوستیلە** خشڵە، لە: زێڕ، زیو و هد... دروست دەکرێت و لە پەنجە دەکرێـت. لـە شـێوە و قـەبارەدا جـۆری جیاوازیـان هەیـە. ژنان و پیاوان بەکاری دەهێنن.

نییـەتی بخـوا نـانی شـەوێ، ئەنگوسـتیلەی لـێ ئـەوێ!

(پەند)



**ئەنگوسەوانە** بڕوانە: قۆچەکە.

**ئەنیشك** بڕوانە: کەرە.

**ئەیوان1** چاوگەژوورێکی چوارگۆشەیە بەسەر دەرگای حەوشەوە کە دەرگای ژووری تری لەسەرە.

**ئەیوان2** ژوورێکی درێژکۆڵەی بەر کراوەیە، دەرگای دوو یان سێ ژووری دەکەوێتە سەر.

**ئوجاغ** بڕوانە: ئاگردان1.

**ئوسکوف** ئەو کڵاوە چەرمینەیە کە لە سەروچاوی بازی دەدروون تا کەوی بێت.

**ئوچ** ئامرازی نووسینە، لە: نەیجە (قامیش) دروست دەکرێت. نووکەکەی بە پێی پێویستی و وردیی و پانی و جۆری نووسینە.

**ئۆبە** کۆمەڵێك ڕەشماڵی کۆچەری یان ڕەوەندە کە پێکەوە لە شوێنێك هەڵیاندابێت.

**ئۆلك** بڕوانە: مێخ.

**ئۆیمە** کراسێکی ژنانەیە لە پارچەی ئەستوور و تا خوار ئەژنۆ دەگرێت. کەمەرەکەی، بە لاستیك تەسك دەکرێتەوە.

**ئیرتە** بڕوانە: بنەوەند.

**ئیشکەبەرد** بڕوانە: وشکەکەڵەك.

**ئیشلك** جۆرێکە لە کەوا.

**ئینجانە** بڕوانە: گوڵدان.

**ئێرقە** بڕوانە: ئاموور.

**ئێزنگ** بڕوانە: لیژنەدار.

**ئێزی** دوو سەری: ڕێسمان، گوریس، پەت، حەبلە، کە بە لقی درەخت یان ستوونی ترەوە ببەسترێتەوە و لە ناوەڕاستیدا وەك جۆلانە بەکاربهێنرێت و ڕادەژەنرێت.

**ئێش** بڕوانە: هێش.

**ئێچك** بڕوانە: چاکڵە.

**ئێمەنی** جۆرێك کەوشی سووری بێ پاژنەی پیاوانە.

**بادی** قاپێکی دارینە، لە داری پتەو دەتاشرێت و ڕێك و لووس دەکرێت، بۆ دۆ و شلە تێدا خواردنەوە بەکار دێت.

**بار** دوو تا دانەوێڵە یان هەر کەلوپەلێك و شتی ترە، دەنرێنە سەر پشتی وڵاخ و بە گوریس لێك هەڵدەبەسترێن و بە قەیاسە قایم دەکرێت و بە مەبەستی گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەکاردێت.

وەك کەرێ باریان کردووە! (پەند)

**باربەن** بڕوانە: قەیاسە.

**بارەدار** داری بڕاوە و بەستراوەی بارکراوی سەر وڵاخە.

**باری** بڕوانە: نوێڵ.

**باریە** بڕوانە: نوێڵ.

**بازن** خشڵە، لە زیو، ئاڵتون، موور و هد... دروست دەکرێت و ئافرەتان دەیکەنە قۆڵ.

خۆزگە ئەبومە کۆڵوانەی کۆڵی

یا لوتەوانە، یان بازن قۆڵی (فۆلکلۆر)

**بازنەی** تۆق (تەوق)ێکی ئاسنە، لە کوپی گاسندایە، زمانەی

**گاسن** هەوجاڕ و گاسن بەیەکەوە بەند دەکات.

**بازووبەند** پارچەیەك چەرم، پەڕۆ یان کانزایە. بەردی گرانبەها یان دوعای تێدایە و لە بازوو دەبەسترێت.

هەر وەك بازیبەند بتکەمە باڵم

هێشتا لێم دووری تالآن بە ماڵم (فۆلکلۆر)

**بازیبەن** بڕوانە: بازووبەند.

**بازیبەند** بڕوانە: بازووبەند.


**باسکە** بڕوانە: باسکێش.

**باسکێش** بەشی سەرەوەی دار ئامووره لە کەللەوە تا لای مژان.

**باسوق** شیرنەمەنییەکی جیڕە، لە: دۆشاوی ترێ و ئارد دروست دەکرێت. دوای ئەوەی دەکوڵێنرێت و خەست دەبێتەوە، لەسەر سینیەك یان هەر شتێکی تەخت، ڕۆدەکرێت و بە شێوەی چوارگۆشە قاش قاش دەبڕدرێت.

**باگردان** بڕوانە: باگردێن.

**باگردێن** ڕۆڵەیەکی دەستکردە. زۆرتر لە بەردی پتەو و هێندێك جاریش لە قەدی داربەڕووی تاشراو یان چیمەنتۆ دروست دەکرێت. شێوەکەی لوولەکییە، درێژییەکەی لە نێوان 50 بۆ 60 سم و تیرەکەی بەگشتی لە نێوان 20 بۆ 25 سم دایە. لە هەردوو لایەوە، بە پەت یان گوریسێکی مەتر و نیو، سیوسیوەیان تێدەخرێت و بۆ گێڕانی سەربانی خانووی گڵ بەکار دێت.



**باليف** بڕوانە: سەرین.

**بالأشمە** داری دیرەگی سەر تاقەی دیوار، کە دارەڕای بەسەردا دەکرێت.

**باڵتە** بڕوانە: تەور1.

**باڵەخانە** پێشی دووەم نهۆمی خانووی سەر کۆڵانە.

**باڵینە** بڕوانە: ئەڕفێدە.

**بانتلێن** بڕوانە: باگردێن.

**بانکووت** دارێکی نیو مەتر درێژ و لەپێك پانە، بۆ کوتانەوەی گوێسەبانە بەکاردێت.

**بانگلێن** بڕوانە: باگردێن.

**بانویلە** بڕوانە: لوڕی.

**باوڵ** بڕوانە: باوەڵ.

**باوڵی** بڕوانە: باوەڵ.

**باوەشێن** ئامرازێکی سادەیە، لە پووش یان گەڵای دارخورما دەچنرێت، دەسکدارە، بۆ خۆفێنککردنەوە بەکاردێت.



**باوەڵ** سندوقێکە بۆ شتومەك و کەلوپەل و جیازی بووك بەکاردێت. لە: پلێت و ئاسن دروست دەکرێت. شێوە و قەبارەی لاکێشەییە. بەرزییەکەی 30 و پانییەکەی 50 و درێژییەکەی 70 بۆ 80 سم دەبێت.

**برنج بە شیر** بڕوانە: شیرەوا.

**برنجپاڵێو** بڕوانە: پڵاوپاڵێو.

**برنجۆك** کوتاڵێکی ژنانەیە، زۆر تەنك و ڕوونە، ڕەنگی جۆرا و جۆری هەیە، بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت.

**برینگ** قەیچی دەستکردی بڕینەوەی مەڕ، بزن، کار و بەرخە. دوو لاقی هەیە پانییەکانیان 3 و درێژییەکانیان 40 سم دەبێت. لای شوێندەستەکەیەوە، دوو کونی هەیە، دارێکی بچکۆلەیان (خەرەنگ) پێوە دەکرێت.



**بڕێن** بڕوانە: برینگ.

**بڕبەن** بڕوانە: بڕبەند.

**بڕبەند** پارچە کانزایەکی زبر و خەتخەتە، بۆ تیژکردن و لوسکردنی چەقۆ، تەورداس، دەمە خاکەناز و...هد بەکاردێت، هەروەها ناڵبەندەکان سمی وڵاخی پێ ساف و لووس دەکەن تا لەگەڵ ناڵەکانیاندا جووت ببێت.

**بڕگە** بڕوانە: شێلەگە.

**بڕمەند** بڕوانە: بڕبەند.

**بزمـــاری نالْ** بزمارێکە تایبەتە بە نالْکردنی وڵاخی یەکسم و جیاوازە لەگەڵ هەر بزمارێکی تردا، سەرێکی خڕی مەیلەودرێژی هەیە، لە سەرەوە ئەستوورە و تادێتە خوارەوە باریکتر دەبێتەوە.

**بزمەك** بڕوانە: بەلاّمك.

**بزمووك** بڕوانە: بەلاّمك.

**بزووت** دارێکە، سەرێکی ئاگری پێوەیە و دەسووتێت.

**بزمۆك** بڕوانە: بەلاّمك.

**بژاربڕ** پارچە ئاسنێکی پتەوی دەم تیژە. دەمەکەی، 4 سم پانە و تا بۆ دواوە دەچێتەوە باریك دەبێتەوە، کلکەکەی دەخرێتە ناو مشتویەکی دارینی لوولەکییەوە. بۆ بنکۆڵ و بژار کردن و دارتاشین بەکاردێت.



**بژی** خواردنێکە، لە: هەویر و شەکر ئامادە دەکرێت و لە ڕۆندا سوور دەکرێتەوە، تایبەتە بە بووك یان ڕێبوار.

**بستە** ئاسنێکی لوولەکییە. تیرەکەی، 2 بۆ 3 ئینج و درێژییەکەی 150 سم دەبێت. سەرێکی پان دەکرێتەوە و دەچێتە ناو ئەو تەوەرەیەوە کە بە ڕووی ناوەوەی بەرداشی سەرەوەی ئاشەوەیە، لای خوارەوەیشی بە شێوەی چوارپاڵوو بە تۆپی ئاشەوە قایم کراوە، کاری سووڕاندنەوەی بەرداشی سەرەوەیە.

**بسكه** خشـڵی ژنانەیـە. لـە لێـوارێکی فێسـکڵاو بەسـەر هـەردوو سەری بسکاندا شۆڕ دەبێتەوە.

**بلوێر 1** لولەیـەکی تایبەتـە بـە میـزەڕۆی منـداڵی نـاو بێشـکە. تیرەکەی نزیکەی 3 و درێژییەکەی 15 سم دەبێت. جاران لـە: قـامیش و دار و لـە ئێستاشـدا لـە: پلاسـتیك دروسـت دەکرێت. لە ناوەڕاستی بێشکە گیر دەکرێت.



**بلوێر 2** ئـامێرێکی هـەوایی موزیکییـە. شـێوەکەی لوولەییـە. لـە ئەسـتووریی و درێژییـدا جـۆری جیـاوازی هەیـە. بەگشـتی درێـژییان 40 و تیرەیـان 2 سـم دەبێـت، 7 کـونی تێدایـە 6یان لەسەرەوە و دانەیەکی لە خوارەوەیە.



**بنتڕنە** داوێکە، ڕایەڵی لە: بنەتانی تەون پێ قایم دەکرێت.

**بنپەڕگ** بڕوانە: پەڕگەما.

**بنجل** پارچـە لبـادێکی بێکـەڵك یـان هـەر شـتێکی تـری لـەو شێوەیەیە کە نەرم بێت. لە کاتی کورتانکردندا دەخرێتـە سـەر پشـتی گوێدرێـژ و وڵاخەبـەرزە و دەکەوێتـە بـن کورتانـەوە بۆ ئـەوەی کورتانەکـە پشـتی وڵاخەکـە بریـندار نەکات یان ئازاری نەدات.

**بندار** دارێکە دەکەوێتە بەشی بنـەوەی نێوان هـەر دوو کۆڵەکـەی دەزگای تەون. ئەمسەر و ئەوسـەرەکەی زمانـەی بۆ کراوە، هەر دوو زمانەکە دەچنە هەردوو کونی کۆڵەکەکانەوە.

**بنك** بڕوانە: ئاغزە.

**بنکەجغارە** بڕوانە: ئاغزە.

**بنەوەند** پارچــە قــایش، پــەت و قــەدی مێــوە، مــژان بــە دارنــیرەوە دەبەستێتەوە.



**بەرازە1** داری ڕایەڵکراوی ژێر بەرداشی ئاش.

**بەرازە2** نوێڵێکە پێی ئاشی پێ بەرز دەکرێتەوە.

**بەرانپیل** بڕوانە: بەرانپێچ.

**بەرانپێچ** بەروانکەیـەکی گـەورەی بـێ قۆڵـە، ژنـان لـە کارکردنـدا بـە پـێش خۆیانەوەی دەگرن تا جلەکانیان لە پیسبوون بپارێزێت.

**بەربەسێڵ** چێشـتێکە لـە: ئـاو، گۆشـت، ئەڵقـە پیـاز، بیبـەر و خـوێ ئامـادە دەکرێـت. پـاش ئـەوەی گۆشـتەکە کوت کوت دەکرێـت و دەخرێنـە ناو سێڵی نانکردنەوە، خوێ و بڕێکی پێویستی ئاوی تێدەکرێت و سەر ئاگر دەنرێت... کە بەکوڵ هات، سەرەکەی بە ئەڵقە پیاز و بیبــەر و بابــەتی تــری گونجــاو دادەپۆشــرێت ئینجــا ســینیەکی دەخرێتـە سـەر و لێوارەکـانی بـە قـوڕ دەگیرێـت و لەسـەر پشـکۆی ئاگرەکـە جـێ دەهێڵرێـت تـا تـەواو دەپیشـێت و ئامـادە دەبێـت بـۆ خواردن.

**بەربەق** بەربەسـتێکە، بـۆ دابەشـکردنی ئـاو بـە یەکسـانی بـە سـەر گۆلی مەرەزەدا.

**بەربەن** ڕیزە گوڵینگە یان پەتێکە، بۆ جوانی دەکرێتە ملی ئاژەڵ و بە تایبەتیش نێریی و گیسکەنێرەوە.

**بەربۆسە** پەلەدارێکە، دوو پەنجە پانە. لە ناوەڕاستییەوە، لە چەمەرە دراوە. لە ئامرازی جوتکردندا گاینجە ڕاگیر دەکات.

**بەرپاچ** بڕوانە: پاچ2

**بەرچاوگە** خشڵێکی ژنانەیە، بەسەر تەوێڵدا دەدرێت. بە پلپڵەو متومورو بۆ جوانی دەیڕازێننەوە.

**بەرچنە** توڵینەیەکی لە شوڵ چنراوە. لە سەبەتە بچووکترە. هەڵگرتنی ئاسانە و بۆ چنینی بەروبووم بەکاردێت، جۆری جیاوازی هەیە.

**بەرداش** بەردێکی تایبەتە، بە شێوەی بازنەیی تەخت، نەقاڕیی و بیراز دەکرێت. نزیکەی 20سم ئەستوور و تیرەکەی 130سم دەبێت. هەر ئاشێك دوو بەرداشی لەمانە بۆ نانەوە پێویستە.

**بەرداشی سەرەوە** بەردێکی تەخت و بازنەیی زبرە. نزیکەی 20 بۆ 25 سم ئەستوور و تیرەکەی 130سم دەبێت. لە ناوەڕاستدا، کونە. دەکەوێتە سەر بەرداشی ژێرەوە کە سەری بلوسکە ئاسنەکەی تێدەچێت. تەوەرەیەکی دارینی 10سم درێژ و 6سم پان کە ناوەڕاستەکەی کونێکی تێدایە، دەکەوێتە ناو کونی بەرداشی سەرەوە کە بلوسکەکەی دەچێتە ناو، بۆ ئەوەی بیسووڕێنێتەوە.

**بەردە زبرە** بڕوانە: بەردە پێ.

**بەردەباز** بەردێك یان چەند بەردێکە. لە تەنکاوی چەم و جۆگەدا بۆ پەڕینەوەی ڕێبوار بەسەریاندا دادەندرێت.

**بەردەبێر** بەردێکی کەمێك گەورە و پانە. لە کاتی مەڕ و بزن بێرکردندا شوان لەسەری دادەنیشێت.

**بەردەپێ** بەردێکی گڕنی کون کونی ڕەشە. لە کاتی گەرماوکردندا ژێر پێ و پاژنەپێی پێ ساف دەکرێت.

**بەردەقانی** بڕوانە: قۆچەقانی.

**بەردەیاپراخ** بەردێکی پان و سافی پڕ بە چنگە. دانەیەك یان چەند دانەیەك لەو بەردە بە مەبەستی هەڵنەوەشان لەسەر مەنجەڵە یاپراخ دادەنرێت.

**بەردکێش** دووتا یان پێچکەی لە دار دروست کراوە. دەخرێتە سەر پشتی گوێدرێژ، بۆ گواستنەوەی بەرد و خشت.

**بەردی ئاش** بڕوانە: بەرداش.

**بەرژەنە** بڕوانە: ڕۆنەکەرە.

**بەرژەنگ** دارێکی پانی تەنکە. لە دەزگای تەوندا، لەبەر دەمی ناوگوردا بۆ ڕاگرتنی ئەندازەی پانی تەنراوەکە دادەنرێت تا کاری تەونەکە خوار و گێر نەبێت.

**بەرکاپکا زین** قایشێکە، لەسەر باری پانی بەسەر قەڵتاخدا دەدرێت و بەمدیو و ئەویدویدا شۆڕ دەبێتەوە.

**بەرکارە** ئامرازێکی جۆلاییە، لە دوو دار پێکهاتووە، بە بورغویەك بەشێوەی ڕاست و چەپ بەیەکەوە بەستراون.

**بەرکۆڵە** پارچــە تەختەیــەك یــان لاســتیکێکە هێنــدەی لەپێکــە. ناوەڕاسـتەکەی کونـە، دەخرێتـە نێـوان مـژان و باسـکە و بەهۆی هەپەوە توند دەکرێت.

**بەرگردەڵە** دارێکی خڕی گردە. بۆ داگرتنـی بەرداشـی ئـاش، وەسـتا لەگەڵ پازناودا بەکاری دەهێنێت.

**بەرماڵ** چنراوێکە لە خوری مەڕ. درێژییەکەی $1$ م و پانییەکەی نیو مەترە، بۆ نوێژ لەسەرکردن بەکاردێت.

تەزبیحی دەستەکانم، بەرماڵی نوێژەکانم!

ڕۆژی جارێك نەتبینم، غەریب و ماڵوێرانم (فۆلکلۆر)

**بەرملە** چـەند پارچـە هـۆڕ و بـەڕە و نەوگێکـە، بـە گـوێرەی ملـی هێسـتر و گوێدرێـژ دەخرێنـە سـەریەك و دەدورێـن، لـە بـن لوڕییەوە دەخرێنە سەر ملی هێستر و گوێدرێژ.

**بەرهەڵبێنە** پارچــە قومــاش یــان خــامێکی چوارگۆشــەییە، لێوارەکــانی دادوراون. لـــە دوو گۆشـــەی ســـەرەوەی تەنیشـــتەکانی دوو تیڵماسـکی لـە خـۆی پێوەیـە، بـۆ کـاتی ئیشـکردن و گـورج کردنەوە، لە دواوەی گرێ دەدرێت، یان شتی وردە و پێویستی تێدەکرێت.

بەرهەڵبێنەی خام حەلاوە

هەر دەڕۆیی و دەکراوە

گەلێکیش مەمنونم بوو

بە دوو ماچ بۆم گرێ داوە (فۆلکلۆر)

**بەرەجۆ** چەند دەستەکێکە، کە بەگشتی $3$ تا $5$ دەستەکە. شـەتڵی

تووتن، تەماتە، باینجان، تۆ بامێی تێدا دەچێنرێت.

**بەرەرەت** بڕوانە: پاداو.

**بەروانکە** پارچە قوماشێکی چوارگۆشە یان لاکێشەیی ڕێکخراوە. بە مەبەستی خۆ پیسنەکردن دەدرێت بە بەرکۆشدا.

**بەریوانە** بڕوانە: بەروانکە.

**بەڕبەن** بڕوانە: بڕبەند.

**بەڕە** ڕایەخێکی بە بەن تەنراوە، لە نەخش و قەوارەدا جۆراوجۆرن. بە قەد بەڕەکەت پێ ڕاکێشە! (پەند)

**بەرەنیا** پارچە ئاسنێکی تیژە، بە نووکی گاسنی هەوجاڕەوە جۆش دراوە و بۆ تیژکردن و نوێکردنەوەی بەکاردێت.

**بەڕەی ریشەدار** بڕوانە: ناوچاوە.

**بەڕەی گوڵکەدار** چنراوێکی گوڵینکەدارە لە بەن. بۆ جوانی بە سینگی ئەسپ و مایین و هێستردا دەکرێت، بە تایبەتی بۆ گواستنەوەی بووك و سەفەرکردنی ژنی سەرۆکهۆز و هد...

**بەڕەی کلکە** بەڕەیەکە کە (تان)ەکەی دەزووە و (پۆ)یەکەی بەنە.

**بەڕوولە** دارێکە هێندەی پەنجەیەکە و بە ناوەڕاستی دار نیلەوە دادەکوترێت.

**بەستەکی جەنجەڕ** ئەو گوریسەیە کە هەر چوار دەوری جەنجەڕی پێوە دەبەسترێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی گێرەکردندا شل نەبێتەوە و لێك هەڵنەوەشێت.

**بەسمەڕە** بڕوانە: بێڵ.

**بەفرماڵ** تەختەیەکی چوارگۆشە یان لاکێشەییە. دەسکێکی پێوە چەسپ

دەکرێت. گەورە و بچووکی هەیە و بۆ ماڵینی بەفر بەکاردێت.

**بەلەچەك1** لەتکــە کولەکــەی شــامییە. وشــك دەکرێتــەوە و جــیڕ دەبێتــەوە و بــۆ زســتان هەڵــدەگیرێت و لەگــەڵ نیســك و نۆکدا وەك چێشت ئامادە دەکرێت.

**بەلەچەك2** شیرنەمەنییەکە لـە: لەتکە کولەکەی شامی تەڕ، ترۆزی، باینجان، هەرمێ، کرۆسك و دۆشاوی نیوەکوڵاو تێکەڵ دەکرێن و دەکوڵێنرێن.

**بەلەکپێچ** بڕوانە: زەنگاڵ.

**بەلەم** ئـامرازی گواســتنەوەیە. لــە دار و تەختــەی پتــەو دروســت دەکرێت. بە دوو سەوڵ یان ماتۆڕی سووتەمەنی کار دەکات، بۆ ڕاوەماسی و گواستنەوە و مەبەستی تریش بەکار دێت.

**بەلەمی مس** دەفرێکـی خـڕ و پەلـە. لـە کـانزای جۆراوجـۆر دروسـت دەکرێت. نەخشدار و بێنەخشیشی هەیە.

**بەلامەك** بڕوانە: بەلامك.

**بەلامك** دارێکـی بـاریکی لووسـکراوە. ئەسـتوورییەکەی هێنـدەی قەڵەمێکە. هـەردوو سـەرەکەی لەلەیە و کشتەکێکی پێوە بەند دەکرێت و دەخرێتە دەمی بەرخ و کارەوە بۆ ئـەوەی دایکی نەمژێت.

**بەن** داوێکـی ڕسـتراو و بـادراوە لـە خـووری و مـوو دروسـت دەکرێت.

**بەنتك** کەرەسـتەیەکی جوانکـاریی و بۆنخۆشـە. لـە: قەنـەفڵ و سـۆتکە و زەنگیانـە دروسـت دەکرێـت. ژنـان بـە یەخـەی سوخمەکانیانەوەی دەکەن.

**بەندەرك** بڕوانە: زارمەشك.

**بەندروو** بەنێكی تایبەتە، دەمی هۆڕ و جەواڵ و شتی تری پێ دەدورێت.

**بەندوخێن** بڕوانە: بەنەخوێن.

**بەندۆكە** بەشێكە لە كۆچكە، كشتەكێكی درێژی دوو قامك پانە. هەردوو جەمسەرەكەی گوڵینگەی ئاوریشمییان پێوەیە كە 15 سم درێژن و بنەكانیان بە ئاوریشم بەستراوە. كۆچكە بە سەرەوە ڕادەگرێت. بە شێوەیەك بە ژێر چەناگەدا دەچێت و بە ئاڵقەی هەردوو لای كۆچكەوە قایم دەكرێت، سەرەكانیان شۆڕ دەبنەوە یەكیان دەگاتە سەر ئەژنۆ و یەكیان دەگاتە پشتێن.

**بەنساموٚتە** چوار دانەیە، لە موو و خووری بە گورزە هۆن چنراوە، دوو لە ڕووی چەپەوە و دوو لە لای ڕاستەوە بە تەكەڵتووەوە بەستراوە.

**بەنسامەتە** بڕوانە: بەنساموٚتە.

**بەنقادە** بڕوانە: بەنكلاوە.

**بەنكاڵە** هەودایەكی ئەستورە، لە بەنی ئاسایی بادراوە، كاڵەی پێ قایم دەكرێت.

**بەنكلاوە** پەت یان كشتەكێكی قایمە، كلاوە یان لوڕی لە ملی هێستر، گاجووت، بارگیر، گوێدرێژ دەبەستێت لە كاتی جووتكردندا.

**بەهاربەندی** بڕوانە: بەهاربەنی.

**بەهاربەنی** حەسارێکی تایبەتە بە وڵاخ بۆ بەهار و هاوین.

**بەهرەمە** ئامڕازی دارتاشە بۆ کونکردنی دار و تەختە.

**بەنەبازەڵە** بەنی ڕەش و سپیی پێکەوە بادراوە، بۆ چاوەزار بەکاردێت و لە دەستی منداڵ یان بە قەدی بێشکە و جۆلانەدا هەڵدەواسرێت.

**بەنەخوێن** پارچەیەك پڵیتە یا کشتەکە بەنێکە، دەخرێتە پزووی شەرواڵ یا دەرپێوە بە مەبەستی بەستنی لە کەمەر، بەگشتی مەتر و نیو درێژە.

**بوخچە** پارچە پەڕۆ یان قوماشێکی گەورەیە، جلوبەرگی تێوەدەپێچرێت و هەڵدەگیرێت.

پیاو بوخچەیە، تا نەیکەیتەوە نازانی چی تێدایە! (پەند)

**بۆشکە** دەفرێکی لوولەکی دارین یان پلێتە. قەوارەی جۆراوجۆری هەیە و بۆ مەبەستی جیاوازی وەك: ئاو، ترشیات، شەراب و نەوت ... هد بەکاردێت.

**بۆڵغ** ئامرازێکی ئاسنینە. لە شێوە پیتی (T)ی ئینگلیزیدایە. دەمەکەی لوولە، بۆ کونکردنی داری پتەو بەکاردێت.

**بۆڤێ** سندوقێکی دارینە. بەشی سەرەوەی، نوێنی لەسەر دادەنرێت و بەشی خوارەوەی، بۆ دانانی کەلوپەل و خواردنی وشکە بەکاردێت.



**بۆیەمە** جۆرە سەرپۆشێکی ڕەشی گوڵینگەدار و ڕیشوودار‌ی ژنانەیە.

ئەوەن شیرینی، وەك شەكر خاوی

ڕیشووی بۆیەمە هاتە بان چاوی (فۆلكلۆر)

**بیر** چاڵێکی بازنەییە، بۆ ئاو لێدەرهێنان، لە تیرە و قوڵیدا جۆرا و جۆرە.

(زنقڕ) بڕوخێ، ئاوی لە بیرە

(تۆبزاوا) خۆش بێ، جێگای دڵگیرە (فۆلكلۆر)

**بیرۆك** بڕوانە: پاڕۆ.

**بیور** بڕوانە: تەور1.

**بیوڕ** بڕوانە: تەور1.

**بێژینگ** تەنراوێکی بازنەیی کون کونە. لە (کەو) بچکۆلەترە. تیرەکەی 35 سم دەبێت. لە: سیرمە و تەل دروست دەکرێت. بۆ دابێژان و پاککردنی گەنم و دانەوێڵە بەکاردێت.

**بێشکە** بڕوانە: لانکە.

جوان لەبەر و بێشکەدا بناسە! (پەند)

**بێشکەی دووانە** تەختی خەوی منداڵی ساوایە. لە دار و تەختە دروست دەکرێت. دوو منداڵی ساوای بە دەسرازە تێدا دەبەسترێتەوە و دەخەوێنرێت.



**بێڵ** ئـامرازێکی ئاسـنی پتـەوی نیمچـە سێگۆشـەیە. دەمەکـەی تیـژە. کلك و ئەسپەڕەی هەیـە. بـۆ جۆمـاڵ و جۆگا هـەڵگرتن بەکاردێت.

**بێڵەقان** بڕوانە: پیشك.

**بێڵەکان** بڕوانە: پیشك.

**بێڵچە** بێڵێکی بچکۆلەیە. دەمەکـەی ئاسـن و کلکەکـەی لـە دارە. بـۆ بنکـۆڵکردن و شـیکردنەوەی بـن دار و درەخـت و بڕکـە شووتی، کاڵەك، تەماتە و ... هد بەکاردێت.

**پاتە** پێڵاوی لاستیك.

**پاداو** داوێکـە لـە تاموسـك کـە لـە مـووی یـاڵ و کلکـی چـارەوێ دروست دەکرێت و لە دەشت و چۆڵدا بۆ ڕاوکردنـی باڵنـدەی بچووك دەنرێتەوە.

**پارگێن** جۆگەلەیکـە بـە دەوری ڕەشماڵـدا بـۆ ئـەوەی ئـاو یـان بارانـاو نەچێتە بنی ڕەشماڵ و بە لایەکدا لێژ بێتەوە.

**پاروێنك** بڕوانە: پارگێن.

ئاوچە پاروێنك وێمەوە، لوانە چێرم. (پەند)

**پاڕۆ** ئامرازێکی دارینـە. لـە شێوەی خاکەنازدایـە، دەمەکەی پانـە، لـە داری پتـەو و لـووس دروسـت دەکرێـت. دەسـکێکی دارینـی بـە ئەنـدازەی دەسـکی شـەن هەیـە. بـۆ خاوێنکردنـەوەی خـەرمانی سوور لە کا و کۆزەر بەکاردێت.

**پازناو** دارێکە وەکو تێلا و نوێڵ وایە. دەخرێتە ژێر (پیٚ)ی ئاش بۆ بەرزونزمکردنی بە مەبەستی ورد یان درشت هاڕینی باراش بەکاردێت.

**پاسار** بڕوانە: گوێسەبانە.

**پاسارە** بڕوانە: گوێسەبانە.

**پاسگە** چاڵێکە لە ناوەڕاستی بێستاندا دروست دەکرێت. بێستانەوان شەوان بۆ پارێزگاری بێستانەکە لە دز خۆی تێدا حەشار دەدات.

**پاشبارە** دارێکی ڕاست و پتەوە. 5 تا 6 سم ئەستوورە و درێژییەکەی تا پشتێنی جووتیارە. بەشی خوارەوەی دەخرێتە کونی هەڵکۆڵراوی دواوەی ئاموور و بەشی سەرەوەی زیادەیەکی دەرچووی لە خۆی هەیە کە جووتیار لە کاتی جووتکردندا دەستی پێوە دەگرێت.

**پاشبەن** گوریس یان زنجیرێکە دەخرێتە پێی چارەوێوە.


**پاشبەند** بڕوانە: پاشبەن.

**پاشکۆڵ** پارچە دارێکی درێژی بەهێز و پتەوە لە دیووی ناوەوەی ژوورەوە دەدرێتە پشت دەرگا بۆ زیاتر قایمکردنی.

**پاشکوین** بڕوانە: دوگەم.

**پاشگورد** پارچەیەکە لە دەزگای تەون، دارێکە نزیکەی مەتر و نیوێک درێژە. لە سەروو دارگوردەوە دەخرێتە ناو ڕایەڵەکانەوە. لە کاتی چنیندا، دارگورد چەسپاوە و پاشگورد دەجوڵێنێت.

**پاچ 1** ئـامرازێکی ئاسـنی پتـەوی دوو سـەرە. سـەرێکی پـان و سەرەکەی تری تیژە، درێژییەکەی نزیکەی 60 سم دەبێت. لـە ناوەڕاسـتەوە کـوپێکی بـۆ کلکـەدار هەیـە. لـە کـاری کەندەکاریی و بیناسازیدا بەکاردێت.



**پاچ2** ئـامرازێکی تەشـوێ ئاسـای یەکدەمـە. بـۆ پاچـەکۆڵە و مەبەستی تر بەکاردێت. گەورە و بچووکی هەیە.

**پالا** بڕوانە: کەوش.

**پالان** بڕوانە: کورتان.

**پالایخە** بەرد و قوڕ و قسڵە، بۆ قایمکردن دەدرێتە پاڵ کونجی ئاو لە ئاشدا.

**پاڵپێچ** ئـامرازی جگـەرە پێچـانەوەیە، لـە: جـۆرە تەنەکـەی پتـەو و تایبەت و موشەمما یان چەرم پێك دێت.

جغارەی قامیش، پاڵپێچی عەجەم

هەر بۆ تۆ خاسە بیخەیتە لای دەم (فۆلکلۆر)

**پاڵوێنە** پارچـە چـەرم یـان قایشـێکە، بـە کۆتـایی لاسـتیکەکانی دارلاسـتیکەوە بەسـتراوە، لـە کـاتی بـەکارهێنانی دارلاستیکدا، بەردەکەی بۆ هاویشتن دەخرێتە ناو.

**پاڵوێنەی** بڕوانە: پلاوپاڵێو.

**پاڵین** بڕوانە: کەوگیر.

**پاڵیوگە** بڕوانە: کەوگیر.

**پاماڵە** چەپەرێکە گاجووت بە هۆی گوریسێکەوە بەسەر زەوی کێڵراو و تۆکراودا ڕایدەکێشێت بە مەبەستی ورد و تەختکردنی کەستەکەکان و ونکردنی تۆوە وەشێنراوەکە بە ژێر گڵەوە تا باڵندە نەیخوات.

**پامووره** بڕوانە: پاوانە.

**پانك** بڕوانە: دوگەم.

**پانگین** بڕوانە: پارگێن.

**پانیبەرز** پێڵاوێکی ژنانەی پاپوچ ئاسایە و لە چەرم دروست دەکرێت.

**پاوانە** جۆرە خشڵێکە، لە: زێڕ یان زەرد یان زیو بە شێوەی زنجیر یان ئەڵقەی کراوە دروست دەکرێت و هەشیانە چەند گۆیەکی لێك نزیکی پێوەیە. لە کاتی جوڵاندا، زرینگەیان دێت. ژنان لە سەروو قولەپێی دەکەن.

پاوانەکانی دەزرنگێتەوە

کاروان لە عەجەم دەگێڕێتەوە (فۆلکلۆر)



**پاوەن** بڕوانە: پێوەند.

**پایە** دینگەی دار یان ئاسن یان کۆڵەکە و خشت یان بەردە، بنمیچی خانووی لەسەر ڕاگیر دەکرێت.

**پردەڵە1** دارێکی درێژە، لە نێوانی سۆلە و نەوەرددا لەسەر دوو سنگ دادەکوترێت، بۆ ئەوەی ڕایەڵی جۆلایی ڕابگرێت تا جۆلاییەکەی لار و خوار نەبێت.

**پردەڵە2** دارەڕاکردنی خەرداری ئاشە کە ژێر پردی بەرداشی ئاشی لەسەر دادەنرێت.

**پردوو** بڕوانە: پەردوو.

**پردۆکەی جەنجەڕ** دوو دارە، کە هەردوو سەرەکانیان بە چوارگۆشە و لاکێشەیی هەڵکۆڵراون و دەچنە سەر شونکی حوشترۆکە بۆ بەندکردنی جەنجەڕەکە.

**پردی جەنجەڕ** بڕوانە: پردۆکەی جەنجەڕ.

**پردی دانیشتن** پارچە دارێکی لاکێشەییە پانییەکەی بستێك یان زۆرترە، درێژییەکەی هێندەی پانی جەنجەڕەکە دەبێت. دەکەوێتە نێوان پردۆکەی پاش و پێشی جەنجەڕ و هەردوو سەرەکەی سەر حوشترۆکەکە.

**پروێشکە** بڕوانە: پرپۆڵە.

**پریاسکە** پارچە پەڕۆیەکی بچووکە، دراو یان شتی وردەی تێوە دەپێچرێت.

**پرێسکە** بڕوانە: پریاسکە.

**پڕپۆڵە** تێکەڵەیەکە لە ئارد و هەویر بە چەشنێك کە ئاوی کەم و ئاردی زۆرتر بێت، دەبێت بە هەویر و کلۆی ورد وردی بەقەد دنکی نیسك و نۆك بوەستێت، دەرخواردی جوجەڵەی تازە لە هێلکە جوقاو دەدرێت.

**پڕشکە** بڕوانە: پڕپۆڵە.

**پزوو** بڕوانە: پڕپۆڵە.

**پزی** بڕوانە: پڕپۆڵە..

**پشتەماڵ** پارچەیەك قوماش یان چنراوێکی لاکێشەییە، پیاوان و ژنان لە گەرماودا دەیبەستن بە کەمەریانەوە. بۆ مەبەستی تریش بەکار هاتووە.

**پشتکۆڵ** بڕوانە: پاشکۆڵ.

**پشتکۆڵە** پارچە تەختە یان لاستیکێکە هێندەی لەپێك، ناوەڕاستەکەی کونە، دەخرێتە نێوان مژان و باسکەوەی هەوجاڕەوە و بۆ ڕژدکردنی قورەمە بەهۆی هەپەوە توند دەکرێت.

**پشتیر** ژوورێکە لە خانووی قوڕیندا تایبەتە بە ئاژەڵ.

**پشتێن** خشڵە، شێوەی جیاوازی هەیە، هەیانە لە لیرە و هەیانە لە
1 مووروی جوان و گرانبەها دروست دەکرێت و لە کەمەر دەبەسترێت.

**پشتێن 2** قوماش، ئاوریشم یان چەرمە، دەبەسترێتە سەر پۆشاکی کوردیی و پانتۆڵ و بۆ مەبەستەگەلێکی جیاواز بەکار دێت.

پشتێن ئاوریشم قەفقەف لە پشتت
خوێنم حەلاڵە بە تۆ گەر ڕشتت (فۆلکلۆر)

**پشتێنە** تەوق و چەمەرێکە دەخرێتە (نێ)ی ئاشەوە.

**پشتێنەی دەرگا** تەختەی پانی پشت دەرگایە.

**پشڕون** بڕوانە: پیرخەنی.

**پشقلدان** ژوورێکی بچووکە، پشقلی تێدا هەڵدەگیرێت بۆ سووتەمەنی.

پشقلی هاورد لە پشقلدان
کردی بە ئاگر، قاوەی پێ برژان (فۆلکلۆر)

**پشك 1** چیلکە دارێك یان پیکەیەکە، وەك پیم دەخرێتە کونی مەشکە یان کوندەوە بە مەبەستی نەڕژانی ئەو شتەی کە تێیدایە.

**پشك 2** بڕوانە: گێزەرە.

**پشکلدان** بڕوانە: پشقلدان.

**پلار** دارێکی کوڵە، بۆ هاویشتن بەکاردێت.

پلاری خۆی تێگرت! (ئیدیۆم)

**پلپلە** دووپارچەیە لە خشڵی ژنان لە هەردوولای کڵاو دەسرۆکی سەری ژنان دەدرێت.

**پلکێتە** بڕوانە: تۆقە.

**پلووسك** ئاوەڕۆگەیەکە لە دار یان تەنەکە دروست دەکرێت. بە سوێبانەوە قایم دەکرێت و بۆ پێدا هاتنە خوارەوەی چۆڕاوگەی باران بەکاردێت.


**پـــــلاۆ پالْیو** دەفرێکی بازنەییە لە: مس، فافۆن، تولْینە و پلاستیك دروست دەکرێت و بۆ پالاوتنی برنجی پلاو بەکاردێت.

**پلْپلْە** بڕوانە: پلپلە.

**پلْیتە** تەنراوێکە لە کلافە یان دەزوو، شێوەی پان و لوولەکی هەیە، دەخرێتە چرا، فانۆس، قوتیلە و تەباخ بۆ داگیرساندن و بۆ مەبەستی تریش بەکاردێت.

**پنە** تەختەیەکی لووسی بازنەیی پێچکەدارە. بۆ پانکردنەوەی گونکە هەویری نانی تیریی و برمە و پاقلاوە و... هد بەکاردێت و گەورە و بچووکی هەیە.

به پنه و تیرۆکی خۆمانەوە هاتوین. (پەند)



**پنج** بڕوانە: پەنج.

**پەتك** شیکراوەی پەت و هۆرەشڕ و گوریس و بەڕە کە لە ئاودا دەخوسێنرێت و بە کلکەتەشی شی دەکرێتەوە و دوای شیکردنەوەی، دەڕێسرێت.

**پەچا** بڕوانە: پەچە1.

**پەچە1** شوێنی مۆڵدانی ڕانەمەڕە لە دەشت یان لە حەوشە.

هڕکە لەو ڕانە با بچێ بۆ پەچە

ماچێکمان بەرێ دەوڵەمەنبەچە (فۆلکلۆر)

**پەچە2** پارچە قوماشێکی تەنکی شەبەکیینە، بەزۆری ڕەنگی ڕەشە و ژنان دەیپۆشن بەسەر دەموچاودا، بەمەبەستی نەبینینی لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە.

**پەراسوو** دارێکە لە ڕایەڵی زنجدا بەکاردێت لە تەنیشتەوە.

**پەرداخ** بڕوانە: ئاوخۆری.

**پەردە** هەتاوگێڕەرەوەیە. لە سەر پەنجەرە یان بەردەرگای حەوشە هەڵدەواسرێت.

**پەردەق** بڕوانە: ئاوخۆری.

**پەردوو** ئەو زەل و هەژگ و گەڵایەیە کە دەخرێتە سەر داری دارەڕای خانوو و گڵەبان دەکرێت.

نە دارە و نە پەردوو لەعنەت بێ لە هەردوو! (پەند)

**پەڕەکەر** دارێکە درێژییەکەی کەمتر لە مەترێکە. لە هەردوو سەرەوە، بە داری قیت لە دەفە دەخرێت و لەو لاوەیش بە دارێکی ترەوە لکاوە. کاری هێنان و بردنی دەفەیە لە دەزگای جۆڵاییدا.

**پەرگ** بەنێکە لە خووری، کڵاش و شتی تری پێ دەچنرێت.

**پەڕگەما** ڕیزە چنینێکە بە بەنی موو بە دەوری کڵاشدا دەچنرێت. دوای ئەوەی بە درەوش کون دەکرێت.

**پەڕلۆ** بڕوانە: پاڕۆ.

**پەستە** پۆشاکێکە لە بەرگن دروست دەکرێت. لە ڕاست شانەوە، شوێنی دەست و قۆڵ لێوە دەرهێنانی هەیە. لە پشتەوە، هەتا سەر کەمەر و زۆر جاریش تا لای ڕان درێژ دەبێتەوە. لە ڕووکاری پێشەوەش ئێخەکانی نایەنەوە یەك و بەرۆك و سەر سینگ ناگرێت. بەتایبەت بۆ کۆڵکێشی وەك هێنانی کۆڵەچیلکە و دار و بەرد و بابەتی وا کە پشت بریندار دەکات، بەکاردێت.

بۆتە پەستەی کەستانێ! (ئیدیۆم)

**پەستەك** پۆشاکێکە لە مووی مەرەز دروست دەکرێت. بەشی پێشەوە و پاشەوەی دوو تەختە، هەر لایەکی چوار تەختەیە، بە چوار دەوردا شیرازەی گیراوە. درێژییەکەی تا کەمەر دێت، کۆتایی دواوەی کراوەیە.

پەستەکی ڕەش کاری سنە

یاری خۆمە و زۆر شەرمنە (فۆلکلۆر)



**پەقرەج** سەتڵێکی کانزایی قوڵی دەسکدارە، تەنەکەیەك ئاو دەگرێت.

**پەڵاس** پارچە کۆنەی ڕەشماڵە.

خواردنم خەم بۆ، بەرگم پەلاس بۆ

لە دارەی دونیا هامدەمم خاس بۆ (فۆلکلۆر)

**پەڵو** بڕوانە: پەڵوڵە.

**پەڵوڵە** حەڵوای تۆپەڵ تۆپەڵە.

**پەموزوو** بڕوانە: ئاماوزێ.

**پەنج** قوڕێکە لە: قسڵ، سپێنەی هێلکە، لۆکەکۆن، ماست و پیو دەگیرێتەوە و بۆ پینەکردنی درزی گۆزە و دیزە و گونجی ئاو بەکاردێت.

**پەنج گاوەسنە** بڕوانە: پێنج گاوەسنە.

**پەنجەرە** شوێنی ڕووناکی و هەواگۆڕکێیە لە خانوودا، جۆری کۆنی لە داری پتەو دروست کراوە، هەندێکیان شیشیان لەگەڵ تێهەڵکێش کردووە، لەمڕۆدا جۆری پلاستیك، پلێت و تەختەیشی هەیە.

**پەنجەوانە** بڕوانە: قەیناغ.

**پەیژە** ئامرازی پێدا سەرکەوتنە، دوو داری لوولەکی درێژ و چەند دارێکی کورتە، لەسەر باری پانی لە دوو دارەکە دەدرێن.

ئەوەی بە پەیژەدا سەرکەوێ، دەبێ لە خوارەوە دەست پێ بکا. (پەند)

**پەینکە** بڕوانە: نێوکەوڵ.

**پواز** بڕوانە: هۆرە.

**پوازەناو** دارێکە دەدرێتە بەر بەرداشی ئاش بە مەبەستی بڵندکردنی.

**پوت** دەفرێکی کانزاییە، بۆ پێوانەکردنی دانەوێڵە بەکاردێت و بڕی 2 قزناخ یان 17 کگم دەگرێت.

**پورگ** خورج و تێڕە، جلوبەرگی ماڵی تیێ دەکرێت.

**پووزەوانە** بڕوانە: زەنگاڵ.

**پووشوو** کرۆکی دار بەڕووی کلۆر و بە تەمەن و گەندەڵە. ڕەنگی قاوەییە، بە پڕیشکی بەردئەستێ دەسووتێنرێت.

**پۆ** ڕایەڵی بەنی سادە یان ڕەنگاوڕەنگە لە چنینی ڕایەخدا. تانی تەونەکەی بە شێوەی ئاسۆیی پیێ دەچنرێت و بە کەڵکیت دەکوترێتەوە.

**پۆتـــاری بنشە** بەشی بنەوەی (شە)یە لە دەزگای جۆلاییدا کە دوو داوی پێوە شۆڕ بوونەتەوە و شەپکەی پێوە لکاون.

**پۆپەشمین** پێخەفێکە لە بەنی یەك لۆ دەچنرێت. سێ تەختەیە، قەبارەی لە جاجم بچوکتر و تەنکترە.

**پۆزەبەن** پەت، قایش، زنجیر، کە بەشێکە لە قەڕازە و دەکەوێتە سەر پـۆزەی وڵاخ پەیوەستە بە هەردوو ئەڵقەی ئەملاوئەولای قەرازەوە.

**پیارسکە** بڕوانە: پریاسکە.

پیارسکەیم گەرەك دایە بەستەبۆ

بەریش پەی یەخسیر هۆر نەگەستەبۆ (فۆلکلۆر)

**پیازاو** بڕوانە: ئاوتام.

**پیاڵە** دەفرێکی لوولەکیی و قوڵی شووشەیە، بۆ چا خواردنەوە بەکاردێت.

پیاڵە و ژێرپیاڵە کەوچکەکەی زیوە

سلاّو لەو کەسەی تۆی بۆ من دیووە (فۆلکلۆر)

**پیرخەنی** چێشتێکی شلە، لە ئاردە ساوەر و ڕۆن و خوێ دروست دەکرێت، زۆرتر تایبەتە بە کەسانی پیر و بێ ددان.

**پیرخەنیلە** بڕوانە: پیرخەنی.

**پیرغەنی** بڕوانە: پیرخەنی.

**پیشك** بێڵچەیەکە درێژییەکەی 10 و پانییەکەی 4 سم دەبێت. دەمێکی تیژ و کوپێکی هەیە، دەسکی تێدەخرێت، بۆ هەڵکەندنی کنگر و مەبەستی تر بەکاردێت.

فەقیر بە پیشکیکیشی تێئاخنی، لێی دێتەوە دەرەوە (پەند)



**پیك** ئاسنێکی 2 تا 3 م ئەستوورە، دەمەکەی تیژە، بۆ هەڵکەندن و شکاندنی بەرد و زەوی بەکاردێت.

**پیوازاو** بڕوانە: ئاوتام، پیازاو.

**پێ** پاخوای کوتراوە لە دوای وردەکوت هەڵدەدرێتەوە سەر یەک و دەکرێت بە تارم.

**پێچاڵ 1** چاڵێکە، ئاسنگەر بە پێوە کاری تێدا دەکات.

**پێچاڵ 2** چاڵێکە، جۆلا لە کاتی جۆلاییدا پێی تێدا ڕادەکێشێت.

**پێچەک 1** دارێکە درێژی 30 سم و تیرەی 3 سم دەبێت. بۆ تەنگ و چەڵەدانی گوریس بە دەوری جەنجەڕداو قایمکردنی بەکاردێت.

**پێچەک 2** گلۆڵەی بەن یان ئاوریشمە.

**پیچەن** دارێکە، ڕیسی لەسەر هەڵدەکرێتەوە.

**پێچۆک** بڕوانە: ڕەوڕەوە.

**پێڕک** بڕوانە: تێڕ.

**پێستە1** کەوڵی خۆشەکراوی کار، بەرخ، مەڕ، بزنە، بە شێوەیەکی لوولەکی ڕێکدەخرێت و پەنیری تێدا هەڵدەگیرێت.

کونە پێستە! (ئیدیۆم)

**پێستە2** کەوڵی خۆشە نەکراوی: کار، گوێرەکە، مەڕ، بزن، بەرخ و هد... هەروەها کەوڵیش هەیە بە خووری مووەکەیەوە خۆشە دەکرێت بۆ دانیشتن و لەبەرکردن و شتی تر بەکاردێت.

**پێشاو** بڕوانە: ئاودەست.

**پێشبار** چەند سووکەبارێکە، مەڕدار و ڕەوەندی چەند ڕۆژ پێش کۆچ و ڕانانی ڕانەمەڕ بۆ کوێستان دەبرێن.

**پێشبەن** زنجیر یان پەتێکە دەخرێتە دەستی چارەوێ لە ترسی دزین.

**پێشتەرم** بڕوانە: گەرمەگۆڕ.

**پێشکۆش** پارچە قوماش یان پەڕۆیەکی تیڵماسکدارە لە شێوەی بەرهەڵبێنە، لە کاتی ئیشکردن بە مەبەستی پیس نەبوون لە کەمەر دەبەسترێت و تیڵماسکەکانی لە پشتەوە گرێ دەدرێت.

**پێشماڵ** پێشەوەی ڕەشماڵی نۆ هەسوونە، کە بە پەردەیەك لەگەڵ پشتەماڵ جیا دەکرێنەوە و دەبێتە دیوەخان.

**پێکوت** ئاسنێکی پانە، کورتاندروو لە دروون و کوتانەوەی کورتاندا بەکاری دێنێ.

**پێلیژە** بڕوانە: پەیژە.

**پێلاو** بڕوانە: کەوش.

**پێمەڕە** بڕوانە: خاکەنازی گەورە.

**پێنج گاوەسنە** گاسنێکە پێنج قۆڵی هەیە، هەر قۆڵێکی گاسنێکی پێوەیە، بە دوو ئێستر جووتی پێدەکرێت.

**پێنکە** بڕوانە: نێوکەوڵ.

**پێوەن** بڕوانە: ئەسکەڵە2

**پێوەند** زنجیرێکی ئەڵقەکراوی تێهەڵکێشە، قفڵی هەیە و بە کلیل دادەخرێت، دەخرێتە هەردوو دەستی وڵاخی بەرزەوە.

**پێوەندی کەوەیی** زنجیرێکی کورتە، ئەمسەر و ئەوسەری دوو ئاسنی چەماوەی کلیلداری پێوەیە و دەخرێتە هەردوو دەستی چارەوێ و ئێسترەوە و کلیل دەدرێت.

**پێی ئاش** دارێکـی پتـەوی لوولەکییـە، درێژییەکـەی نزیکـەی مـەتر و نیوە و 8 سم ئەستوورە، جەمسـەری خوارەوەی بە درێژی 20 سـم بـە شـێوەی چوارگۆشـە تاشـراوە و کـونێکی تێکراوە، دەخرێتە ناو ئەو شەرحەیەی کە لە خوانی ئاشدا کراوە و بە کلیلی دار قایم دەکرێت، بە هۆی داری لەوازەوە بەرداشـی سـەرەوەی ئاشـی پـێ بـەرز و نـزم دەکرێـت بـە مەبەستی ورد یان درشت هاڕینی دانەوێڵەکەیە...

زیادی پێ لێ هەڵبڕیووە! (پەند)

**تاپان** بڕوانە: تەپان2

**تارا** پارچە پەڕۆیەکی ناسکی تەنکە. دەدرێت بەسەر بووکدا و ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە.

**تازی** توورەکە خامێکی گەورەیە. نزیکەی شەش تەنەکە دۆ دەگرێت.

**تازیانە** بڕوانە: قەمچی.

**تازیە** بڕوانە: تازی.


**تاس1** بڕوانە: جام1.

**تاس 2** ئـامێرێکی مۆسـیقییە، تـاك تەپڵێکـە و لـە: چـەرم و تاسـی مس دروست دەکرێت.

**تاسحەمام** قـاپێکی مسـینی خڕەکیـی نەخشـدارە. ژنـانی شـاری لـە چـوونە گـەرماودا سـابوون و شـانە و لفکـە و گڵەسـەری دەخەنە ناو.

**تاسزرنگە** بڕوانە: تاسحەمام.

**تاسکڵاو** جۆرە خشڵێکی پڵپڵەدارە و ژنان لەسەریان کردووە



**تاسەوە** بڕوانە: چنگڵە.

**تاق** جێگەیەکی تایبەتە لە شوێنێکی دیوار دەکرێت. کەرەستە و شتی پێویست و بەردەستی تێدا دادەنرێت.

**تاڵ** هاڕڕاوەی جەوت، توێکڵی مازوو و هەنارە، کوندە و مەشکە و هەمانە و پێستی خاوی پێ خۆشە و دەباغی دەکەن.

**تان** ڕایەڵی بەن یان مووی بادراوە، بە شێوەی ئەستوونی، لە بنەوە بۆ سەرەوەی تەونەکە.

**تاوە** دەفرێکی کانزایی بازنەیی دەسکدارە، بۆ ڕۆن داغکردن و شت سوورکردنەوە و مەبەستی تر بەکاردێت.

**تاینچە** ڕەشکەی بچووکە، درێژییەکەی 2 م و نیو و بەرینایییەکەی لە نێو قەدەوە 1 م و نیو دەبێت. بۆ شوێنی لێڕ و شاخاوی و دوور مەنزڵ بەکاردێت. بە شێوەی بار دوو تای لە یەك وڵاخ دەنرێت و بە پێچەوانەی ڕەشکەی گەورەوە، قایم دەکرێت و کەس نایگرێت.

**ترخێنە** خواردنێکی کوردەواریی شلە. لە: میوەی وشککراوەی وەك: هەڵوجە، توێکڵی کاڵەك، ئاو، خوێ، نۆك، نیسك، ڕۆن و سەلکی ترخێنە ئامادە دەکرێت.

**تریشقە** ئـامێری گواسـتنەوەیە، لـە: تەختـە و دار پێکـدێت، دوو ڕەوڕەوەی داریـن یـان لاسـتیك بـە تەنیشـتەکانییەوە بەنـد کراوە. بە یەك ئەسپ ڕادەکێشرێت و جێگـەی کەسێك یـان زۆرتر دەبێتەوە، جۆر و گەورە و بچووکی هەیـە، بۆ کاری حەماڵی بەکار دێت.

**تڵیش** بڕوانە: تەڵاش.

**تەبەرزین** بڕوانە: تەوەرزین.

**تەبەك** بڕوانە: لەنگەری.

**تەبەنە** بڕوانە: دلیوان.

**تەبکە** بڕوانە: سەبەتەپەلە.

**تەتەپێچ** پێچانی دەست و لاقی شکاو بە قامیش و موشەممایە.

**تاتەشۆر** تاتەبەردێك یان دار یان تـەختێکی مێزئاسـای کانزاییـە کـە مردووی لەسەر دەشۆرێت و کفن دەکرێت.

**تەتەشۆر** بڕوانە: تاتەشۆر.

کفنەکەم ببڕن بە قەدی باڵا

لە بان تەتەشۆر تۆم لە خەیاڵە (فۆلکلۆر)

**تەتەڵە** تەختـــەدارێکی ئەســـتووری ڕێکـــە، درێژییەکـــەی 18 و پانییەکەی 12 سم دەبێت. بەمسـەر و ئەوسـەری ڕەشماڵـەوە بەند دەکرێت و بۆ مەبەستی پاراستنی لە دڕان و ئاسانکاری بۆ شل و توندکردنی گوریسـەکانی ڕەشماڵ بەکاردێـت. هـەر 180 سم تەتەڵەیەکی پێویستە.

**تەپان 1** دارێکە تەوەرەی ئاشی لەسەر دادەنرێت.

**تەپان 2** بڕوانە: گێژەنگە.

**تەپسی** بڕوانە: تەشپی.

**تەپکە** ئامرازی ڕاوکردنە، تەختەبەردێکی پانە، ژێرەکەی چاڵە، چیلکەیەك دەخرێتە ژێریی و دانەوێڵە دەکرێتە ناوی و بۆ گرتنی باڵندە بەکاردێت. یان سەبەتەیەکە دار دەخرێتە ژێری و کا و دانەوێڵە لە ژێریدا ڕۆ دەکرێت، باڵندە لە ژێریدا دەنیشنەوە، بەنی دارەکە ڕادەکێشن بۆ گرتنیان.

**تەپلە** کڵاوێکە لە کڵاوی ئاسایی گەورەترە.

**تەپڵ** ئامرازێکی مۆسیقایە، لە جامی کانزایی و چەرم دروست دەکرێت، شێوە و قەبارەی جۆراوجۆریان هەیە.

به تەپڵی هەموو کەس هەڵدەپەڕێ! (پەند)

**تەپڵە** دەفرێکی گەورە و قوڵە، لە شیاکە دروست دەکرێت، بۆ هەڵگرتنەوەی شیاکە بەکاردێت.

**تەپڵەك** سەرە دارێکە دەخرێتە سەر ئەو کۆڵەکەیەی دراوەتە ژێر نیرگە.

**تەپولە** زەڵاتەیەکە لە: وردە ساوەری خوسێنراو، پیاز، تەماتە، کەرەوز و خوێ دروست دەکرێت.

**تەختە** یەك تا سێ ڕیز بەرەجۆیە، هەر ڕیزەیشی بەگشتی 4 تا 5 بەرەجۆیە. توتن، تەماتە، باینجان، تۆوی بامێی تێدا دەچێنرێت.

**تەختەبەن** تەختی خەوە، چوارچێوەکەی چوار داری لاکێشەیین. چوار پێچکەی هەیە، ناوەکەی تەنراوە و زەل و ژاژی خراوەتە سەر و بۆ لەسەر خەوتن بەکار دێت.

**تەختەپۆش** گۆڕیچەی کاریز یان ئاوەڕۆیەکە ئەملاوئەولای بە خڕەبەرد هەڵدەچنرێت و سەرەکەی بە تاشە بەرد دادەپۆشرێت.

**تەختەدەوار** چنراوێکی یەکپارچەییە، بەگشتی پانییەکەی نزیکەی مەتر و چارەکێکە، لە ڕەشماڵی گەورەدا درێژییەکەی 22 م و نیو دەبێت لە: مووی بزن دەچنرێت و بە هەپك دەکوترێتەوە، هەر ڕەشماڵێك لە 12 تەختە پێکدێت و هەر دیوەی 6 تەختەیە.

**تەختەڕەشماڵ** بڕوانە: تەختەدەوار.

**تەختەشۆر** بڕوانە: تاتەشۆر.

**تەختەی گەرماو** تەختەیەکی چوارگۆشە یان لاکێشەییە، بۆ لەسەر دانیشتن لە گەرماودا بەکاردێت.

**تەرازوو** ئامراز و دەفری کێشانە. جۆری زۆرە، سادەکەی دوو تای هەیە، لەمسەر و لەو سەروەوە بە سێ گشتەکی بەن بەستراون بە دارێکی لوولەکییەوە. ناوەڕاستەکەی کونە، قایش یان بەنی تێهەڵکێشراوە بۆ بەرزکردنەوە و کێشانی شتومەك و کەرەستە.
تەرازوو لە کەس شەرم ناکات! (پەند)



**تەرواڵە** بڕوانە: هەرزاڵ.

**تەرکە** پارچەدارێکی بچووکی باریکە. دەهۆڵی پێ دەکوترێت.

**تەڕاش** بڕوانە: تەلاش.

**تەڕاو1** شۆربای دۆینەی تڕنگ.

**تەڕاو2** قوڕی زۆر شل.

**تەڕەزیلکە** تەڵەیەکـە، لـە بـادانی لقـی ئـەو دار و درەختانـەی شیلەدارن، ئامادە دەکرێت. هەر باڵندەیەکی کەمکێش یان بچووك بچێتە سەری، دەیگرێت.

**تەڕەماست** ئەو ماستەیە کە پاییزان لە گۆزە یان تەنەکە یان هەر شتێکی تر دەکرێت و ڕۆنی قرچاوی بەسەردا دەکرێت و بەسەریەوە دەمەیێت. لە شوێنێکی سارد دادەنرێت و زستان بە کەوچك شوێنێکی ڕۆنەکە دەشکێنن و بەپێی پێویست ماست دەردەهێنرێت.

**تەڕواڵە** سـەکۆیەکی هەرزاڵـە ئاسـایە، نـەخۆش و پەککەوتـەی لەسەر دەخەوێت.

**تەزبی** بڕوانە: تەزبیح.

**تەزبیح** ڕشـتەیەکە لـە: دنکـە قـەزوان، زەیتـوون، دار، بـەرد و پلاستیك. بۆ تەسبیحات و مەبەستی تر بەکار دێت. هێندێکیان ئیمامێك و دوو فەقێیان هەیە و دنکەکانی لە ژمارە و قەوارەدا جۆرا و جۆرن.

تۆی تەزبی دەست و تۆی هەناسەکەم

تۆی ڕوحی ڕەوان دۆسە خاسەکەم (فۆلکلۆر)


**تەژە** بڕوانە: چلە.

**تەژی** بڕوانە: تەژە.

**تەسبیح** بڕوانە: تەزبیح.

**تەشپی** دەفرێکـی هـەڵکۆڵراوی دارینـە. لـە داری بـی دروسـت دەکرێت کە لە لەنگەری بچووکترە.

**تەشوێ** ئاسـنێکی پتـەوی دەم تیـژە. 10 بـۆ 12 سـم درێـژە و دەمێکی 5 سم پان دەبێت, کونێکی بۆ دەسك تێکراوە. دەسـکێکی دارینـی پتـەوی 15 سـەنتیمی پێوەیـە و بـۆ بنکۆڵ و بژار بەکاردێت.



**تەشی** ئـامرازێکی سـادەی ڕسـتنی خـوریی و مـووە. لـە: کلکێکـی داری بـاریکی 40 سـم درێـژ و سـەلکێکی تـەخت و بازنـەیی تیرە 5 سم و چزوویەکی بچووك بە سەلکەکەوە، پێك دێت.




**تەشیهەڵکەر** دوو دارە، یەکی کونێکیان تێدایە و ئەمسەر و ئەوسەری تەشـــی پێـــدا دەکرێـــت و ڕێســـراوەکەی لەســـەر هەڵدەکرێتەوە.

**تەشێ** بڕوانە: تەشی.

**تـەقوولبابی** ئاســنێکی چوارگۆشــە یــان هــەر شــێوەیەکی تــرە،

**دەرگا** هەڵقەیەکی ئاسنی پێوەیە وەك چەکوش، بە ڕووکاری دەرەوەی دەرگاوە داکوتراوە، بۆ لێدانی دەرگا لە جیاتی زەنگ بەکار هاتووە.



**تەکلیمە** بڕوانە: لباد.

**تەکەڵتو** بنچینەی زینە، چینی سەرەوە و ژێرەوەی قایشی گلاّسییە. نێواخنەکەی، نەوگ (لباد)ە و بۆ قایمکردنی، تەروو (تەقەڵی گەورە)ی لیّ دەدرێت و بۆ بەستنی لوغمەی ئاوزەنگی، تەنگەی تەنگەهەڵکێش، بەرە، قوشقن، قەڵتاخی زین، بەنساموٚتە، قوڵفی پێوە هەڵدەواسرێت.



**تەکەنامە** بڕوانە: لباد.


**تەلەسم** بڕوانە: تەلیسم.


**تەلیسم** پارچە خشڵێکی شێوە لەبزینەییە. لاتەنیشتی کونە و ئەڵقەی پێوەیە. بە کشتەکی ئاوریشم یان زنجیر لە قۆڵی چەپ دەبەسترێت و سێ پەرەنگەی پێوە شۆڕ دەبێتەوە. ڕووی دەرەوەی نەخشدارە و ڕووی ناوەوەی کە بە قۆڵەوە نووساوە، هەندێك نیشانە و هێڵی تێکەڵ و پێکەڵی لەسەرە کە بە باوەڕی خاوەنەکەی، تەلیسمە.

**تەلاش** کوتە داری چکۆڵەی تەنك و درێژکۆڵەیە. لە کاتی شکاندن و قەڵاشتن، لە دار دەبێتەوە.

**تەڵە** ئامرازی ڕاوکردنە. لە: ئاسن، تەل و تەختە دروست دەکرێت. قەوارەی جۆراوجۆری هەیە. بۆ ڕاوی ئاژەڵی کێوی، جرج و مشکیش بەکار دێت.

ڕێوی بە فێڵ ناوەستێ مەگەر تەڵە پێی بەستێ. (پەند)





**تەمبۆ** بڕوانە: تۆپی ئاش.

**تەمتەمە** دنکە ئاسنێکی لوسە. وەك بزمار دەچەقێنرێتە نوکی قوچەکی مزراحەوە، بۆ ئەوەی لەسەری بخولێتەوە.

**تەناف 1** پەتی سێدارەیە.

**تەناف 2** پەت یان تەلی جل هەڵخستنە.

**تەناف 3** بەنی دیواری بەنایە.

**تەناف 4** پەتی لە داوخستنی وڵاخە.

**تەناف5** پەتی لە کەمەندخستنی جەنگاوەرە.

**تەندوور** ئاگردانێکی گڵێنی لوولەکییە. قەوارەی جۆراوجۆری هەیە و بۆ نانکردن بەکاردێت.

**تەنگە** قایشێکە هێندەی لەپێك پانە. سەرێکی لە لای ڕاستەوە بە تەکەڵتووەوە توووند کراوە و سەرەکەی تری هەڵقەیەکی پێوەیە درێژییەکەی بە گوێرەی تەنگەی ئەسپەکەیە و لە ژێر زگی ئەسپەکەوە لە (سینەوەن)ەکەوە هەڵدەکێشرێت، لە لای چەپەوە بە تەنگەهەڵکێشەوە دەبەسترێت.

**تەنگەهەڵکێش** قایشێکە، پانییەکەی 2 سم و درێژییەکەی 4سم دەبێت. لەلای ڕاستیەوە بەستراوە بە تەکەڵتووەوە، لە تەنگە هەڵدەکێشرێت و پێی دەبەسەترێت.

**تەنویر** بڕوانە: تەندوور.


ڕەنگم زەرد بیە، دەنگم گیریایە

دڵم چون تەنویر دەمەو نریایە (فۆلکلۆر)


**تەنوورشێو** بڕوانە: کۆڵەوەژ.

**تەور1** ئەو پەڕە ئاسنە دەم تیژانەن کە لە تۆپە لوولەکییەکانی جەنجەڕ دادەکوترێن. شێوەیان سێگۆشەییە. ئیشیان وردکرنی کرشەکەیە. پانی دەمەکانیان 10 سم و بەرزیان 30 سم دەبێت. لە دەمە تیژەکەوە، وردە وردە باریك


دەبێتــەوە بــۆ کــەمتر لــە 1 ســم. کلکــەکانیان (ســەرە باریکەکانیان) دەچەقێندرێنە تۆپەکەوە و لەو دیوەکەی تریــەوە پــەرچ دەکرێــت. چەسپکردنی ئــەو تەورانــە لــە تۆپەکــە هەریەکــەیان ڕووی لــە لایەکــەو یــەك شــێوە و ئاراستەیان نییە.



**تەور2** ئامرازی داربڕینەوەیە، دەمەکەی ئاسنە و کلکەکەی دارە.
دار ئەڵێ: تەور کلکی لەخۆم نەبێ، نامبڕێ (پەند)




**تەورداس** ئامرازێکی یەکپارچەی ئاسنە. دەمێکی تیژ و نیوەکەوانەیی هەیە، بۆ پەرچکردن و بڕینی لق و پۆپی دار بەکاردێت.



**تەوقی تۆپ** ئەو ئەڵقە ئاسنە پان و بازنەییانەن کە بە بزمار بە دەوری سەری تۆپی جەنجەڕدا قایم کراوە. پانیان دوو پەنجە دەبێت و ئیشی پاراستنی جەمسەری تۆپەکانە لە شکان و قڵیشان.

**تەون** دەزگای چنینی ڕایەخە. لە: دار، ئاسن و پەت پێك دێت.

**تەوەرزین** تەورێکی کورتی زەردی دەم پانی بچوکە. دەمەکەی لە شێوەی مانگی دوازدە شەوەدایە، سوارچاك و جەنگاوەران بە پاشوی زیندا هەڵی دەواسن.




**تەوەرە** پارچە ئاسنێکە، درێژییەکەی 30 سم و پانییەکەی نزیکەی 10 سم دەبێت. لە ناوەڕاستەوە باریك دەبێتەوە بۆ 5 سم و نزیکەی 1 سم ئەستوورە. دەخرێتە ناو ئەو شەرحەیەی کە لە دیوی ناوەوەی بەرداشی سەرەوە و لە ڕێکی کونی بەرداشەکەوە هەڵکۆڵراوە.

**تەوەق** تـەنراوێکی پـەلی بازنەییـە، لـە پـووش یـان لاسـکی گـەنم دەچنرێت و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت.

**تەویلە** ژوورێکی قوڕین و دارینە، شوێنی داکردنی کەر و وڵاخی بەرزەیە.

**تەوێڵبەند** پارچە چنراوێکی ڕازاوەیە لە چەرم یان هەر شتێکی تر و بە نێوچاوانی چارەوێ و هێسترەوە دەبەسترێت.



**تەیکە** بڕوانە: تەوەق.

**توربێن** بڕوانە: توورەکە.

**تورمە** بڕوانە: تارا.

بووکمان هاورد لە دوورەوە

بە تورمەی زەرد و سوورەوە (فۆلکلۆر)

**توڵینە** هەر چنراوێك لە توول چنرابێت.

**تووربە** بڕوانە: توورەکە.

**توورەکە** کیســـەیەکی دەم والأی تـــەنراوی قوڵفـــەدارە. ئـــالیکی تێدەکرێت و بەسەری وڵاخی یەکسمەوە دەکرێت.

**توورەکـــەی جۆ** بڕوانە: توورەکە.

**توورك** بڕوانە: توورەکە.

**تووڕ** بڕوانە: تۆڕ.

**توورزەلە** بڕوانە: دووزەلە، جووزەلە.

**توێشەبەرە** بڕوانە: خورجێن.

**توێشوودان** بڕوانە: خورجێن.

**تۆبز1** داردەستێکی پتەوی سەرخڕی قیرینە. وەك چەك بەکاردێت.

**تۆبز2** بڕوانە: کونجی ئاش.

**تۆپ1** بڕوانە: تۆپی ئاش.

**تۆپ2** ئەو بەشەیە لە جەنجەڕ کە تەورەکانی پێدا کوتراوە.

**تۆپ3** تۆپی کوتاڵە.

**تۆپ4** تۆپی یاریکردنە.

**تۆپەگایە** تۆپێکی تۆپەڵکراوە لە تووکی گا و مانگا، تیرەکەی 5 تا 6 سم دەبێت، لە کۆندا لە جیاتی تۆپ یاریی پێ کراوە.

**تۆپەی جەنجەڕ** تۆپی جەنجەڕە. هەر جەنجەڕێك دوو دانەی هەیە. دارێکی پتەوی لوولەکییە. درێژییەکەی 90 سم و تیرەکەی 25 سم دەبێت. هەر تۆپێك نزیکەی 25 دانە تەوری پێوەیە. لە هەردوو سەریەوە کونێکی بە قوڵی 10 سم هەیە پێی دەگوترێت (کلدانە) کە میلی لادانەکەی دەخرێتە ناو بە کەرە و دووگ و کارەموو دەئاخندرێت بۆ ئەوەی نەسوێت و نەخورێت.

**تـــــۆپی ئاش** دارێکی لوولەکییە. نزیکەی 40 سم ئەستوورە و 30 سم درێژە و مەترێکیش بەرزە. بە چوار دەوریدا پەڕەکانی پێوە چەسپ کراوە، ژمارەی پەڕەکانی بە گوێرەی ئەستوورییەکەیەتی، لە چەقی تۆپەکەدا بلوسکەیەك ئاسن (شەفت) هەیە کە دەچێتە ناو کونی تۆپەکەوە.



**تـــــۆپی ناڵبەند** پارچە دارێکی خڕی پتەوە. بەرزییەکەی بە ئەندازەی بستێك دەبێت. ناڵبەند سمی وڵاخی لەسەر دادەنێت و بزمارەکانی لەسەر پەرچ دەکات.

**تۆراخدان** مەشکە یان دەفرێکە و تۆراغی تێدا هەڵدەگیرێت.

**تۆڕ** تەنراوێکە لە بەنی قایم، کونەکانی بە شێوەی چوارگۆشەن و قەوارەی جۆراوجۆریان هەیە، بۆ ڕاوی ماسی یان باڵندە بەکاردێت.

**تۆق1** جۆرە ملوانکەیەکی زێڕە. لە لیرە یان سوڕەت شایی ساز دەکرێت. بە قوڵفە پێکەوە لکێنراون و جەمسەرەکانیان زنجیری پێوەیە و لە مل دەکرێت.

**تۆق2** بڕوانە: بازنەی گاسن.

**تۆقە** قژگرێکە لە دار و قایش یان نایلۆن و پلاستیک یان کانزا، قەبارە و شێوەی جۆرا و جۆری هەیە.

چەندم پێ وتی مەچۆ ئەو بانە

تریفەی تۆقەکەت دای لەو کۆڵانە! (فۆلکلۆر)

**تیان** مەنجەڵێکی گەورەی مسینە. شێوەی لوولەکییە، 16 پێ بەرز و تیرەکەی 6 بۆ 8 پێیە. زۆرتر بۆ دروستکردنی سابوون بەکاردێت.

**تیر 1** پەلەدارێکی تایبەتە، سەرێکی نووکێکی کانزای تیژی پێوە چەسپ کراوە، بۆ شکار و جەنگ بەکاردێت و بە کەوان دەهاویژرێت. جۆری جیا جیای هەیە.

**تیر 2** دارێکی گەورەیە، درێژیەکەی 3 م دەبێت و بۆ دارەڕای خانوو بەکار دێت.

**تیرەچۆ** بڕوانە: تیرۆك.

**تیرەی حوشترە** دارێکە بە گوێرەی بەرینی جەنجەڕە. هەردوو سەری داتاشراون و دەچنە هەردوو کونی حوشترۆکەوە بۆ بەستنەوەی هەردوو حوشترۆکە لە بەشی دواوەی جەنجەڕ بەکاردێت.

**تیرۆك** دارێکی باریکی لووسە. ئەمسەر و ئەوسەری لەلە کراوە. درێژییەکەی نزیکەی 80 و تیرەکەی 2 سم دەبێت. بۆ پانکردنەوەی گونکە هەویر بەکاردێت.



**تیغە** دیوارێکی باریکە لە نێوان دوو ژووردا.

**تیلك** بڕوانە: قۆچەکە.

**تێڕ** چنراوێکی دوو تای یەکپارچەیە. ڕەنگاوڕەنگ و نەخشدار یان سادەیە. لە بەن و موو دەچنرێت. دەمەکانی بۆ سەرەوەیە و لەسەر ولاخ دەنرێت و کەلوپەلی تیٚ دەکرێت. قولفی هەیە و لە یەك هەڵدەکێشرێت.

**تێلا1** دارێکی ئەستوورە. درێژییەکەی مەتر و نیوێك دەبێت. بە چوار دەوردا دەدرێتە ژێر چمکی ڕەشماڵ و بە تەنیشت چیغەوەیە.

**تێلا2** دارێکی ئەستوورە. درێژییەکەی نزیکەی مەترێك دەبێت. وەك چەکێك بەکاردێت.

تێلاتڕێنی کرد (ئیدیۆم)

**تێوەڕیخ** ئەو داوەیە کە بە ناو داوی ڕایەڵەکانی تەوندا دەهێنرێت و دەبرێت و بە کەڵکیت دەکوترێتەوە.

**جاجم** بڕوانە: مەوج.

**جاخ 1** کیسەیەکی پزوودارە، پارەی کانزایی و لیرە و زیو و وردەی تیٚ دەکرێت.

**جاخ 2** تورەکەیەکی لە بەن چنراوە، لە توورەکەی ولاخ گەورەترە، بۆ تێدا هەڵگرتنی تووتن بەکاردێت.

**جام1** دەفرێکە لە: گڵ، دار، کانزا، بەگشتی بچووکە و قەوارە و شێوەی جۆراوجۆری هەیە و بۆ خواردن و خواردنەوە بەکاردێت.


**جام2** بڕوانە: ئاوێنە.

**جامانی** کوتاڵێکە، بەڵەك و سوور و سپی و سەوزی هەیە. لە قەوارەدا جۆراوجۆرە و پیاوان بە شێوەی سادە یان ڕیشوودار و بە تەنیا یان لەگەڵ مشکیدا بەسەریانەوە دەیبەستن.

کەوا و سەڵتەی شین، مشکی و جامانی
هەمووی بەقوربان مەستی چاوانی (فۆلکلۆر)

**جامی چل کلیل** جامێکی زەرد یان کانزایی بچووکە. ناوەکەی بە ئایەتەلکورسی یان سوڕەتی ئیخلاس نەخشێنراوە. ژنانی زەیستان پاش چوونی چلەیان خۆیان و کۆرپەکەیان پیْ دەشۆن و چل جام ئاو بەم جامە بە خۆیان و کۆرپەکەیاندا دەکەن. لەلایەن دەروێشەکانیشەوە بۆ کاری خواپەرستی بەکاردەهێنرێت.

تاج دەروێشی خەرقەی عیبادەت
جام چل کلیل سەنگ و قەنایەت (فۆلکلۆر)



**جامی چلەشۆر** بڕوانە: جامی چل کلیل.

**جامی زەیستان** بڕوانە: جامی چل کلیل.

**جاو** جۆرەخامێکە، بەگشتی ڕەنگی سپییە. بۆ زۆر شت بەکاردێت، یەك لەوانە کفنی مردووە.

**جدوم** داردەستێکی تایبەتە، سەرێکی دوو لقە، جووتیار لە جیاتی مەساسە بۆ کڕاندنی کەللە و گاسنی هەوجاڕ و پاککردنەوە بەکاری دەهێنێت.

**جگ** جومگەی مالاتی وردەی وەك مەڕ و بزنە. لە کۆندا یاری (جگێن)یان پێ کردووە. یارییەکە تەنیا بۆ خۆشیی و لە بێ ئیشی بووە و بە دوو شێوە بووە:
یەك/ کۆمەڵێك جگ لەسەر یەك دادەنران و کەسێك لە دوورییەکی دیاریکراو، بە دەست جگێکی تێدەگرتن، چەند دانە جگی لێ دەرکردبان دەبوونە هی خۆی.
دوو/ لە شێوەی کەلایەندابوو. هی وا بووە جگەکانی زۆر خۆشویستووە و بۆ جوانی لە خەنەی گرتوون...

**جگەرە هەڵپێچ** بڕوانە: پاڵپێچ.

**جل** بڕوانە: کورتان.

**جلە تانجی** پۆشراوێکە لە لباد و شتی تر دروست کراوە. ژێر سك و بەرەك و پاڵدوی هەیە.

**جلەگا** جۆرە پۆشاکێکە. لە: لباد یان پەلاس و شتی تر دروست دەکرێت. لە زستاناندا و بەمەبەستی گەرم بوونەوەی دەدرێت بە پشتی (گا)
وەها کەفتم، وە جلەگا خەفتم. (پەند)

**جەرسە** بڕوانە: جەلسە.

**جەریە** ئامرازێکی مەنگەنەئاسایە، بۆ زیندروون بەکاردێت.

**جەڕە** گڵێنەیەکی مل باریکی بن تەسکە، لە شەربە گەورەترە، قەوارەی جۆراوجۆریان هەیە، لەملا و لەولاوە دوو قوڵفی هەیە.

گۆزەی دانا جەڕەی پڕکرد
بە بای شەماڵ مەمکی خڕکرد
چاوی گێڕا ئەمنی بڕکرد (فۆلکلۆر)

**جەزوە** بڕوانە: گومگومە2.

**جەلسە** کوتاڵێکی ژنانەی گوڵداری جۆراوجۆری لووسە.

جەلسەی کاری تارانێ
تەڕ نابی بە بارانێ
با کەوشەکەت پیس نەبێ
پێت لەسەر چاوم دانێ (فۆلکلۆر)

**جەلەداو** پەتێك یان گوریسێکی درێژە، سەرێکی بە قوڵفە دەکرێت بە داو و قاپێك جۆ یان خوێی لە نزیکەوە دادەنرێت، سەرەکەی تریشی بە دەست کەسێکەوەیە و بۆ گرتنی وڵاخی سرك یان چەمووش بەکاردێت. بەوەی کە وڵاخەکە لە قاپە جۆیەکە نزیك دەبێتەوە و لاقی دەکەوێتە ناو داوەکەوە و پێوە دەبێت.

**جەمانە** بڕوانە: جامانی.

**جەمانی** بڕوانە: جامانی.


مشکی و جەمانی، تۆ پێچاتەوە
کزەی جەرگەکەم، تۆ کێشاتەوە (فۆلکلۆر)

**جەمەدانە** بڕوانە: جامانی.

**جەمەدانی** بڕوانە: جامانی.

**جەنجەڕ** ئامرازی گێرەکرنە. لە: دار و ئاسن و بزماری گوڵمیخ ساز دەکرێت و بە دوو وڵاخ ڕادەکێشرێت. لە قەبارەدا، دوو جۆری هەیە، گەورە: کە ئێستر و وڵاخەبەرزە و بچووك: کە گوێدرێژ ڕایدەکێشێت. لە شێوەی سندوقێکی چوارگۆشەدایە. بەرزییەکەی 90سم و پانییەکەی (لە ڕاستەوە بۆ چەپ) نزیکەی مەترێك و قوڵییەکەی (لە دواوە بۆ پێشەوە) نزیکەی 120 سم دەبێت. سەرەکەی بە تەختە داپۆشراوە، تەنیشتەکانی بە تەختە قایم کراون. لە بنەوە دوو ڕیز پەڕەی ئاسنی پێوەیە.

جەنجەڕ لەم پارچانە پێکهاتووە: بەستەکی جەنجەڕ، پردۆکەی جەنجەڕ، پردی دانیشتن، تۆپەی جەنجەڕ دوو دانە، تەور، مژانە، ئەڵقەی مژانە، قولاپی جەنجەڕ، دەفە، سیرۆکە، شیرۆکە، تیرەی حوشترە، پێچەك، چان، شونکی حوشترۆکە، کلدان، کلچێوك، دەلاقەی حوشترۆکە.



**جەهری** بڕوانە: برینگ.

**جەو** بڕوانە: برینگ.

**جەواڵ** چنراوێکی یەکتایە، لە بەن و مووی قەویان دەچنرێت، کەرەسە و دانەوێڵەی تێدەکرێت، جاری واش هەیە لە مەوج ساز دەکرێت.

ئەوەی لە مشك بێت جەواڵ ئەدڕیٚ! (پەند)

**جـــــەوبڕ** بڕوانە: برینگ.

**قەلەخ**

**جەوەنە** بڕوانە: دێمکە.

**جەوەندە** بڕوانە: دێمکە.

**جەوێر** بڕوانە: برینگ.

**جوڕنە** دەفرێکـی بچـووکی لـە بـەرد و چـیمەنتۆ دروسـتکراوە، لـە گەرماوە گشتییەکاندا ئاوی بۆ خۆشتن تیٚ دەکرێت.

**جـــــووت عابا** دووعابایـە. یەکـەمیان: لـە ژێـرەوە هـەتا سەرشـان هـاتووە و قـۆڵی تێهەڵکێشــراوە، دووەمیــان: لــە قومــاش و ســوورمە دروست کراوە و دراوە بەسەر عابای یەکەمدا.

**جووزەلە** بڕوانە: دووزەلە.

**جۆتکەداو** بڕوانە: تاینچە.

**جۆڕك** بڕوانە: چۆڕگ.

**جۆگـــەی ئاش** جۆگەئاوێکــە لــە بەرزاییەکــەوە بــە توونــدی دادەبەزێتــە کــونجی ئــاش و لەوێشــەوە بــۆ ســووڕاندنی بــەرداش لــە پەڕەکانی ئاش دەدات.

**چاتوڵ1** دەوارێکی چەند تەختەی هاوینەیی بێ چیخە.

**چاتوڵ2** بڕوانە: داهۆڵ.

**چارشێو** پارچە قوماشێکی بەرینە، ژنانی شاری بە خۆیانـدا دەدەن و دوو جۆری هەیە: یەکەم: سادەیە و بە خۆدا دەدرێت و ئـەوی تـر: لـە نێوقـەددا کەمـەری هەیـە و لـە پشـتێن تونـد دەکرێت.

**چارشێو** بڕوانە: کۆڵوانە.

**چارە** بڕوانە: برینگ.

**چارۆکە** پارچە قوماشێکی لاکێشەییە، بە گشتی ڕەشە، ژنان بەسەر سەریاندا دەدەن، سادە و نەخشداری هەیە.

چارۆکێ و چارۆکێ، هات بە تاوێ چارۆکێ

یار قەولی پێداوم بچینە دەسکەنەی نۆکێ (فۆلکلۆر)

**چارۆگە** بڕوانە: چارۆکە.

**چاری** بڕوانە: برینگ.

**چاکڵە** دارێکی دوو فاقە. لقێکی درێژترە و سەرەکەی گەورەتر و لەلە کراوە. بۆ هەڵواسین و بەستن و قایمکردنی بار و ڕایەڵ و بادانی بە بەن بەکار دێت.

**چاڵاو1** چاڵێکی قوڵی چوارگۆشەی نەفەسبڕی سەرداپۆشراوە. دارەڕای بنمیچەکەی لە ناوەوە بە دووری 4 سم لە یەکتریی و بە شێوەی ئاسۆیی بزماریان پێدا کوتراوە و بۆ پێدا هەڵواسینی ڕستە تووتنی وشك بەکاردێت. لە گۆشەیەکەوە زارێکی بچووکی بۆ دەرو ژوور کردن هەیە کە لە کاتی تووتن تێکردندا بە مەستی خاوبوونەوە و داگرتنیان و کردنیان بە فەردە قەپات دەکرێت.

**چاڵاو2** بڕوانە: بیر.

**چاڵاو3** شوێنی نزمایی کە ئاوی باراناوی تێدا کۆ دەبێتەوە.

**چـــاڵە بەفر** شوێنی گلدانەوەی بەفرە لە کوێستان و هەڵگرتنی بۆ هاوین.

**چـــــاڵە خەڵووز** چاڵێکە، پڕ دەکرێت لە دار و دادەپۆشرێت، لە سەر و خواریەوە دوو زارکی بچووك بۆ ئاگر تێبەردان دەهێڵرێتەوە. دوای ئاگر گرتنی دارەکان، دادەخرێت و زارەکەی تری بۆ ماوەی ڕۆژێك بە کراوەیی دەهێڵرێتەوە تا تەواو دارەکان ئاگر دەگرن و دەبن بە خەڵووز.

**چـــــاڵە ڕەژوو** بڕوانە: چاڵە خەڵووز.

**چاڵە ڕەژی** بڕوانە: چاڵە خەڵووز.

**چـــــاڵە زوخاڵ** بڕوانە: چاڵە خەڵووز.

**چاڵەوێنك** دەفرێکی گڵینەی دەم کراوە، یان چاڵێکی بچووکە، ئاوی بۆ سەگ، تانجی، پشیلە، مریشك و جووجەڵە بۆ خواردنەوە تێدەکرێت.

کاسەکەلە لە ماڵ گەلە

قابیل چاڵەوێن مامرگەلە (فۆلکلۆر)

**چاڵك** بڕوانە: سندۆڵ.

**چاڵوێنك** بڕوانە: چاڵەوێنك.

**چان** لە دار و دڕکی کونار و مارەگیرە دروست دەکرێت و بە دواوەی جەنجەڕ و وڵاخەوە دەبەسترێت بۆ کوتان و سافکردنی کرچەو پاخوا.

**چانچانۆکە** چانێکی بچووکە، لە داری بچووك و دڕك و بڕی کونار و مارەگیرە دروست دەکرێت و دەخرێتە دوای جەنجەڕەوە بۆ سافکردنی شوێنی تەورەکان و نەهێشتنی بەرزو نزمی.

**چاو** بڕوانە: هەڵکشەوداکشەی لامپا.

**چاوەزار** ئایەت، مووروی شین، کوژەکە، ناڵ، شاخی ئاژەڵی کێوی، ژاڵە، ئەسپەنەکەیە بە دەرگای حەوشە و شوێنی ترەوە بۆ سەلامەتی هەڵدەواسرێت.
مشکیەکەی سەرت تاڵ تاڵی خاوە
لەبەر چاوەزار بۆم بانەدراوە (فۆلکلۆر)



**چاوی ماری** کوتاڵێکی ژنانەیە، تەنك و ڕوون و کونکونە، ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە.

**چرا** ئامرازی ڕووناککەرەوەیە، لە کاسەی نەوت و هەڵکێش و داکێش و بلوور و تەلی دەوری بلوور پێکهاتووە. دەستگێڕە و گەورەو بچوکی هەیە.



**چراموش** بڕوانە: قەندیلە.

**چرت** ئامرازێکی شێوه کۆنی ژماردنه، له چوارچێوەیەکی دارین و چەند دانه تێل یان داری باریك و موورووی ڕەنگاوڕەنگ پێك دێت.

**چرپا** بڕوانه: تەختەبەن.

**چز** قولاپێکی بچووکه، بەسەر سەرەتەشییەوه دادەکوترێت و بۆ ڕستنی خوری بەکاردێت.

**چلچرا** چرایەکی چەند لقه، له مزگەوت و شوێنه پیرۆزەکاندا به بنمیچی ماڵدا هەڵدەواسرێت.

**چلچنگ1** پارچه ئاسنێکی ددانەدار و پەلپەله، دەبەسترێته تەڵەوە، کاتێك نێچیر پێوه دەبێت کە ویستی ڕایکێشێت ددانەکانی له زەوی گیر دەبێت و بۆی ڕاناکێشرێت.

**چلچنگ2** بڕوانه: شانەی دار.

**چلاك** بڕوانه: چەلاك.

**چڵه** دارێکی سەر دوو فاقی 1م دەبێت. هێندەی مەچەکێك ئەستووره و بۆ چەرداخ و کەپری بچووك و داگرتنی ڕەشکەی کا بەکاردێت.


**چمچم** پێڵاوێکه له پێستی خاوی ڕەشەوڵاخ دروست دەکرێت.

**چمچمه** بڕوانه: چمچم.

**چنگاڵ** کولێرەی گەرمی پارچه پارچه کراوه، کەرەی خۆماڵیی بەسەردا دەکرێت بۆ خواردن.

**چنگڵه** چنراوێکی گەورەیه و له شوڵ دەچنرێت. بەرخ و کارژێله و گوێرەکەی ساوای تێدا دەپارێزرێت.

**چەپەچاغ** تیغێکە لە ئاسنی جۆشدراو، دەمەکەی پان و تیژە، کلکێکی لە خۆی هەیە، بۆ قیمەکردن و وردکردنی گۆشت بەکاردێت.



**چەپەر** تەنراوێکی بچووك و سادەیە لە تولّ، چوارچێوەکەی لە داری نەختێك ئەستوورە کە هێندەی کلکە بێلێك دەبێت، زیاتر بۆ دەرگای حەوشی مەڕ یان حەساری مالاّن لە کۆندا بەکارهاتووە.

چەپەرەشڕە، چ پێوە بێ و چ لێوە بێ! (پەند)

**چەرخ1** ئامرازێکە لە پارچە ئاسن و دار، بە پێ دەسووڕێت، لە لووس و پووسکردن و ئامادەکردنی گۆزەدا بەکاردێت.

**چەرخ2** ئامرازی ئاگرکردنەوەیە لە کانزا. بە لۆکەی نەوتاوی و ساچمە و (بەردی چەرخ) کار دەکات.

**چەرخ3** ئامرازی ئاوپێهەڵکێشانە لە بیر و لە داردروست دەکرێت.

**چەرخ4** ئامرازی چەقۆتیژکردنە، بە دەست دەخولێنرێتەوە.



**چەرخەمحە** بڕوانە: دۆلکە 3.

**چەرخوفەلەك1** ئـامرازێکی دارینـی کـۆنی یـاری منداڵانـە. کۆمـەڵێك کورسین بە دەزگایەکی شێوە بازنەییەوە هەڵدەواسرێن، بە دەست کاری پێدەکرێت و هەڵدەسوڕێنرێت.

**چەرخوفەلەك2** ڕەوڕەوەیەکی دارینە، پەتێکی درێژ و دۆلکەیەکی پێوە بەسـتراوە و لەسـەر بـیری ئـاو قـایم دەکرێـت و بـۆ ئاوهەڵکێشان بەکاردێت.

**چەرخوفەلەك3** ئـامرازێکی ئەفسـانەییە بـۆ گواسـتنەوە، لـە چـیرۆکە ئەفسانەییەکانی کوردیدا هاتووە.

**چەرداخ1** ژوورێك یان شوێنێکە لە خشت یان بەرد و قوڕ و دار یـان قـامیش و بەلـەگ و زەل، لەسـەر کێڵگـە و بێسـتان دروست دەکرێت، بۆ حەسانەوە و کاری کێڵگە.

**چەرداخ2** چادر و تەختەی ڕێکخراو و هەڵدراو، بۆ پاراستنی بەر دوکـان و دەرگـا و پەنجـەرە لـە تیشـك و گـەرمی خـۆر بەکاردێت.

**چەرە** بڕوانە: چەرەخۆرە

**چەرەخۆرە** دارێکـی هـەڵکۆڵراوە، نزیکـەی نیومـەتر درێـژە، لـە سـەرەوە بـە کـونی بنـەوەی دۆڵیـانی ئاشـەوە و لـە ژێـرەوەیش بـە کەویـژەوە پەیوەسـتکراوە، دانەوێڵـەی پێدا دەڕژێتە ناو کەویژەوە.

**چەقەنە** دوو دارە لە شێوەی سەلیبدا، داری یەکەم: لوولـەکی و نیـو ئیـنج ئەسـتوور و نیـو مـەتر درێـژە، سـەرێکی کـەمێك لەلـە کـراوە دەکەوێتـە سـەر لێـواری چـەپی کەویـژە کـە بـۆی

هەڵکۆڵراوە، سەرەکەی تری لە دیواری گچکەی تەنیشتی چەپی بەرداشەکە قایم کراوە، ناوەڕاستەکەیشی بۆ لێبەستنی داری دووەم هەڵکۆڵراوە. پارچە داری دووەم: پانی و ئەستوورییەکەی 5 سم و نیو درێژە. سەرێکی کراوە بە ناوەڕاستی پارچە داری یەکەمەوە قایم کراوە و سەرەکەی تریشی دەکەوێتە سەر بەرداشی سەرەوە. بە هۆی سووڕانەوەی بەرداشەکەوە چەقەنەکە دەجووڵێت و ئەویش کەویژەکە دەلەرزێنێت و بەهۆیەوە ناهێڵێت دانەوێڵەی تێدا کۆ بێتەوە و بەڕێی دەکاتە کونی بەرداشەکەوە.

خوا ئەگەر غەزەبی لە یەکێك گرت، ئەیکا بە چەقەنەی ئاش! (پەند)


**چەك** بڕوانە: مشتەی هەلاج.

**چەکە** بڕوانە: مشتەی هەلاج.


**چەکمە** جۆرە پێڵاوێکە لە قایش یان چەرم، تا ئەژنۆ دەگرێتەوە.

ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چکمە بۆر (پەند)

**چەکوش** ئامرازی بزمار و میخ داکوتان و هەڵقەندنە. شێوە و قەبارەی جیاوازی هەیە، سەرەکەی ئاسن و کلکەکەی دارە یان هەردووکیان ئاسنن.



**چەکوچـــی بیراز** ئـامرازی بیرازکردنـەوەی ڕووی نـاوەوەی بەرداشـی ئاشە، کللەکەی هەمان چەکوشی ئاساییە و نووکێکی ئاسنی پێوە چەسپ کراوە، دەسکێکی دارینی بۆ دەست پێگرتن هەیە.



**چەڵاک** دارێکە درێژییەکەی هێندەی داردەستێکە. لە سەرەوە دارێکی کەوانەیی بە بزمار و سیرمە پێوە چەسپ دەکرێت. بۆ چنین و داگرتنی لقی داری میوە و زۆرتر بۆ مازووچنیین بەکاردێت.
لە درێژیان دەڵێی چەڵاکی جندانە! (ئیدیۆم)



**چەڵەمە** بئەڵقەی دارینی ملی گاو گاگێڕە.

**چەماخووڕ** بڕوانە: کۆڵ 2.

**چەمەرە** دارێکی چەماوەی نیوە بازنەیە، بەهۆی وێژەوە لە دارنیر دەبەسترێت و مژانی تێدەکرێت بەهۆی گاینجە بەند دەکرێت.

**چەمچە 1** بڕوانە: کەوچك.

قەومی ژەن چەمچە بژەن، قەومی ڕیش دوور بنیش! (پەند)

**چەمچە 2** ئامرازێکی کانزاییی بواری بیناسازییە. بۆ تۆپەڵکرن یان تەختکردن و پانکردنەوەی چیمەنتۆ بەکاردێت.

**چەمیلە** بڕوانە: چەڵەمە.

**چەن** بڕوانە: دەرزی.

**چەورە** جۆرە دەستەسڕێکی سوورە، پیاوان و گەنجانی لادێ بۆ جوانی دەیخەنە باخەڵیان و چمکێکیشی لێ دەردەخەن.

**چەورەسان** بڕێکی کەم کەرەیە، دەکرێتە ناو شووشە یان کەڵەشاخ بۆ ساودان و تیژکردنی داس بە هەسان بەکاردێت.

**چوارپایە** بڕوانە: تەختەبەن.

**چوارپینە** پینەی سەر پەنجە و پاژنەی پێڵاوە.

**چوارداخ** دوو ڕیز تەژە یان زۆرترە. هەر ڕیزێك 3 تەژەیە، دارچوارداخیان لەسەر بەند دەکرێت، ڕستە تووتنی تەڕیان پێدا دەکرێت بە مەبەستی وشك بوونەوەیان.

**چوخم** ڕاڕەوێکە دوو کوڵان پێکەوە دەبەستێتەوە، سەرەکەیشی ژوورە.

**چوخمە** بڕوانە: چوخم.

**چوێو** بڕوانە: گۆچان.

**چۆڕگ** مەرکانەیەکی بن کونکونە، قسڵ و قڵیان دەکردە ناو و ئینجا ئاویان تێ دەکرێت. لە کونەکانیەوە تیژاو دەچۆڕا، لە دروستکردنی سابووندا بەکاردێت.

**چۆگان** بڕوانە: گۆچان.

**چۆل** بڕوانە: چەڵاك.

**چۆلەپیچەن** دارێکی درێژە و هێندەی کلکەبێڵێك ئەستوورە. پەتێك دەخرێتە ناوەڕاستەکەیی و سەرەکەی تریشی بە چەپەری گەوڕی ئاژەڵەوە بەستراوە و با دەدرێت تا توند دەبێت بۆئەوەی دەرگاکە نەکرێتەوە.

**چۆلاك** بڕوانە: چەلاك.

**چۆلاوە** بڕوانە: چەلاك.

**چۆڵەپێچێن** بڕوانە: چۆڵەچەپێن.

**چۆڵەچەپێن** دوو داری ڕاست و چەپە، دەرگای گەوڕ یان تەویلە یان ئاغەڵی پێ قایم دەکرێت.

**چیخۆلکە** چیغێکی چکۆلەیە، لە تەرکە و بەنی موو دەچنرێت، لە کوندەڵاندا لە ژێر کوندە ڕادەخرێت.

**چیغ** تەنراوێکی لاکێشەییە، لە قامیشی باریك یان پیکە و بەن دروست دەکرێت، پانییەکەی مەتر و نیوێك و درێژییەکەی بە گوێرەی پێویستە، بۆ گرتنەوەی حەوش و حەسار و دەوری ڕەشماڵ بەکاردێت.

بەهاران خۆشە نم نمەی باران

تەماشای سەرچیغ گۆشەی دەواران (فۆلکلۆر)

**چـــــــيغى هەلاجى** چنراوێكە لە قاميش و بەن. شێوەی لاكێشەييە و هەلاج دەستكردەكانی لەسەر دروست دەكات.

**چيكەنە** بڕوانە: خەڕەك.

زاری دەڵێی چيكەنەيە، ڕاناوەستیّ! (پەند)


**چيل** بڕوانە: وشكەكەڵەك.

**چينی** بڕوانە: كاسە.

**چێرگ** بڕوانە: برينگ.

**حگال** دوعای چاوەزاری لە چەرمگيراوە، دەكرێتە ملی وڵاخ، بەنەكەی بە زەنگيانە ڕازێنراوەتەوە.

**حەتحەتۆكە** تورەكەيەكی بچووكی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە مێخەك يان گوڵی بۆنخۆشە، ملوانكەی لیّ دروست دەكرێت و دەكرێتە مل و بۆنی خۆشە.




**حلە** سەبەتەيەكی بازنەيی گەورەيە بە بەلەگ دەچنرێت. گەنم و جۆی تێدەكرێت. بەشی سەرەوەی بە نەيجە دەگيرێت و كا يان پووشی تیّ دەكرێت و سواغ دەدرێت.

**حولە** بڕوانە: حلە.

**حەسير** تەنراوێكی لاكێشەييە، لە: زەل و بەن دروست دەكرێت. پانييەكەی مەترێك و درێژيەكەی بەپێی پێويستە.، بۆ ڕاخستن لە ژێر ڕايەخ بەكاردێت.

چوومە ماڵی دۆستی فەقیر
بۆی ڕاخستم پارچێك حەسیر
بە ماچێكی بووم بە وەزیر (فۆلكلۆر)



**حـــــــەڵوای** شیرنەمەنییەكە لە: خورما و ئارد و ڕۆن دروست دەكرێت.

**خورما** ئەڵێی حەلوا ئەخوا! (ئیدیۆم)

**حـــــــەڵوای شەكر** شـیرەمەنییەكە لــە ئـاردی سـوورەوەكراو لــە ڕۆنـدا و شـەكراوی بەسـەردا دەكرێـت و تێكـدەدرێت تـا خەسـت دەبێتەوە.

حەڵواخۆری سەر زیارەتە. (پەند)

**حەمایەڵ** دوعایەكە، لە قایش یان چەرمێكەوە پێچراوە و دوراوە. قایشێكی بۆ لە ملكردن پێوەیە.


**حـــــــەوت ئاسنە** ئەڵقەیەكە لە حەوت جۆر كانزا پێكهاتووە. بە مەبەستی دووگیانبوون دەكرێتە پێی ژن.

**حەوجۆش** جۆرە مەسینەیەكە لە كانزایەكی ڕەق و قایم پێكهاتووە و بۆ ئاو گەرمكردن بەكاردێت.

**حوشترە** بڕوانە: حوشترۆكە.

**حوشترۆکە** پارچەیەکە لە جەنجەڕ. دوو تەختەداری پتەون لە شێوەی ملی حوشتردان، لە تەختەی پتەو و بزماری گوڵمێخ دروست کراون. لە ناوەڕاستدا، دوو دەلاقەیان تێدایە لە بەشی ناوەوە دوو ملچێوکی ئاسنی پێوە بەندە و دەچنە ناو کلدانەی تۆپەکانەوە. بەشی پێشەوەی بە دارئەقرەبە توند کراوە و بەشی دواوەیشی بە تیرەی حوشترەوە قایم کراوە.

**حێل و مێخەك** ملوانکەیە. لە: مێخەك و مووروی گرانبەها دروست دەکرێت و بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە.



**خاشە** بەشێکە لە زین. پارچە چەرمێکە لە دواوە تا کەڵپۆس دەدرێت بەسەر قەڵتاخدا و بە بزمار داکوتراوە.

**خاکەنازی گەورە** ئامرازێکی کانزایی پەلە. شێوەی لاکێشەییە، دەمەکەی مەیلە و کووڕە و بەشی دواوەی ڕاست و شوێنی (کوپی) کلکەداری هەیە، دارێکی بە درێژی 120 سم تێدەخرێت و بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ و قوەڕکاری بەکاردێت و قەوارەی جۆراوجۆری هەیە.

**خاکەنازی بچووک** ئامرازێکی کانزاییە، شێوەی لاکێشەییە، دەمەکەی مەیلە و کووڕە و بەشی دواوەی ڕاست و شوێندەستی لەخۆی هەیە و بۆ خۆڵ و خاشاك بەکاردێت.



**خرێنە** کشتەکەبەنێکە لە: موو یان خوری و موو، بۆ دەمبەستنی جەواڵ و شتی تر بکاردێت.

**خڕخاڵ** جۆرە بازنێکە. نەخشی جۆراوجۆری لەسەرە و دەکرێتە قۆڵ.
خڕخاڵ و بازن، گۆ و دڵەکە
گشتی لە سینەی ئەو کچە کەڵەکە (فۆلکلۆر)

**خلۆرتە** باڵینەیەکە، دەکرێتە ژێر کورتان بۆ ئەوەی بار نەنیشێتە سەر پشت و شان و کەفەڵی وڵاخی بارەبەر و ئازار نەدات.

**خلێنە** ئامرازێکی دارینی شێوە تەشیە، بۆ ماستاو بەکاردێت.

**خەپە1** بڕوانە: هەپە.

**خەپە2** بڕوانە: دەفە2.

**خەرار** بڕوانە: جەواڵ.

**خەرتا** جۆرێکە لە شەڵتە و وەك ڕەشكەی كاكێشان گەورەیە.

**خەردار** دوو داری ئەستوورن، پردەڵەی ژێر ئاشیان لەسەر ڕایەڵ دەكرێت و بەرداشیان لەسەر دادەنرێت.

**خەركەمان** بڕوانە: خەركەوان.

**خەركەوان** بڕوانە: ئامێری خەڕاتی.

**خەرەنگ** دارێكی چكۆلەیە و هەردوو سەرەكەی تاشراوە. دەكرێتە هەردوو كونی لاقی برینگەوە و ناوەڕاستەكەی لە هەردوو سەرەكەی بەرزترە.

**خەڕەك1** چەرخێكی دارینی پەروانەدارە. بە دەست بادەدرێت و بۆ ڕستنی خووری و لۆكە بەكاردێت.

خەڕەكرێسەیە! (پەند)

**خەڕەك2** چەرخێكی دارینە، بۆ لێكجیاكردنەوەی دەنك و پەمۆ بەكاردێت.

**خەزێم** بڕوانە: لوتەوانە.

**خەڵوز** داری نیوەسووتەیە و دوای ئەوەی ئاگرەكەی لێ خامۆش دەكرێت، بۆ دووبارە بەكارهێنانەوە و گەشانەوەی وەك سووتەمەنی هەڵدەگیرێت و بەكاردەهێنرێت.

**خەڵوەتە** كوپێكی بچووك و قوڵ و بەرزە. لە گڵی سوورەوەكراو دروست دەكرێت و بۆ ئاوی خواردنەوە بەكاردێت.

**خەڵێف** تـەنراوێکی قوچـەکی لوولەکییـە. زۆرتـر لـە شـوڵی بـی دروسـت دەکرێـت و بـۆ تێـدا بـەخێوکردنی مێشـهەنگ بـەکار دێـت. درێژییەکـەی مـەترێك دەبێـت. لای پێشـەوەی باریـك و تەسـکە و کـونێکی بچـووکی بـۆ دەروژوورکردنـی مێشـەکان تێـدا دەهێڵدرێتەوە. بەشی دواوەی بە تیرەی 30 بۆ 40 سم ئاوەڵایە.

**خەنجـەر** جۆرێك چـەکی سپیە. لـە کـانزای تایبـەت دروست دەکرێت.
1
شـێوەیەکی نیـوە هیلالـی هەیـە و لـە نووکـەوە تیـژە و تـا لای مشـتوو پـان دەبێتـەوە. ناوەڕاسـتەکەی، دەمـاردارە. بـە بـاری پانییدا، سەرەوە و خوارەوەی تیژن. مشتوویەکی داریـن یـان کانزا یان شاخی هەیە.

هەڵکێشە خەنجەر بیدە لە جەرگم
ئەمشەو بخوێنە یاسینی مەرگم (فۆلکلۆر)

**خەنجـەر** کێلی ناوەڕاستی گۆڕی پیاوە.
2

**خەنە** هاڕاوەیـەکی بـواری جوانکارییـە. پـاش گرتنـەوەی و بەمەبەستی جوانیی و نەمانی ئازاری سەرئێشە، ژنان دەست و پێ و سەریانی تێدەگرن.

**خوانە** بڕوانە: پنە.

**خوانکە** بڕوانە: خوانی ئاش.

**خــوانی ئاش** دارێکه 2 مەتر درێژ و 20 سم پانە و لە خەندەکی ژێر ئاشەکە بــە شــێوەی ئاســۆیی دادەمــەزرێت. لــە ناوەڕاســتدا، کــونێکی تێدایــە بــۆ شــوێنی (مۆرەســەن). ســەری لای چــەپی دارەکــەش کــونێکی 10 ســم تــێ دەکرێــت بــۆ (پــێ)ی ئاشــەکە و بەهۆیــەوە بەرداشی سەرەوەی پێ بەرز و نزم دەکرێت و بە مەبەستی ورد یان زبر هاڕینی دانەوێڵەکە بەکاردێت.

**خورجێن** تـوورەکەیەکـە لـە بـەن و مـوو، پـانییەکـەی 40 و درێـژیـەکـەی 60 سم دەبێـت. دەمەکـەی والآیـە، لایـەکی زیـادەیـەکی هەیـە دەدرێتـەوە بەسـەر دەمەکەیـدا. قـوڵفی هەیـە دەکرێتـە شـان، نــان و پێخــۆر و شــەکر و چــای تێــدەکرێت بــۆ کــەژەوان و ڕێبواران.



**خورما بە ڕۆن** بڕوانە: خورما و ڕۆن.

**خورمـا و ڕۆن** خورمــای نــەرم لەگــەڵ ڕۆن و هێنــدێك جــار هێلکــە یــان ئاردیشــی لەگــەڵ تێکــەڵ دەکرێــت و لەســەر ئــاگر ســوور دەکرێتەوە وەك خواردن بەکاردێت.

**خولخووله** کەرەستەیەکە لە ئاش. بە ڕووکاری پێشەوەی دۆڵیانی ئاشەوە چەسپکراوە، بەنی دەمی کەویژەی پێوە بەستراوە، لە بەرز و نزمکردنی دەمی کەویژەدا شلە و توندەی پێدەکرێت، کە مەبەست بوو دانەوێڵەکە ورد بهاڕدرێت بەنەکە توند دەکرێت و دەمی کەویژە بەرز دەبێت، کە مەبەستیش بوو درشت بهاڕدرێت بەنەکە شل دەکرێت و دەمی کەویژە شۆڕتر دەبێتەوە.

**خوێدان** توورەکەیەکە لە بەنی ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرێت. قەراغەکانی، بە گوڵەنگی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازێتەوە. ملێکی هەیە بۆ خوێ تێکردن و دەرکردن و دەچەمێتەوە بەسەر خۆیدا. کشتەکی بەنی بۆ هەڵگرتن و لە شانکردن پێوە دوراوە.



**خۆردە** پێوانە (عەیارە)یەکی بچووکی نوکتیژی کانزایە، لە چەکی کۆنی ئاگرداری وەك ساچمەزەندا کە بە باڕووت دادەگیرانەوە، باڕووتی پێ دەکرایە تفەنگەوە.


**دارئەقرەبە** بڕوانە: دار کولاژدەمە.

**دار بەبیر** دارێکی کورتە، بە باری ئاسۆیدا بە لێواری بیری ئاوەوە چەسپ دەکرێت. لە کاتی دەرکردنی دۆلکەی ئاودا، پێی لەسەر توند دەکرێت.

**داربەست** چەند دارێکی پێکەوە لێکبەستراوی شێوە کەپرە، سەری لق و تولّی دارمێوی دەخرێتە سەر و وەستای دیواریش لە کاتی بەنناییدا بەکاری دەهێنێت.

**داربەستەك** دارێکی لوولەکییە و لە داری بەڕووە. درێژییەکەی 30 سم و ئەستوورییەکەی هێندەی تیرۆکێك دەبێت.. لە دواوەی جەنجەڕ لە دوو لۆی بەستەکەکە (گوریسەکە)وە هەڵدەکێشرێت و چەند جارێك پێچەکی دەدات بۆ ئەوەی توندی بکات.

**داربەنەخوێن** چیلکەدارێکی ڕێك و لووس کراوە. ئەستوورییەکەی هێندەی پەنجەیەك و 10 سم درێژە، سەرێکی نەختێك تیژ و سەرەکەی تری کونە و پەتێکی کورتی وەك قوڵفە تێکراوە، بۆ تێهەڵکێشانی بەنەخوێن لە پزووی شەڕواڵ و دەرپێ بەکاردێت.



**داربێڕە** دوو پارچە داری ئەستوور و پتەوە؟ جەمسەرێکیان دوو لق و جەمسەرەکەی تریان یەك لقە. سەری یەکێك لە لقەکان کون کراوە و جەمسەری لقەکەی تریانی خراوەتە ناو.



**دارتەپان** دارێکی ئەستورە، تەختەکانی دەرگای پێوە بەند دەکرێت. جەمسەری خوارەوەی لە ناو گێژەنگەدایە و جەمسەری سەرەوەی لە ناو دارێکی دوو فاق یان شیشێکی چەماوەدایە.

**دارتەرم** بڕوانە: دارەتەرم.

**دارجگەرە** دارێکی ڕێکی ناو کۆڵراوە و بۆ سیغارکێشان بەکاردێت. ئەستوورییەکەی 1 سم یان شتێك زۆرتر دەبێت و درێژییەکەی جۆراوجۆرە. جۆری 10 تا 40 سم ی هەیە. زۆرتر لە داری سماق یان بەڵاڵوك دروست دەکرێت.



**دارجۆخین** دارێکە لە ناوەڕاستی جۆخین دادەکوترێت و سەرێکی گوریس یان پەتێکی پێوە قایم دەکرێت و سەرەکەی تریشی بە گای بنەوە دەبەسترێت و بۆ ڕێك خولانەوەی

ولاخەکان بە دەوری جۆخیندا بەکاردێت.

| | |
|---|---|
| **دارخەزنە** | بڕوانە: سەرەمژانە. |
| **دار چوارداخ** | دارێکی ڕێك و درێژە. دەخرێتە سەر کۆڵەکە چوارداخ (تەژە) و بە ئاسۆیی بزماریان لەسەر دادەکوترێت و بۆ پێدا هەڵواسینی ڕستەی نوێی تووتن و بە مەبەستی وشکبوونەوە بەکار دێت. |
| **دارچیغ** | بڕوانە: تێلا. |
| **داردەق** | ئامرازی هەللاجییە. دارێکی ڕاستە درێژییەکەی 125 سم دەبێت و لە مەچەك ئەستوورترە. بۆ دەق گرتنی بەسەر نەوگدا، دەخولێنرێتەوە. |
| **داردۆخین** | بڕوانە: داربەنەخوێن. |
| **داردێخوون** | بڕوانە: داربەنەخوێن. |
| **دارسەبیل** | بڕوانە: سەبیل. |
| **دارسیغار** | بڕوانە: دارجگەرە. |
| **دارسیلە** | دارێکی پان و ئەستوور و پتەوە. لە کاتی دیوارکردندا دەخرێتە نێوان ڕیزەکانی دیوارەوە. |
| **دارفندەق** | بڕوانە: دارلاستیك. |
| **دارکەڵەمە** | بڕوانە: کلاوە. |
| **دارکلاوە** | بڕوانە: کلاوە. |
| **دارکولاژدەمە** | دارێکی لوولەکی پتەوە. درێژییەکەی بەپێی جەنجەڕەکەیە. لە داری گوێز یان داری بەڕوو و هد... ساز دەکرێت. لە هەردوو جەمسەریەوە، زمانەی بۆ کراوە و دەچێتە ناو هەردوو حوشترۆکەوە. کولاژدمەی |

لیٚ گیر کراوه. بۆ ڕاکێشانی جەنجەڕ بەکاردێت.

**دارگورد** دارێکـــە دەکەوێتـــە نێـــوان هـــەردوو کۆڵەکـــەی دەزگـــای تەونەوە و پۆیەکانی پێوە دەبەسترێتەوە.

**دارگێژەنە** بڕوانە: دارتەپان.

**دارلاستیك** دارێکـی دوولکـە. دوو پارچـە لاسـتیکی 2 سـم پـان و 20 سـم درێـژ بـە سـەری دوو لکەکانییـەوە دەبەسـترێن و سـەرەکەی تریشـیان بـە پاڵوێنـەوە دەبەسـترێنەوە و بـۆ بـەرد هاویشـتن بەکاردێت.



**دارمەشك** بڕوانە: نیودۆك.

**دارمژانە** بڕوانە: مژانە.

**دارنیر** دارێکـی ئەسـتووری لوولەیـە، نزیکـەی 140 سـم درێـژە. چوار کونی بۆ دارکلاوەکان تێدایە. بنەوەند و چەمەرەی پێوە دەبەسترێت.

**دارنیلە** بڕوانە: دارنیر.

**دارەقوڵە** دارێکـــی قوڵـــەی ڕێکـــە، شـــوێنکەوتوانی کۆمـــەڵی هەقـــە بەدەستیانەوە گرتووە.

**دارەمەیت** بڕوانە: دارەتەرم.

**دارهەپە** بڕوانە: هەپە.

**دارهەلو ک** داردەستێکە درێژییەکەی مەترێك دەبێ، لە یاری هەلوکێندا بەکاردێت.

**دارۆڵ** دارێکی گەورەیە، درێژییەکەی نزیکەی مەترێك دەبێت. ئەو بەشەی کە چەماوەتەوە و سەرێکی پانی هەیە، دەهۆڵی پێ دەکوترێت.


**داری** بڕوانە: کۆتەڵ2.

**واوەیلا** ئەڵێی داری واوەیلایە. (ئیدیۆم)

**داس** ئامرازی دروێنەیە. دەمی هیلالی و تیژە، لە کەرگەداس، دەمەداس، کلك، مشتوو پێك دێت.

هە دروونە دروونە دروونە

دەسکی داسێم بە ڕونە (فۆلکلۆر)





**داسكۆڵە** داسێكی بچكۆڵەیە، بۆ بڕینی لق و پۆپی دار و درەخت و گیاكردن بەكاردێت.


**داسولكە** بڕوانە: داسكۆڵە.

**داسمشار** داسێكی بچكووكە، لە نووكەوە تا كلكەكەی لە ئاسنە و مشتوویەكی دارینی هەیە، دەمەكەی وەك مشار ددانەدارە، بۆ بڕین و هەڵپاچینی لقی ناسكی دار و درەخت بەكاردێت.

**دانە** ئاسن یان برنجۆكە. شێوەكەی لاكێشەییە و دوو لای هەیە.

**لغاو** لە ناوەڕاستدا، زمانەیەكی پێوەیە لەسەر شێوەی تیپی(T)ی ئینگلیزی. سەری زوانەكە ئەڵقەیەكی پێوەیە و بەملاو ئەولای لالغاوەی چارەوێدا هاتووەتە دەرەوە و كەوتووەتە ژێر چەنەوە. لە خوارەوە، دوو ئەڵقەی هەیە و شیپەلغاوەكانی پێوە بەستراوە و لەسەرەوەش دوو ئەڵقەی تر هەیە و قایشی سەركەللەكەی پێوە بەستراوە و دەكرێتە دەمی چارەوێ.

**دانولە** گەنمی كوڵاوە.



**داهۆڵ** دوو داری ڕاست و چەپی لێك بەستراون بە شێوەی خاچ. بە کۆنەپەڕۆ و پاتاڵ داپۆشراوە و شێوەی بالآی مرۆڤی هەیە. لە ناو بێستان و مەرەزە و کشتوکاڵدا بە مەبەستی پاسکردنی لە پەلەوەر دەچەقێنرێت.

**داو** تاڵێکی باریکی قایمە بۆ ڕاوکردنی باڵندە بەکاردێت. جۆری جیاوازیان هەیە.

**داوڵ** بڕوانە: داهۆڵ.

**داوەڵ** بڕوانە: داهۆڵ.

**داویکە** بڕوانە ڕەشکە.

**داینجاخ** بڕوانە: شونکی حوشترۆکە.

**دایەڵکە** بەن یان کشتەکەبەنێکە. سەرێکی بە (کەویژە) و ناوەڕاستەکەی بە (مەچەکە)ی ئاشەوە بەستراوە و سەرەکەی تری خراوەتە بەردێکی کونەوە. کاری کەموزۆرکردنی ئەو دانەوێڵەیەیە کە دەڕژێتە ناو گەرووی بەرداشەوە.

**دراو** پارەی سکەی ئاسایییە، لای زێڕنگەر ڕێك دەخرێت و بۆ ڕازاندنەوە بە لێواری فێست و کڵاو و سوخمە یان بە بەرۆکەوە دەدوورێت.

... ئەمن چبکەمێ بۆ برایەکی لە دایی‌و بابی
بینێرمە کن مەلا گچکەلانەکەی کۆیە
بۆم دانێ ئیبنو حەجەرێ
بزانم بە لای مردنێم دایە، یا بە لای ژینێ
ئەگەر بە لای مردنێم دابێ تاوم دەنێ شل‌و ملان،
مل بە ئیزاران، بەرۆك بە دراوان
قۆڵ بە بازنان...
(بەشێك لە حەیرانێکی ڕەسوڵی نادری- فۆلکلۆر)

**درەوش** پارچە ئاسنێکی باریکی نووك تیژە، درێژییەکەی نزیکەی 10 سم دەبێت. کلکەکەی دەخرێتە ناو مشتویەکی دارینەوە و زۆرتر بۆ پینەدۆزیی و کونکردنی بنەپەرکی کڵاش و چەرم و قاییش بەکاردێت.

**درێشە** بڕوانە: درەوش.

ئاسنۆکەیە و درێژۆکەیە، کەرە! درێشەیە و پێشت ناڵێم!!
(مەتەڵ)

**دلیوان** تەنێکی کانزایی پتەوی باریکە، لە دەرزی جلدرون ئەستوورترە، نووکەکەی تیژ ە و دواوەی کونە بۆ کڵافە پێوە کردن بەکاردێت. بەگشتی 8 سم درێژە.

**دنگ** هەڵکۆڵراوی داری ئەستوور یان کۆتەرەدار یان تاوێرە و دارێکی ئەستووری سەر گەورەی هەیە بۆ کوتانی برنج و ساوەر و گەنم بەکاردێت.

ئاو لە دنگا دەکوتێ! (پەند)

**دنگە** بڕوانە: سندۆڵ.

**دنگی ئاو** کوپەیەکی گەورەی لەگڵ دروست کراوە. دەمێکی هەراوی لێوارداری هەیە، دوو قوڵفی لەملاولاوە و بنێکی تەخت لەدەمی سەرەوەی بچوکتری هەیە.

**دەخیلە1** سندوقچەیەکە بۆ کۆکردنەوەی پارەی منداڵ بەکاردێت.

**دەخیلە2** شوێنی پارەی چێشتخانە، چایخانە و دوکاندارە.

**دەرپێ 1** پۆشاکێکی دەلینگداری ژنانەیە، لە قەوارە و شێوەدا پانوپۆڕە، کەمەر و کۆتایی دەلینگی پزووداره و بە هۆی پزوەکانییەوە خڕ دەکرێتەوە. لە کەمەر تا سەر قولەپێ دەگرێت.

بێ دەرپێ هەر دوو گەز خامەکەی دە خەوێ دێ! (پەند)

**دەرپێ 2** پۆشاکێکی دەرلینگداری پیاوانەیە. لە ژێرەوە لەبەر دەکرێت جۆری جیاوازی هەیە.

**دەرپێی هەڵپێچ** دەرپێیەکی درێژ بووە، دەرلینگەکەی پزووی نەبووە، زیادیەکەی بە دیوی دەرێدا لە گوێزینگ تا قولەپێ هەڵپێچراوە.

**دەرخۆنە** بڕوانە: پنە.

**دەرزی** تەنێکی کانزایی پتەوی زۆر باریکە، نوکەکەی تیژە و دواوەی کونە بۆ دەزوو پێوەکردن بەکاردێت. بەگشتی 5 سم درێژە.

تەنك، تەنك، تەنكی

هەنار دەنك، دەنكی

بە دەرزی لەخۆی داوە

مێخەك لەسەر مەمكی (فۆلكلۆر)

**دەرزی بەرۆك** بڕوانە: دەرزی بەر یەخە.

**دەرزی بەریەخە** دەرزییەکە، سەرێکی تیژە، ناوەڕاستەکەی چەماوە و ئەڵقەیە و سەرەکەی تریشی گیرەیە. بۆ بەندکردنی بەرۆك و مەبەستی تر بەکار دێت، قەوارەی جۆرا و جۆری هەیە.

**دەرزیلە** دەرزییەکە هێندەی دەرزییەکی لێفە دروونە. سەرەکەی گۆیەکی هێندەی گوێزێکی پێوە چەسپ کراوە و بە وردە گۆی بچووك نەخشاوە. دەچەقێنرێتە تەپڵە سەری کۆچکەوە، جۆری جیای هەیە.


**دەرزیە ئەستوور** بڕوانە: دلیوان.

**دەرکابێن** بڕوانە: زارمەشك.

**دەرگا** ئـامرازی داخسـتنی مـاڵ یـان هـەر شـوێنێکی تـر، جـۆری کۆنی لە چەند پارچە دارێکی تاشراو و لووسکراوە. کلیل و کلۆمەکەیشـی هـەر لـە دار بـووە، بـەڵام لـەمڕۆدا، جـۆری پلاستیك، پلێت و تەختەی یەکپارچەیشی هەیە.

کەری لەبەر دەرگایە، نانی لە تەشتیدایە (پەند)


**دەزگــای نالْبەند** دەزگایــەکی ئاسـنی تایبەتـە، بـۆ کـاری ڕێـك و لـووس و کونکردنی ناڵ بەکاردێت.



**دەستاڕ** دوو بـەردی بازنـەیی تـەخت و پتـەوی زبـری لەسـەر یەکـە، بەردی ژێرەوە جێگیرە و ناجوڵێت. لە ناوەڕاستدا میلێکی پێوەیـە بـۆ سـەنتەر کـردن و سـووڕدانی بـەردی سـەرەوە. بـەردی سـەرەوە لـە ناوەڕاسـت کـونێکی تێدایـە چـەڵتوك و دانەوێڵـەی بـۆ هـاڕین تـێ دەکرێـت و لـە تەنیشتیشـەوە دارێکی بۆ سووڕدانی پێوەیە.

دەسکی دەستاڕت با سەنگەڵ چۆ بێ

گەل گەل نازداران لە دەورت کۆبێ (فۆلکلۆر)



**دەستاونگ** بڕوانە: دەسکەوان.

**دەستبێن** کشتەکەبەنێکە، شوان شەوانە لە کەژ و کێو سەرێکی دەبەستێت بە دەستی بەرانێکەوە و سەرەکەی تریشی بە باڵی خۆیەوە گرێ دەدات تا بە ئاگابێت لێی.

**دەستەبەرە** ئامرازێکی لاکێشەیی دەستییە، لە دوو دار و لەوح یان پارچە چادر یان گونییە دروست دەکرێت. بۆ گواستنەوەی قوڕ و بەرد و خشت بەکاردێت و بە دوو کەس هەڵدەگیرێت.

**دەستەچیلە** چەپکە چیلکەیەکی وشکە، ئاگری پێ دەکرێتەوە.

**دەستەك** چەند دێراوێکە، کە بەگشتی چوار یان پێنجە، شەتڵی تووتن یان تەماتە یان ڕێحانە یان تۆوی بامیٚ یان هەر شەتڵ و تۆوێکی تری تێدا دەچێنرێت. بە 3 تا 5 دەستەك بەرەجۆ پێك دێت.

**دەستەمستە** پارچەیەکە لە هەوجاڕ. زیادەیەکە دەکەوێتە سەرەوەی پاشبارە و دەستە دوو لە خۆیەتی، گۆلمێك ئەستوور و نزیکەی 10 سم درێژە. جوتیار لە کاتی جووتکردندا دەستی پێوە دەگرێت.

**دەستەوانە** چنراوێکە لە بەن و دەزوو. بۆ خۆپاراستن لە سەرما و کارکردن دەکرێتە دەست. لە قەبارەدا گەورە و بچووکی هەیە. گەورەو بچوك و ژن و پیاو لە دەستی دەکەن.

**دەستشۆر** دەفرێکی پان و قوڵی لێواردارە. لە: مس یان فافۆن دروست دەکرێت. سەرقاپێکی مەیلە و قوچەکی بۆ شوێنی سابوون تێدایە، لە پێش یان دوای نانخواردن دەبرێتە پێش میوان بۆ دەستشۆرین.

**دەستکە سندۆڵ** بەردێکی ساغ و پتەوی لوولەکییە. تیرەکەی 10 بۆ 12 و درێژییەکەی 25 سم دەبێت. ساوەر و گەنم و ترشی لە سندۆڵدا پیٚ دەکوترێت.

پیاوی درۆ، دەسکەسندۆڵێك! (پەند)

**دەسحێب** بڕوانە: تەزبیح.

**دەسرازە** پارچە قوماشێکی دورراوە. هێندەی لەپی دەست دەبێت. کشتەکی بەنی هۆنراوە و گورزەوەنی پێوە بەستراوە و بۆ بەستنەوەی منداڵ لە لانکەدا بەکاردێت.



**دەسرە** بڕوانە: دەسماڵ.

ئۆخەی دەسرە پەشمینە، فەسڵێ با دەیشەکێنی

چاوم کەوتوە بە چاوی، جەرگم خوێن دەدەڵێنێ! (فۆلکلۆر)

**دەسرۆکە** دەسەسڕی بچووکە.

**دەسکاونگ** بڕوانە: دەسکەوان.

**دەسکەدمە** بڕوانە: دەستەمستە.

**دەسکەدۆڵ** بڕوانە: دەسکەسندۆڵ.

**دەسکەوان** دەفرێکی زەرد یان سپی قوڵی مامناوەندە. میلێکی هەیە سەرێکی پان و خڕ و سەرەکەی تری بچووك و بازنەییە، بۆ تێدا کوتانی داوودەرمان، بیبەر، زەنجەفیل و هد... بەکار دێت.



**دەسکەهاوەن** بڕوانە: دەسکەوان.

**دەسك و ئاونگ** بڕوانە: دەسکەوان.

**دەسکۆ** تەنەکەیەکی ئاسایی قەبارە مامناوەندییە، دەمەکەی قەپات کراوە و لە تەنیشتێکییەوە بۆرییەکی لە تەنەکە دروست کراو، کە درێژییەکەی نزیکەی 10 سم و تیرەکەیشی 12 بۆ 15سم دەبێت، پێوە چەسپ دەکرێت. لە کاتی هەڵگرتنەوەی بنێشتەکاڵدا بنێشتی ناو کۆچیلەکانی دەکرێتە ناو.

**دەسماڵ1** دەستەسڕ.

**دەسماڵ2** جۆرە لەچکێکی سێ سووچی لک درێژە ژنان دەیگرنە کۆڵیان هەموو ناوشان و پشتیان دادەپۆشێت، دوولکی ئەم سەرو ئەو سەری بەسەر شاندا دەدرێت و لەدواوە گرێ دەدرێت.



**دەسەچینە** بڕوانە: بەرچنە.

**دەسەخورد** بڕوانە: لۆلەپ.

**دەسەدمە** بڕوانە: پاشبارە.

**دەسەدوو** بڕوانە: پاشبارە.

**دەسە** زنجیر یان پەتە، دەبەسترێتە هەڵقەی قەڕازەوە.

**ڕەشۆ1** دەکەوێتە ژێر چەناگەی چارەوێ و هێستر و وڵاخەوە و

بۆ ڕاکێشان و بەستنەوەی بەکاردێت. سەری زنجیرەکە، تـــەلێکی ڕەقـــی قـــایمی دوو ســـەرەی هەیـــە، ناوەڕاستەکەی، نیو ئەڵقەی بچووکە و زنجیرەکەی بۆ بەستنەوە پێوە دەکرێت.



**دەســـــــە ڕەشۆ2** پـەتێکی زیادەیـە. دەبەسـترێتە دوولـەمی یـان زنجـیری ڕەشۆوە و بە مەبەستی درێژکردنەوە بۆ گەیشتنی بە دەستی جووتیار یان گێرەکەری جەنجەڕ بەکاردێت.

**دەسەکەوش** بڕوانە: پاشبارە.

**دەف** ئامێرێکی مۆسیقی عیرفانی کوردییە. لە: کەمە و چەرم و ئەڵقە پێك دێت.

**دەفە1** پارچـە تەختەیـەکی بەرینـە و دەکەوێتـە پـاش و پێشـی جەنجـەڕەوە. هـەر لایـەکی دوو زمانـەی هەیـە کـە دەچـێتە قڵیشـی حوشـترۆکەو. 4 تـیرەی پـانی لـێ دراوە کـە تـەوری تۆپـەکان دەشـارێتەوە و چـواردەوری جەنجەڕەکـەش تونـد دەکات.

**دەفە2** بڕوانە: کەڵکیت.

**دەفر** بڕوانە: دەوری.

**دەلا** بڕوانە: کەلابەرد.

**دەلاقە** بڕوانە: تاق.

**دەمەخاکەناز** دەمێکی شێوە سێگۆشەییە. لە: لەوح دروست دەکرێت. شوێنی کلکەداری هەیە و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت.

**دەمك** بڕوانە: قەڵانگ.


**دەمەڵبێن** پارچە خامێکە لە کاتی کفنکردندا، دەمولێوی مردووی پێ دەبەسترێت.

**دەندە** نووکی ئامووره و لە داری ئاموور خۆیەتی. نزیکەی 30 سم درێژە. نووکەکەی تیژە و لە کاتی جووتکردندا، گاسنی بەسەردا دەکرێت.

**دەهۆ** بڕوانە: ڕەشکە.

**دەهۆڵ** ئامێرێکی مۆسیقاییە. لە: تەختە و چەرم دروست دەکرێت. شێوەکەی لوولەکییە و کەمەکەی تەختەی چەماوەیە و دەمەکانیشی بە چەرم دەگیرێت و بە سیرمە بە لێوارەکانییەوە قایم دەکرێت. بە داردۆڵ و تەرکە دەکوترێت و قەوارەی جۆراو جۆری هەیە.

دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە! (پەند)



**دەوری** قاپی چێشتە. شێوەی بازنەیی و کەمێك قووڵە. لە: مس یان فافۆن دروست دەکرێت.

**دەولك** بەرچنە یان سەبەتەیەکی بچکۆلەیە لە چنینەوەی هەنجیردا بە بەرکۆشەوە دەگیرێت.

**دوکان** پارچە زەوییەکی چوارگۆشە یان لاکێشەیی لێوار نزمە. بە وشکی بۆ شەتڵی تووتن، تەماتە، باینجان و هد... دروست دەکرێت. قەبارەی درێژییەکەی بە بەرز و نزمی و ڕێکی و ناڕێکی ئەو زەوییەوە بەندە کە دوکانە شەتڵەکانی لێ دەکرێت.

**دوگ** بڕوانە: تەشی.

لە ترسا دوگ دەڕێسێ! (پەند)

**دوگەم** تەختەدەوار یان پارچە دەوارێکە بە چواردەوری دەواردا بەسەر چیغدا دەدرێت بۆ پاراستنی ڕەشماڵ لە با و باران.

**دوگمە و دۆڵاب** خشڵە، لە زێڕ و زیو و لە شێوەی دڵ دروست دەکرێت و درێژییەکەی بە ئەندازەی قەراغی ئەو هێلەکەیە کە دوگمە و دۆڵابەکەی پێوە چەسپ دەکرێت.

دوگمە و دۆڵابی بانی سوغمەی ئاڵ

بوونەتە پەرژین باخی پرتەقاڵ (فۆلکلۆر)

**دومبەگ** بڕوانە: تەپڵ.

**دووبارە** بڕوانە: دووەبەرە.

**دووبانی** بڕوانە: هەورەبان، شانشین، کەپشکان.


**دووبەرە** دەفرێکە لە: تولّ یان قامیش و هەندێك جار لە قوڕ

**دروســت دەکرێــت. زۆر قــوڵ نییــە و بەســەر دواوەی خەڵێفی مێشهەنگەوە دەنرێت.**

**دووزەلە** **ئـامێرێکی مۆسـیقایی هەواییـە. لـە: قـامیش یـان لـە لـولاقی داڵ دروسـت دەکرێـت. دوو فیقنـەی لـە قـامیش هەیە و لە شایی و بۆنە خۆشەکاندا دەژەنرێت.**

**دەنگی دومبەگ و سەدای دووزەلە**

**دەتخاتە شایی و هەرا و هەلهەلە (فۆلکلۆر)**



**دووکارد** **بڕوانە: برینگ**

**دوو گوێ نیر** **بڕوانە: سەرەمژانە.**

**دوولك** **بڕوانە: دارلاستیك.**

**دوولەمی** **تـەلێکی قـایمی ڕەقـی قاڵبڕێـژی دوو سـەرە، ناوەڕاسـتەکەی نیو ئەڵقەیە و کۆتایی زنجیری دەسەڕەشۆی پێوە دەکرێت.**

**دۆخ ڕەشمە** **بڕوانە: دەسەڕەشۆ1.**

**دۆخ هەفسار** **بڕوانە: دەسەڕەشۆ1.**

**دۆخین** **بڕوانە: بەنەخوێن.**

**دۆ و ڕۆن** **خواردنێکی کوردەواریی مەیلە و شلە. لە: گەنمەکوتاو، ڕۆن، خوێ، ئاو و کەشکی سواوە ساز دەکرێت.**

**دۆدانە** مەشـكەيەكى بچـوكە. دۆ و تەڕەدۆينــە (دانـدۆك)ى بـۆ وەرزێر و دەشتەوان تىٚ دەكرێت.

**دۆ ڕەشۆ** بەنى مووى باريكە و بە گورزەهۆن چندراوە. دەدرێت لە ئەڵقەى ژێرەوەى قەڕازە (زەناخە)، ئەو سەرى مێخ سكەيەكى بچوكى پێوەيە و بۆ داكوتان بەكاردێت.

**دۆ كوڵيو** چێشـتێكى ئامـاڵ شـلە، لـە: گەنمـەكوتاو، لووشـە يـان پونگــە يــان گــەلاٚى تــەڕەپياز، بــەلاٚم ســەرەكييەكەى لووشــەيە، خـوىٚ، دۆ يـان ماسـتاو ئامـادە دەكرێـت. گەنمەكوتاوەكە نيوەكوڵ دەكرێت ئينجا خوىٚ و بڕێك ڕۆن و يــەك لــە گياكــان و دۆ يــان ماســتاوەكەى تــىٚ دەكرێـت و پێكـەوە دەكـوڵێنرێن و بـۆ خـواردن ئامـادە دەكرێت.

**دۆلكە 1** دەفرێكى بچووكە. لە: مس، زيو، شووشـە، گڵ، تەنەكە دروســت دەكرێــت. لــە ڕوودا، لوولــە و لــە دواوەوەى دەسكێكى هەيە و بۆ ئاو تێداخواردنەوە بەكار دێت.

**دۆلكە 2** دەفرێكـى بچـوكە. لـە گـڵ دروسـت دەكرێـت و بـۆ ئـاو تێداخواردنەوە بەكار دێت.

**دۆلكە3** دەفرێكـە لـە لاسـتيك. نيـو تەنەكـە ئـاو دەگرێـت و بـۆ هەڵهێنجانى ئاو لە ناو بير بەكاردێت.

**دۆڵ** بڕوانە: سندۆڵ.

**دۆلاٚب** كەرەسـتەيەكە لـە تەختـە، دەرگـادار و خانەخانەيـە، بـۆ تێداهەڵگرتنى جلوبەرگ بەكاردێت.

**دۆلاش** ئەستێلێکی بچووکی پڕ لە ئاو و بڕێك وردە زیخە. زێڕنگەرەکان بۆ شووشتنەوەی کەرەستەکانیان بەکاری دەهێنن.

**دۆڵیان** دەفرێکی قووڵە. دەکەوێتە سەرووی بەرداشەکانی ئاشەوە. دانەوێڵەی دەکرێتە ناوە و بە هۆی دارێکی هەڵکۆڵراوەوە (چەرەخۆرە) دەڕژێتە ناو کەویژەوە و لەوێشەوە بۆ ناو کونی بەرداشی سەرەوە دەچێت.

**دیبەگ** قەدی هەڵکۆڵراوی داری پتەوە، نزیکەی 70 سم بەرزە، لە تەختایی زەوی دەخرێت. بۆ ساوەرکوتان و مەبەستی تر بەکار دێت.



**دیبەك** بڕوانە: سندۆڵ.

**دیزە** بەرهەمێکی گڵێنییە. قووڵ و دەم والأیە. لە هەردوو لای سەرەوەی، دوو قوڵفی وەکو دەسك هەیە. وەك مەنجەڵ بۆ تێدا کولأندنی سەروپێ و هەریسە و پاقلە و نۆك و گەنمەکوتاو و هد... بەکاردێت و لە تەندووری گەرمدا دادەنرێت.

ئەگەر پێنجین، ئەگەر شەشین
هەموو میوانی دیزە ڕەشین (فۆلکلۆر)



**دیمەك** بڕوانە: دارسیلە.

**دیواربڕ** ئاسنێکی دەمپانی نووك تیژە. لە کاتی دزیکردندا، دز دیواری پێ دەبڕێت.

**دیوەخان** ژوورێکی گەورە و درێژە. زۆرتر، ماڵی ئاغا، بەگ، کوێخا و کەسایەتییەکان هەیانە. شەوان یان کاتی پێویست، پیاوماقوڵ و دەمڕاست و خەڵکی ئاوایی تێیدا کۆدەبنەوە.

دەسەسڕی سوور بنێ لە گیرفان
بۆ ئارەق سڕین ڕێگەی دیوەخان (فۆلکلۆر)

**دێراو** چاڵێکی درێژکۆڵەیە. شەتڵی: تووتن، تەماتە، باینجان، ڕێحانە، تۆوی بامیٚ یان هەر شەتڵ و تۆوێکی تری تێدا دەچێنرێت. بە چوار یان پێنج دێراوی بەسەر یەکەوە دەستەك پێك دێت.

ڕێحانەم دێراو دێراوە
شەتڵی دەستت بۆ کوڕە لاوە (فۆلکلۆر)

**دێرەچ** بڕوانە: گەلاٚکوت.

**دێمکە** ئاوگرێکە لە چەرم یان پێستەی خۆشەکراو یانپارچە خێوەت دروست دەکرێت. پانیی نزیکەی 25 سم و بەرزیی 40سم دەبێت. لە بەشی سەرەوەی کونێکی بۆ ئاو تێکردن و لێدەرکردن هەیە کە بە دەمەوانەیەکی لوولەکی دارین دادەخرێت، جووتیار و شوان و گاوان ئاوی تیٚ دەکەن.

**ڕاوك** توورەکەیەکە لە خام. لە دروستکردنی پەنیردا و بە مەبەستی پالاٚوتن و چککردنی ئاوەکەی بەکاردێت.

**ڕایەڵ** بەنی بادراوی درێژە.

**ڕبە** ئامێرێکی دارین یان کانزاییە، بۆ پێوانەکردنی دانەوێڵە بەکاردێت و بڕەکەی نزیکەی 9 کیلۆیە.

کەس... بە ڕبەی ناپێویٚ. (پەند)

**ڕس** بڕوانە: ڕست.

**ڕست** کشتەکەبەنێکی دوو سێ مەترییە. لە ڕاودا بەکاردێت و دەخرێتە خڵێتەی ملی تانجییەوە و سەرەکەی تریشی بە دەستی ڕاوچییەکەوەوەیە.

**ڕستە** پارچە گوریسێك یان پەتێکە ڕەشماڵ بە مێخەکانەوە دەبەستێتەوە.

**ڕشماڵۆکە** بڕوانە: چاتوڵ1.

**ڕکیب** بڕوانە: ئاوزەنگی.

**ڕکێف** بڕوانە: ئاوزەنگی.

**ڕکێو** بڕوانە: ئاوزەنگی.

**ڕفێدە** بڕوانە: ئەڕفێدە.

**ڕم** ئامرازێکی جەنگییە. دار یان ئاسنێکی درێژی نووك تیژە، جۆری جیا جیای هەیە.
ڕم بە کەوان دەهاویژرێت! (پەند)

**ڕنە** بڕوانە: ئەڕنەك.

**ڕنەك** بڕوانە: ئەڕنەك.

**ڕەتە** تەختەیەکی چکۆلەی چوارگۆشەیە. لە کاتی بەفربارینندا لەسەر دەمی چاڵێك دادەنرێت و هەندێك دانەوێڵەی بۆ فریودانی باڵندە لەسەر ڕۆ دەکرێت. کاتێك باڵندە لەسەری دەنیشێتەوە دەکەوێتە ناو چاڵەکەوە.

**ڕەحەتی** ئامرازێکە بۆ تێکردن و پالاوتنی ماددەی شلەمەنی وەك ئاو و نەوت و هد... بەکار دێت.

**ڕەخت** بڕوانە: فیشەکدان.

**ڕەزن** بڕوانە: فیشەکدان.

**ڕەژوو** بڕوانە: خەڵووز.

**ڕەژی** بڕوانە: خەڵووز.

**ڕەشکە** چنراوێکی پزووداری لوولەکییە. قۆقۆ لە سێتەی موو دەچنرێت. قۆکەی 10 سم چوارگۆشەیە، درێژییەکەی 2 تا 3 مەترە. بۆ کێشەی قرچە و کا لە شوێنی دەشت و نزیك مەنزڵ بەکاردێت. دەخرێتە سەر پشتی وڵاخ و بەملاوئەولایدا ڕادەوەستێت تا بەر نەبێتەوە، کەسێك دەستی پێوە دەگرێت.

**ڕەشۆ** بۆ گرتن و ڕاکێشان و لێخوڕینی وڵاخ بەکاردێت. لەمانە پێکهاتووە: سەرکەللە، قەرازە، دەسەڕەشۆ، ڕەشمە، هەفسار، بانپۆزە.

ئەسپی گم کردووە وە شوێن ڕەشۆدا ئەگەڕێ. (پەند)

**ڕەفە** زیادەیەکە لە گەچ و قوڕ، بە دیواری ژووریماڵدا چەسپ دەکرێت، 30 سم پانە. بۆ لەسەردانانی قاپ و قاچاخ بەکاردێت.

**ڕەن** ئەو نەخشە بازنە کراوەیەیە کە بۆ خەرمان بە کرش دەکێشرێت.

**ڕەندە** ئامرازێکی کانزاییە. بۆ تاشین و لووسکردنی دار و تەختە بەکاردێت.

**ڕەوارە** ئەو دوو پێچکەیەی ژێرەوەی لانکەن، کە مەیلەو کووڕن و لانکیان لەسەر ڕادەژێت.

لانک لانک لانکۆڵێ لانک لە دار کنێرێ

وەستا بێ لە هەولێرێ

ڕەوارەی لانکێ کورتە و ناگاتە مەمکی مێرێ...

(فۆلکلۆر)

**ڕەوڕەوە** ئامرازی پێگرتنە، لە 3 داری تاشراوی ڕێکخراو و 3 پێچکە پێکدێت. نزیکەی 50 سم بەرزە و بە شێوەی قوچەکێکی سێگۆشە لێك دەدرێن. دارێکیان لە پێشەوە و دوانیان دەکەونە دواوە. لە خوارەوە، پێچکەیان پێوەیە و لە سەرەوەش دەسك. بەهۆیەوە منداڵ پێ دەگرێت.



**ڕووپۆش** بڕوانە: پەچە2.

**ڕۆچنە** بڕوانە: کولەکەبان.

**ڕۆچنەی سەربان** بڕوانە: کولەکەبان.

**ڕۆنەکەرە** بەرهەمی ژەندنی ماستە.

**ڕیز** دانانی سێ بەرد لە ئاستی یەکە لەسەر یەك خەت، لەیاری سێ ڕسکێن و نۆڕسکێندا بەکاردێت.

**زاخاو** جۆرە زاخێکە بۆ مشتومالّکردنەوەی خەنجەر و شیر بەکاردێت، بۆئەوەی ڕەونەق پەیدا بکات و لە پیسیی و ژەنگ پاکی بکاتەوە.

**زارەبەن** بڕوانە: زارمەشك.

**زارەبێن** بڕوانە: زارمەشك.

**زارداو** گوریسێکی باریکە، درێژییەکەی نزیکەی 5 مەتر دەبێت. دوای کا تێکردن لە پزوەکانی زاری ڕەشکە هەڵدەکێشرێت و قایم دەبەسترێت.

**زارمەشك** کشتەکێکە لە کاتی ژەندنـدا زاری مەشکەی پێ دەبەسترێت. ئەو کشتەکە پێویستە ڕەش و بەڵەك بێت، چونکە بیروباوەڕ وایە کە جنۆکە و شەیتان توخنی ناکەون!

**زریزە** بڕوانە: زریێ2.


**زریێ 1** جۆرە تەنراوێکی کانزاییە. سەرشانەوە تا کەمەر دادەپۆشێت. بۆ خۆپاراستن لە تیر و شمشێری دوژمن، جەنگاوەر لە کاتی جەنگدا لەبەری دەکەن.

**زریێ 2** کۆمەڵە تێکهەڵکێشێکی کانزاییە. جۆری جیاوازی هەیە. بۆ بەستنەوەی ولاّخ و ڕەشۆ و هد... بەکاردێت.
زریێ لە باخەڵ ئەکات! (پەند)

**زڕیلە** بڕوانە: زەنگوڵە.

**زمانە** بڕوانە: دەندە.

**زنجیر 1** خشڵە، لە زێڕ و زیو و هد... دروست دەکرێت و بۆ خۆ ڕازاندنەوە بەکار دێت. جۆری جیاوازی هەیە.



**زنجیر 2** ئامرازی بەستنەوە و قایم کردنە، لە ئەڵقەی پتەوی کانزایی پێکدێت.

**زنجیرە** کرشی کوتراوە دوای کرشەشکێن بە دەوری خەرماندا بەدیوی دەرەوەدا بەشێوەی بازنەیی هەڵدەدرێتەوە.

**زەمبیلە** بڕوانە: زەمیلە.

**زەمیلە** چنراوێکە لە گەڵای خورما. دەسکێکی لە پەت هەیە و میوە یان کەلوپەلی وردەی بۆ گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر تێ دەکرێت. قەبارەی جیاوازی هەیە.

مەمکی شەمامەی خەتخەتی
تولان ئەکا خەتخەتی
بۆ زەمیلە و سەبەتی (فۆلکلۆر)

**زەنگ** ئامرازی ئاگادارکەرەوەیە. لە: زەرد یان کانزا دروست دەکرێت و لە دوو پارچە پێکدێت: پارچەی دەرەوەی، کە قوچەکی ناوبۆشە، پارچەکەی تر، کە گۆیەك یان هەر شتێکی تر و بە بەشی سەرەوەی ناوەوەی پارچەی یەکەمەوە بەستراوە. دەکرێتە ملی مەڕ یان نێری کە لە سەرڕەوی ڕانەمەڕدا دەڕوات و بە جوولانەوەی

دەزرنگێتەوە، بۆ مەبەستی تریش بەکاردێت...
لەیلم لە کەیفە بۆ من ئەگەڕێ
مێخەکبەنەکەی وەك زەنگ ئەزڕێ (فۆلکلۆر)

**زەنگاڵ** چنراوێکی لوولەییە لە بەن و موو دەچنرێت. لە قاپە ڕەقەوە تا ئەژنۆ دەگرێتەوە. لەسەر دەلینگی شەڵوارەوە هەڵدەپێچرێت. جۆری گوڵوکەدار و سادەی هەیە. لە ژێرەوە ئەڵقەیەکی هەیە چاڵایی پێ دەگرێت و لە سەرەوە بە بەنپێچ لە خوار ئەژنۆ دەبەسترێت. زۆرتر پیاوان و ئەوانەی کە دەچنە سەفەرو ناو شاخ و کاروانی هەڵی دەپێچن.

**زەنگوڵە** ئامرازی ئاگادارکردنەوەیە. لە: زەرد دروست دەکرێت. هێندەی گوێزێکە، لە ناوەوە گۆیەکی چکۆلەی تێدایە.
زەنگوڵە زڕیا وە تەڕواڵەوە
من ڕۆح سپەردم وە لای پاڵەوە (فۆلکلۆر)

**زەنگۆ** بڕوانە: ئاوزەنگی.

**زەنگی** بڕوانە: ئاوزەنگی.

**زوخاڵ** بڕوانە: خەڵووز.
ڕۆڵە، قەورستانت کردە بینای ماڵ
دایك جەرگ سووتیات، کردە کۆی زوخاڵ! (فۆلکلۆر)

**زوڕنا** ئـامێرێکی مۆسـیقایی سـەلکداری هەواییـە. لـە داری پتـەو پێکهـاتووە. زۆرتـر لـە شـایی و لـە چـەمەریدا لـێ دەدرێت.

با بۆ خۆی هەر سیر بخوا و زوڕنا لێ بدا!

بێ زوڕنا هەڵدەپەڕێ! (فۆلکلۆر)




**زویخاڵ** بڕوانە: خەڵووز.

**زوێڵوە چەرم** تیڵماسکی چەرمی گاجووت یان حەیوانی کێویە. بۆ درومانی پینەدۆزیی و قایمکاری بەکاردێت.

**زۆم** بڕوانە: ئۆبە.

**زیتە** پارچـە دارێکـی چـکۆلەیە. هێنـدەی کلچـێوکێك و پارچـەیەك لـە فاقەیـە. سـەرێکی پانـە و ناوەڕاسـتەکەی لەلەیە، گەنم یان کرمی پێوە دەکرێت.

**زین** کەرەستەیەکە لەسەر پشتی ئەسپ و ماین دەکرێت... لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە: تەکەڵتوو، ژێر زین، قەڵتاخ، خاشە، یەختەخان، تەنگە، تەنگەهەڵکێش، سینەوەن، کەڵپۆس، کەفەڵپۆش، سەر زین، بەنسامۆتە، لوغمە، ئاوزینگ...
بووك لەسەر زین دەگەڕێتەوە! (پەند)




**زێڵەخۆرە** بڕوانە: چەرەخۆرە.

**ژلوڤە** بڕوانە: هەوێن2.

**ژێر زین** پارچە نەوگێکە لە بن زینەوە دەکرێتە سەر پشتی ئەسپ یان ماین تا پشتیان بریندار نەبێت. قوڵفی بە کشتەکی بەن لە ژێر سکی چارەویٚ و (ئەسپ و ماین)ەوە لیٚ هەڵدەواسرێت و بە قوڵفە توونە دەکرێت.

**ژێرسمۆ** ئاسنێکی چوارگۆشەی ناوەڕاست کۆڵراوە، بۆ لەسەر کونکردنی کەرەستەی ئاسن و بابەتەکانی بەکاردێت.



**ژێردار** بڕوانە: بندار.

**ژێردەرانە** بڕوانە: گێژەنگە.

**ژێردەرە** بڕوانە: گێژەنگە.

**ساپ** بەردێکی تەنکی بازنەییە. هێندەی لەپێك دەبێت، مندالّ لە یاری خەتخەتێندا (ساپساپێن) بەکاردێت.

**ساجقاوە** بڕوانە: سێرقاوە.

**ساجی ماسۆل** ساجێکی ئاسنی قولّفدارە. بۆ نانی ساجی بەکاردێت.

**سارداو** چالّێکی بچووکی 1 مەتر قوولّ و تیرەکەی نیو مەترە. سەرەکەی بە پووش یان قەسەلّ داپۆشراوە. لە سەرەوە ئاوی تێ دەچێت و لە پایینەوە دەردەچێت. بێستانەوان و تووتنەوان بە مەبەستی ساردکردنی ئاوەکەی بۆ خواردنەوە دروستی دەکەن.

ساردواوێ سەپانانە! (ئیدیۆم)

**ساز** ئامێرێکی مۆسیقی ژێداری کوردیە.

ئەمشەو چەند شەوە تەلار بێنازە

نە کزەی کەباب، نە دەنگی سازە (فۆلکلۆر)

**ساڤار** بڕوانە: ساوەر.

**ساقۆڕ** بڕوانە: چنگلّە.

**سان** بڕوانە: هەسان.

**ساوار** بڕوانە: ساوەر.

**ساوەر** گەنمی کولّاوی بە دەستاڕکراو.

**ستە** بڕوانە: (ئەستێ)و بەرد.

**ستێ** بڕوانە: (ئەستێ)و بەرد.

**ستوون** بڕوانە: پایە.

**ستێر** بڕوانە: ئەستێرك.

**ستوورك** بڕوانە: ئەستوورك.

**ستێوڵك** پارچە ئاسنێكی بچووك و نەختێك پانە، لەنێو كەوڵ و كەرەستەی نانكردندایە، نانكەر خوانە و تیرۆك و تەشتی هەویری پێ دەكڕێنێتەوە.

**سجوق** شیرنەمەنیەكە لە دۆشاوی كولاو و خەستبووەوەی ترێ و كاكڵەگوێز دروست دەكرێت، دوای ئەوەی دۆشاوەكە خەست دەبێتەوە ڕیزە كاكڵەگوێزی بە بەنەوەكراوی تێهەڵدەكێشرێت.


**سركەیی** پارچە قوماشێكی بەڵەكە، پانی و درێژیەكەی نزیك بە مەترێكە، ژنان وەك لەچك یان سەرپۆش بەكاری دەهێنن.

**سكر** بەربەندی ئاو بە قوڕ و توڵ و گیا.

**سمڕ** بڕوانە: سمتراش.

**سمتراش** ئـامرازی سمتاشـینی وڵاخـه. دەمەکـەی پـان و نیمچـه کەوانەییە و دەسکێکی دارینی هەیە. بۆ تاشینی سمی وڵاخ بەکاردێت.

**سمۆ** ئامرازێکی پۆڵاییە. بۆ کونکردنی ئاسن یان پلێت و هتد ... بەکاردێت. شێوە و قەوارەی جۆراوجۆری هەیە.



**سنجاق** بڕوانە: دەرزی بەریەخە.

**سنجك** دەفرێکی قوڕینی درێژکۆڵەی ژێر بێشکەی منداڵە و بۆ میزتێکردن بەکاردێت.

**سندان** دەزگایـەکی ئاسـنییە. کەرەسـتەی کـانزایی لەسـەر دەکوترێتەوە. شێوەی لوولـەکی یـان چوارگۆشـەیی هەیـە. بـۆ مەبەسـتی جیـاوازی وەك ئاسـنگەریی و پینـەدۆزی بەکاردێت.



**سندم** بڕوانە: پێوەند.

**سندوقی بۆراقنیشان** بڕوانە یەغدان 1

**ســـــــندوقی** بڕوانە: یەغدان 1
**ئاگربارانە**

**ســـــــندوقی تووتن** سندوقێکی لاکێشەییە. بۆ لە قاڵبدانی ڕستەی تووتنی شێدار، لە پێنج تەختەی لاکێشەیی پێکدێت کە دوانیان دەکەونە تەنیشتەکان و دوانەکەی تریان دەکەونە سەر و خواریەوە و هەر چواریان لە گۆشەکانیان تێکەهەڵکێش دەکرێن و بە کلیل پێکەوە دەبەسترێنەوە، تەختەی پێنجەمیش دوای دانانی ڕستە تووتنە خاو بووەکان بە ڕیز لە ناو سندووقەکە بە مەبەستی شێلان و پەستاوتنیان، دەخرێتە سەریان.

**سندۆڵ** تاتەبەردێکی تەختی بازنەییە، تیرەکەی 60 و بەرزییەکەی 50 سم، ناوەڕاستەکەی چاڵێکی بازنەیی ڕێك و لووسکراوە. تیرەکەی 20 و قوڵیەکەی 20 سم، لەسەر زەوی یان لەسەر سەکۆیەك لە گڵ دەخرێت، بە دەسکەسندۆڵ ساوەر و گەنمەکوتاو و شتی ترشی تێدا دەکوترێت.



**سنگ** دارێکی پتەوی لوولەکی سەردادراوە. تیرەکەی 3 و درێژییەکەی 10 سم دەبێت. بە هۆی قوڵفەوە، لە سەرەوەی تەختەی ڕەشماڵی دەدرێت.

**سەبەتە** توڵێنەیەکی قوڵی چنراوە. لە شوڵی تەڕ و بە تایبەتیش لە شوڵی بییە. لە شێوەو قەبارەدا چەند جۆرێکی هەیە. هێلکەی خۆت مەخە سەبەتەی خەڵکیەوە! (پەند)



**سەبەتەپەلە** کەرەستەیەکی لە شوڵ چنراوی تەخت و بازنەییە. تیرەکەی بە گشتی 70 سم دەبێت. زۆرتر لە شووڵی بی ساز دەکرێت و بۆ نان لەسەر تەڕکردن و هاوینانیش بۆ بامیێ و لەتکەتەماتە و قەلانە هەنجیر وشککردنەوە بەکاردێت.



**سەبەتەقووڵە** کەرەستەیەکی لە شووڵ دروست کراوە. نزیکەی 30–40سم قووڵە. بنەکەی تەخت و بۆ سەرەوەی هەراوەز بۆ شوشتنەوەی گەنم و دانەویڵە و مەبەستی تر بەکاردێت.



**سەبەتەی پیاڵە** توڵینەیەکە لە شێوەی قاپێکی قوڵدایە و پیاڵە و ژێرپیاڵە و قۆری دەخرێتە ناو.

**سەبەتەی وردەواڵە** چنراوێکە لە تووڵ یان لاسکی گەنم و بە شێوەیەکی جوان دەچنرێت. دەمەکەی بچووکە و سەرقاپدارە. لە خوارەوە قووڵ و بەرینە. بەقاڵ یان وردەواڵەفرۆش بابەتی وردەواڵەی تێدا دەفرۆشێت.

**سەبیل** ئامرازی تووتنکێشانە. لە قوڕی تایبەتیی و سوورەوەکراو یان داری پتەو دروست دەکرێت.

کوتە سەبیلێ لە قولەمشتە

کوتە گوریسێ لە گازی پشتە! (فۆلکلۆر)

**سەبیلە** بڕوانە: سەبیل.

**سەتڵ** بڕوانە: پەقرەج.

چی بکەم بۆ یەکێ، بیگرم بە کرێ

سەتڵە ئاوەکەت لەگەڵ هەڵگرێ (فۆلکلۆر)

**سەپك** بڕوانە: تێڵا.

**سەپێك** بڕوانە: سێپا 2

**سەراو** بڕوانە: ئاودەست.

**سەراورە** ئاسنێکی سێ پایە. ئاگری دەخرێتە ژێر بۆ گەرمکردنی ئاو و چێشت و چا لێنان.


وەك سەراورەی چۆتە دەملیمەوە! (ئیدیۆم)



**سەربار** تایەك دانەوێڵە یان کەلوپەل و شتی ترە، دەنرێتە سەر باری پشتی وڵاخ.

گشت کارێکم کارەن، نان و هەمیرەکەم سەربارەن! (پەند)

**سەرزین** قەیفەی ڕەنگاوڕەنگە. بۆ جوانی، بەسەر زیندا دەدرێت. لە پێشەوە بە کەڵپۆسدا و لە دواوەشدا بە قەڵتاخدا دەدرێت.



**سەرتەون** کشتەکەبەنێکی چوار تاڵییە. دووان لەمدیو و دووان لەودیوەوەیە. کاری هەڵکێش و داکێشی تانەکە دەکات لە دەزگای تەوندا.

**سەرپەڕگ** ئەو پارچە قوماشەیە بەسەر گیرفانی کورتەکەوە دەدورێت و گیرفانی پێ دادەخرێت.

**سەرجل** پارچە کلیمێك یان کۆنە لبادێکە و دەخرێتە سەر کورتانی وڵاخ.

**سەردار** دارێکە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی دوو فاقی هەردوو کۆڵەکەی تەونەوە، بەنی تانی تەونەکەی بە هەردوو دیودا پێوە دەبەسترێت.

**سەرداو** بڕوانە: سارداو.

**سەردەرانە** بڕوانە: سەردەرە.

**سەردەرگا** شوێنێکی هەڵکۆڵراوە لە داری سەرگا کە بەشەی سەرەوەی دارتەپانی لاشیپانەی دەرگای دەچێتە ناو و بەشی خواوەیشی دەچێتە ناو گێژەنگە بۆ کردنەوە و داخستنی دەرگاکە.

**سەردەرە** دارێکی لوولەکییە. دەکەوێتە بەشی سەرەوەی لانك و هەردوو لای سەر و خوار پێکەوە دەبەستێتەوە. تیرەکەی نزیکەی 4 سم و درێژییەکەی بەپێی درێژیی لانکەکەیە. بۆ توونـدکردنی دەسرازە و هەڵگرتن ڕاژەندن بەکاردێت.

**سەرشیرە** پارچە پەڕۆیەکی چوارگۆشەیی یان بازنەییە. بۆ شیر داپۆشین و پێچانەوەی نان و پێخۆر بۆ کەژەوان و وەك خوانیش بەکاردێت.

**سەرکڵاو** بڕوانە: کڵاوبۆرە.

**سەرکەڵ** بڕوانە: تێڵا.

**سەرکەلە** بڕوانە: سەرکەللە 1

**سەرکەللە 1** ئەڵقەیەکی لە موو هۆنراوەیە. دەدرێت بە بەشی سەرەوەی ئەمسەر و ئەو سەری ڕەشماڵدا. لە کاتی مردنی کەسێکی ئازیزدا ژنان سەرکەللەی دەواری دەکەنە مل.

شەرتە بپۆشم سەرکەللەی دەوار

بکەومە شوێنت هەوار بە هەوار (فۆلکلۆر)

**سەرکەللە 2** پەت، کەژوو یان قایشە. لە هەردوو سەرەوە بە ئەڵقەی قەڕازەی چارەوێ و هێستر و وڵاخەوە دەبەسترێت و دەکرێتە سەریان.



**سەرکەنە** کشتەکێکە، دەبەسترێت بە چەند دارێکەوە و کوڵۆشەی پێ دەگوێزرێتەوە.

**سەرگوە** بڕوانە: سەرکەللە2.

**سەرگوێ** بڕوانە: سەرکەللە2.

**سەرنیا** بڕوانە: سەرین.

**سەرەتەشی** پارچەیەکە بە سەرەوەی کلکەتەشیەوە. شێوەکەی خڕ یان خاچ ئاسایە.

**سەرەد** بڕوانە: کەو.

**سەرەمژانە** دارێکی پتەوی نزیکەی 15 سم درێژ و 4 سم ئەستوورە. دەخرێتە کونی مژانەوە و ئەڵقەی دواوەی بنەوەند (ئیرتە)ی دەخرێتە سەر بۆ پێکەوە بەستنەوەی نیر و مژانە.

**سەرەمژانکە** بڕوانە: سەرەمژانە.

**سەرەن** بڕوانە: کەو.

**سەرەنیر** پارچە دارێکی پتەوە، نزیکەی 20 سم درێژ و 3 سم ئەستوورە. سەرەکەی ئەستوورە یان گرێدارە. دەخرێتە ناو کونی دارنیرەوە. ئەڵقەی یەکەمی بنەوەند (چەمەرە)ی بەسەردا دەکرێت و بەهۆیەوە نیر و مژانە پێکەوە دەبەستێتەوە.

**سەرهەفسار** بڕوانە: دەسەڕەشۆ1.

**سەرین** تووڕەکەیەکی لوولەکییە، هەردو سەرەکەی پڕوودارە. لۆکە، پەڕ، پارچەپەڕۆی تێ دەکرێت، بۆ خستنە ژێر سەر.

دوو سەر لەسەر سەرینێ

ناسکۆڵەی نازەنینێ

کام لات ماچکەم ئامینێ (فۆلکلۆر)

**سەکۆ** بەرزاییەکی گڵینی لاکێشەییە. لە حەوشە یان لەبەردەمی ماڵدا دروست دەکرێت. بۆ لەسەر دانیشتن و خەوتن بەکار دێت. لە بەرزیی و پانیی و درێژییدا جۆراوجۆرە

سنگی تەختە وەك سەکۆ

مەمکی خڕە وەك لیمۆ (فۆلکلۆر)

**سەلکەبزووت** بڕوانە: بزووت.

**سەلکەتەشی** بڕوانە: سەرەتەشی.

**سەلکەترخێنە** خواردنێکی وشککراوەی کوردەوارییە. گەڵا و سەلکی شێلم و تێکەڵ بە بڕوێش (دوای ئەوەی پێکەوە دەترشێن) دەشێلرێت و وشك دەکرێتەوە.

**سەماوەر** ئامرازێکی کانزاییە. جۆر و ڕەنگ و قەبارەی جیاوازی هەیە. دوو بەشە، شوێنی سووتەمەنی وەك خەڵووز، نەوت، گاز و کارەبا و شوێنی ئاویشی هەیە. بۆ ئاو گەرمکردن و چالێنان بەکاردێت.

سەماوەر وەرشە، قۆری کاری ڕووس
پیاڵە گیژدانە لەبەر ماڵی دووس (فۆلکلۆر)



**سەماوەری چایخانە** تەنکییەکی بچووکی شێرەدار و سەرقاپدارە و ئاوی تێدا گەرم دەکرێت.



**سەمەندۆك** پەتی ملی سەگ و تانجییە کە سەرەکەی بەستراوە بە دارێکەوە بۆ ئەوەی نەیگەزێت.

**سەمتوور** بڕوانە: سەنتوور.

**سەنتوور** ئامێرێکی مۆسیقی ژێدارە.

**سەنگکێش** بڕوانە: بەردکێش.

**سەنگیا** بڕوانە: سەرین.

دەسەکەت بێنە بیخە گەردنم

بیکەرە سەنگیا بەر لە مردنم (فۆلکلۆر)

**سەوە 1** دەفرێکی لە شوڵ چنراوی مەیلە و بازنەیی و قوڵە. لە شووڵی بی دەچنرێت. بەشی ژێرەوەی تەسکە و بۆ سەرەوە گەورە دەبێتەوە. قوڵییەکەی 70 تا 80 و پانی 50 تا 60 و تیرەکەیشی 40 بۆ 50 سم دەبێت. بۆ زبڵ و ڕیخ و پشقل و تەرسی نێو تەویلە و گەوڕ و ئاغەڵ و چەند مەبەستێکی تریش بەکار دێت.

**سەوە 2** دەفرێکی لە شوڵ چنراوی لوولەکی یان قوچەکییە. لە بەرچنە بچووکترە. دەسکێکی لە خۆی بۆ دروست دەکرێت. لە کاتی گێرەکردندا، گێرەوان بە دەستییەوە دەگرێت و ئەگەر ولاخ و گاجووتی نێو گێرەکە تەرس و تەرسەقول و ڕیخیان لێ بەربێتەوە، لەبەریان ڕادەگرێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە سەر خەرمانەکە.

**سەوەڕیخ** تولێنەیەکە بۆ گواستنەوەی ڕیخ و تەپاڵە و سەنێر و تەرس بەکاردێت.

**سەوەشیر** جۆرە چنراوێکی گەورەیە. لە تولْ یان قامیش. دەدرێت بەسەر شیر و ماست و لۆر و پەنیردا، یان دەدرێت بەسەر پەلەوەردا و بۆ ڕاوی باڵندە و بۆ مەبەستی تریش بەکاردێت.

**سوامە** جۆرە چیغێکە لە تەرکە و بیکە و بەن دەچنرێت.

**سوخمە** ئەو پارچەیە لەشێوەی یەلەکدا، واتە بێ قۆڵ و تاوەکو دەگاتە (بیبین گا، پشتوێن، بیبینگا)ی و لەپێشەوە، بەهۆی قولاپەوە، سنگی لەلای قەدیەوە، دەهێنیتەوە یەك و توند تۆڵی دەکاتەوە.



**سوژن** تەنێکی کانزایی پتەو و لووسە. نووکەکەی تیژە و سەرەکەی تری ئەستوور و کوندارە، قەوارە و شێوەی جۆراوجۆریان هەیە و بۆ مەبەستگەلێکی جیا جیا بەکاردێت، وەك: دوورینی دەمی جەواڵ، هۆڕ، تووتن پێوەکردن... هد

سوژنی بە جەرگیدا کرد. (پەند)

**سوژندان** کالانێکی بچووکە لە قایش یان دار یان قامیش، سوژنی تێدا هەڵدەگیرێت.

**سورمه 1** پارچە قوماشێکی سیمداری ڕەنگاوڕەنگە و بەرۆکەکەی بە سیم چنراوە. لەلایەن پیاوماقوڵ و بەتەمەنەکانەوە دەدرێت بەسەرشاندا.

**سورمە2** دەزوویەکی باریکی بریسکەدارە، بە لێواری عەبا و گوڵەنگەی چەفتە و شتی تردا دەدورێت.

**سۆڵ** جۆرە نەعل (سەرپا)یەکە لە چەرمی خۆشە کراو دروست دەکرێت.

هەروا ئەڕوا بە ناو دێیا
جووتێ سۆڵی وا لە پێیا
خشپەی ئەکرد بە شوێن مێیا (فۆلکلۆر)

**سووزگی** دەفرێکی بازنەیی کون کونە، بۆ چۆڕاندنەوەی ئاوی برنجی پلاو بەکاردێت.



**سوولە** سنگۆڵەگەلێکی باریکی نووکتیژە. بۆ قایمکردنی (بەرماڵ)ی دەوار بەکاردێت.

**سوێبانە** بڕوانە: گوێسەبانە.

**سویزندان** بڕوانە: سوژندان.

**سوێنە** دەفرێکی گڵینی پەلە، لێوارەکانی نەختێك بەرزن. بۆ کەشك تێدا سوینەوە بەکاردێت.



**سیکارد** بڕوانە: کێرد.

**سیرم** بڕوانە: زوێڵوە چەرم.

**سیرمە** بڕوانە: زوێلوەچەرم.

**سیرۆکە** پارچە ئاسنێکی چوارگۆشەییە. درێژییەکەی 12 سم دەبێت. بە چواردەوری کلچێوکی تۆپی جەنجەڕەوە بۆ قایمکردنی کلچێوك و کلدان چەسپ دەکرێت.

**سیرێژ** بڕوانە: شیرێژ.

**سینەوەن** قایشێکی سێ سەرە کە ڕیشاڵی لێ بەردەدرێتەوە. لە لای ڕاستەوە، بە تەکەڵتوەوە قایم کراوە و سەری ناوەڕاستی کە لە نێوان هەردوو دەستی ئەسپەکەدایە. قوڵفەیەکی درێژکۆڵەیە لە قایشەکە خۆی، تەنگەی تێهەڵدەکێشرێت، سەری لای چەپی بە تەکەڵتووەوە دەبەسترێت.

**سینی** دەفرێکی پەل بازنەییە، کۆن لە مس و ئێستا لە کانزا دروست دەکرێت، بۆ نان لەسەر خواردن و مەبەستی تر بەکاردێت، گەورە و بچووکی هەیە.




**سیوسیوە1** دوو داری پتەون، نزیکەی مەتر و نیو درێژ و 3 تا 4 سم ئەستوورن، سەرێکیان دوو لکی شێوە کراوەیە، دەخرێنە کونی باگردێنی دارین یان بەردینەوە، بە شێوەی یەکتربڕ پێکەوە دەبەسترێن، لە کۆتاییەکەیشیان پەتێك هەیە بۆ دەست پێگرتن، بۆ ڕاکێشانی باگردێن و گێڕانی سەربانی گڵین بەکاردێت. ئەم جۆرەیان زۆر سەرەتا بووە، دواتر کە ئاسن پەیدا بووە، سیوسیوەی ئاسن و بە قەبارەی بچووك دروست کراوە و پەتیان تێخراوە.

**سیوسیوە2** بڕوانە: گێژەنگە.

ئەرزێ نییە سیوسیوەی دەرگای لێ نەگێڕابێ! (پەند)

**سێپا** بڕوانە: سەراورە.

**سێلك1** ئامرازێکە، دەمەکەی سێ لقی ئاسنە و کوپێکی هەیە بۆ تێکردنی کلکەکەی. بۆ قرچ داخستن و پەڕەناو و بنملك بەکاردێت.



**سێلك2** ئـامرازێکی کشـتوکاڵییه. سـێ تـا پێـنج لقـی هەیـه. بـۆ مەبەسـتی کـا داگـرتن، قـرج داخسـتن، پـەڕەناو بنملـك بەکاردێت.

**سێته** پێنج تا دە تاڵ بەن و مووی بادراوە بەیەکەوە.

**سێپێك** بڕوانە: سێپا2.

**سیخمه** بڕوانە: سوخمە.

**سێڕسکێن** یارییەکە لە نێوان دوو کەسدا، هەریەکە و سێ بـەردی جیـاواز یـان هـەر شـتێکی تـری جیـاواز، لەسـەر چوارگۆشەیەکی چوار خانەییدا، هەرکەسە و سێ بەرد ڕیزکات و بە براوە دەژمێررێت.

**سێرقاوە** دەفرێکـی کـانزایی و بازنـەیی دەسـکدارە. دەسـکەکەی دوو فلیقانەیە. بۆ برژاندنی قاوە بەکار دێت.

**سێڵ** پارچـە کانزایـەکی ئاسـنی بازنـەیی و قـۆقزە. دەخرێتـە سـەر سـێپا یـان سێکوچـکەی بـەرد. بـۆ نانبرژانـدن بەکاردێت.

**سێکوچکه** بڕوانە: سەراورە.

**سێلکه** بڕوانە: سێلك.

**سێو بە** بڕوانە: مێخەك بە تورنج.

**مێخەك**

**شاخی** بڕوانە: کەڵەشاخ.

**حەجامەت**

**شاگردە** دارێکی سەر بە ئاڵقەیە و جۆڵا تاڵی ڕایەڵەکانی پێ دەژمرێت.

**شاگونج** دارێکە لە شێوازی ڕەحەتی، دەخرێتە دەم دۆڵاشی ئاشەوە، ڕوو لە پەڕەکان دەکات بۆ خولاندنەوەیان.

**شاڵگەردن** ملپێچیی لە خووری چنراوە. بستێك پان و مەتر و نیو درێژە و لە کاتی سەرمادا لە مل دەکرێت.

**شاڵینە** تەنراوێکە، ڕووبەرەکەی 1 بە 2 م دەبێت. لە بەنی زۆر باریك بە تەون دەتەنرێت. ژنان لە کاتی مەڕدۆشیندا دەیکەنە کۆڵ یان بە بەرۆکیاندا دەدەن. کەلوپەل و جلیشی تێ دەکرێت، کە کۆنیش بوو، پشقل و پەینی پێ دەڕێژرێت.

**شانەی دار** تەختەیەکی تەنکی لوسکراوی ددانداره. شێوەی چوارگۆشەیی و هێندەی لەپێك دەبێت. لە دوو لاوە ڕیزە ددانی هەیە. ڕیزێکیان ورد و ڕیزێکیان درشت، ژنان سەر و پرچیان پێ دادەهێنن.

ئەوا تۆ دەڕۆی بمبە لەگەڵت

لە جیاتی شانە بمخە باخەڵت (فۆلکلۆر)



**شانشین** بڕوانە: هەورەبان.

**شاوڵ** ئاسنێکی خڕ و درێژکۆڵەی قورسە. بە بەنێك یان کشتەکێکەوە بەستراوە، وەستای دیوار خواری و گێڕی دیواری پێ بەراورد دەکات.

**شقڵ** بڕوانە: شەقڵ.

**شمشە** پارچە تەختە یان کانزایەکە. مەتر و نیو درێژ و 6 سم پان و 4 سم ئەستوورە. بۆ ڕێك و لووسکردنی لەبغ و گەچکاری و ڕێککردنی لێوار و گۆشە بەکاردێت.

**شمشێر** بڕوانە: شیر.

**شمشێرە** دارێکی پتەوی لەلەکراوە، دەخرێتە ناو کیسەڵەی دەرگا بۆ کلۆمدان و کردنەوەی.

**شوقەلەت** بڕوانە: هەرزاڵ.

**شونکی حوشترۆکە** پارچەیەکە لە جەنجەڕ. دوو داری چوارگۆشەیە لە داری حوشترۆکە داتاشراوە. درێژییەکانیان 10 سم دەبێت. هەردوو داری پردۆکەی دەخرێتە سەر و تێهەڵکێش دەکرێن و جەنجەڕەکە توونند دەکات. سەرەکانیان 4 تا 5 کونی بە ئەندازەی دەمی سیگاریان تێدایە و تایبەتن بە سیگار کوژاندنەوە.

**شۆرتك** چنراوێکە لە بەنی سادە یان ڕەنگامە و بۆ دەسرازە و بەنەخوێن بەکار دێت.

**شەبکە** بڕوانە: تەپکە.

**شەپقە** کڵاوێکی بازنەییە، لە سرووتی گەنم و شتی تر دروست دەکرێت.

**شەدە** پارچە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی چوارگۆشە یان لاکێشەییە. قەراغەکانی ڕیشوودار دەکرێت و هەڵدەبەسترێت. پیاوانی هێندێك ناوچە، وەك مێزەر لەگەڵ کڵاو لە سەریان دەبەستن.

شەدەم بۆ دەربەندی دەویێ! (پەند)

**شەربە** بڕوانە: ئاوخۆری.

**شەرغە** بڕوانە: شەغرە2.

**شەغرە 1** کەرەستەی قرچە کێشانە، چنراوێکی بێ کونە، قرچەی تێ دەکرێت و بە قوڵفە دەبەسترێت.

**شەغرە 2** کەرەستەی قرچە کێشانە، لە دار دروست دەکرێت، دوو تای هەیە، قرچەی دەخرێتە سەر و دەبەسترێت.



**شەقەو** مشارێکە لە ئاسن. دوو مەتر درێژە، لە کاتی کارپێکردندا

**قەرەچیو** ئەمسەر و ئەوسەری بەدەست دەگیرێت و بۆ داربڕین بەکاردێت.

**شەقڵ** ئامرازێکی دارینی شێوە لاکێشەیی دەسکدارە. ڕووەکەی ناوی ئەڵڵا یان (الله اکبر یا بسم الله الرحمن الرحیم) ی لەسەر هەڵکۆڵراوە، بۆ مۆرکردن و دیاریکردنی خەرمانی سوور بەکاردێت.

**شەقڵە** دارێکە لە مەچەك باریکترە و نزیکەی مەتر و نیو درێژە. لە دارەڕای خانوودا بەکاردێت و سەرێکی دەخرێتە سەر دیوار و سەرەکەی تری دەخرێتە سەر تیر یان کاریتە.


**شەقڵە و شیشە** چەند ڕیز تەژە (شەقڵە)یەکە داری باریك (شیشە)یان خراوەتە سەر، بۆ پێداهەڵواسینی گەڵا تووتن بە قەدەکەیانەوە سەرەوبن بە مەبەستی وشکبوون، لە ژووری ماڵدا بەکاردێت.

**شەکراو** گیراوەی شەکر و ئاوە، کۆن لە بۆنەکاندا لە جیاتی شەربەت و خواردنەوەی تر بەکاردێت.

بیستوومە شەکراوت دەخورێ


لەسەر دڵم بووە بەگرێ (فۆلکلۆر)

**شەکردان 1** دەفرێکی دارینی بازنەییە. تیرەکەی 20 و قوڵییەکەی 7 سم دەبێت. ناوەڕاستەکەی، پارچە دارێکی لوولەکی بە بەرزی 7 سم چەسپ دەکرێت و بۆ شکاندنی شەکری کلۆ بەکاردێت.



**شەکردان 2** دەفرێکـــی بچـــووکی بازنـــەیی خـــڕە. کڵـــۆی شـــەکری تێدەکرێت. سەرقاپدار و بێ سەرقاپیشی هەیە.

**شەکرشکێن** ئامرازێکە لە ئاسن یان زەرد، لە شێوەی (تەشوێ)دایە. کلکدارە و بۆ شکاندنی کەللە شەکر بەکاردێت.
شەکرشکێن گرت وە دەستەوە
پەی شەکەر شکنا سەروین بەستەوە. (فۆلکلۆر)



**شەمدان** قاعیدەیەکـە لـە مس یـان تـوج، مـۆمی تێـدا دادەنرێـت. قەوارە و شێوازی جیاجیای هەیە.



**شەمعدان** بڕوانە: شەمدان.

**شەن 1** ئامرازێکی دارینە، لە دوو بەشی کلك و دەم پێك دێت،

دەمەکەی 3 تا4 داری وەك کلکەتەشی 30 سم درێژن و سەرێکیان بە سیرمە بە کلکەکەوە توند دەکرێن و شێوەی سێگۆشە وەردەگرن. بۆ هەڵگێڕ و وەرگێڕ یان بە باکردنی پاخوا بەکاردێت.

شەنەی تێنا!! (ئیدیۆم)



**شەن 2** ئامرازێکی دارینە، لە دوو بەشی کلك و دەم پێك دێت. دەمەکەی 4 تا 7 داری وەك کلکەتەشی 30 سم درێژ دەخرێنە پارچە تەختەیەکی کون کونکراو و بە سیرمە قایم دەکرێن. هەر ئەو پارچە تەختەیە کە نووکەکانی پێوە توند کراون. لە سەریچکییەوە، کونێکی تێ دەکرێت و کلکێکی دارینی ڕێك و ڕاستی تێ دەخرێت و بە سیرمە قایم دەکرێت. بۆ کاری سەر جۆخین و زۆرتر بۆ پەڕەناو و بنملکی و وردەکوتو شەنکردن بەکاردێت.

**شەنەی هەلاجی** ئامرازێکی دارینە، دەمەکەی 4 لك و دەسکێکی کورتی هەیە. هەلاج دوای ئەوەی خوری یان پەمۆیەکەی لە کەوان دەدات و شیی دەکاتەوە، بەو شەنەیە هەڵیدەگرێت و لەسەر چیغ یان حەسیر هەڵیدەخات.

**شەوچەرە** ئەو خواردنانەن کە بە شەوان خانەخوێ پێشکەشی میوانی دەکات وەك: گوێز، مێوژ، قەلانەهەنجیر، باسوق و هد...

**شەی خووری** ئامرازی شیکردنەوەی خوورییە، لە تەختە و چەند ریزێك ددانەی تەلی پتەو پێك دێت.

**شیان** ئامێرێکی مۆزیقەی هەوایی دارینە. جۆرێکە لە شمشاڵ و هێندەی شمشاڵ دەبێت. لای ئێزییدیەکان زۆر پیرۆزە و لە بۆنە ئایینیەکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنن.

**شیپ** بەنێکە درێژییەکەی مەتر و نیو دەبێت. لە قەدی مزراح دەئاڵێنرێت. کۆتاییەکەی قوڵفەیەکە یاریکەر پەنجەی شایەتمانی تێ دەخات و بۆ هەڵدان و خولاندنەوەی مزراح بەکار دێت.

**شیپەلغاو** دوو قایشە کە هەریەکەیان پانییەکەی 2 سم و درێژییەکەی 150سم، پەیوەستن بە هەڵقەی دانەلغاوەوە.

**شیر** چەکێکە، لە پۆڵا دروست دەکرێت. شێوەی نیوەکەوانەیی و نزیکەی مەترێك درێژە.



**شیر بە برنج** بڕوانە: شیرەوا.

**شیراز** بڕوانە: شیرێژ.

به خوا و به کەلام، به عەبدولقادر

هیچ شت شك نابەین له شیراز زیاتر (فۆلکلۆر)

**شیرەپە** بڕوانە: پشتکۆڵە.

**شیرەوا** شۆربایەکە لە شیر و برنج و ڕۆن و خوێ و بۆ خواردن ئامادە دەکرێت.


**شیرپاڵوو** پارچە قوماشێکی کەتان یان تەنکە. بۆ پالاوتنی شیری دۆشراو بەکاردێت بەمەبەستی گلدانەوەی هەر خڵتەیەك کە هەبێت.

**شیرمەشك** مەشکەی بچووکە. لە پێستی ساغی بەرخ خۆشە دەکرێت و بۆ تێکردنی شیر لە کاتی بێریکردندا بەکاردێت.

بازی بێریان دوورەدێیە

بێری دێن بێری دێن، شیرمەشکیان پێیە (فۆلکلۆر)

**شیروانە** دەفرێکی گڵینی سەرقاپدارە، بۆ هەڵگرتنی شیر بەکاردێت.



**شیرۆکە** بەشێکە لە جەنجەڕ. تیسلماسکە ئاسنێکە بە بەشی ژێرەوە و بەشێکی سەرەوەی حوشترۆکەوە بۆ پاراستنی لە سوان و داخوران قایم کراوە.

**شیرێژ** بەرهەمێکی شیرەمەنییە، لە دۆی کوڵاو دروست دەکرێت، دەخرێتە ناو توورەکەیەکەوە تا ئاوەکەی دەچکێت و خەست دەبێتەوە، هەندێك جار گیای کوێستانیشی تێکەڵ دەکرێت، لەگەڵ نان و چاییدا دەخورێت.

**شیرێژ بەڕۆن** خواردنێکی کوردەوارییە. نە شلە و نە توندە. لە سێ بەش شیرێژ و بەشێ ئارد و بەشێ ڕۆنی خۆماڵی (ڕۆنی حەیوانی)، ئاو و خوێ ئامادە دەکرێت.

**شێلەگە** بڕوانە: ئاوەژەنە.

**عابا** بڕوانە: عەبا.

**عاشقبەند** خشڵ و بابەتی ڕازاندنەوەیە، لە زێڕ و زیو و چەند زنجیر و پڵپڵە و گۆی خڕ دروست دەکرێت. ژنان بە سینگ و بەرۆکیاندا هەڵیدەواسن.

**عەبا** پارچە قوماشێکی سادەی ڕەشە یان جۆراوجۆرە، ژنان لە دەرەوەی ماڵ بەسەر خۆیاندا دەدەن. هەر عەبایەك 8 مەتر قوماشی پێویستە.

ئەوە هاتە خوار لە ماڵی پووری

دەست لە ژێر عەبا پەنجە بلوری (فۆلکلۆر)

**عەرەبانەی یایلی** ئامێری گواستنەوەیە. لە: تەختە و دار پێکدێت. دوو ڕەوڕەوەی دارین یان لاستیك بە تەنیشتەکانییەوە بەند کراوە. بە دوو ئەسپ ڕادەکێشرێت و جێگەی کەسێك یان زۆرتر دەبێتەوە. جۆری گەورە و بچووکی هەیە.

**عەمار** بڕوانە: عەمبار.

گەنمە سویرە لە عەمارە

نانی جوانم بۆ ئەو یارە (فۆلکلۆر)

**عەمبار** شوێنێکی بڕدرراوی تایبەتە لە ماڵدا. لە: قوڕ و بەرد دروست دەکرێت. گەنم و جۆی تێدا هەڵدەگیرێت.

**عەمبارە** بڕوانە: عەمبار.

**غەڵ** بڕوانە: ئاغەڵ 1، 2، 3

**فاق** بڕوانە: فاقە.

**فاقە** ئامرازی ڕاوکردنە. لە: تەل و تەختە و سپرینگی پتەو و زیتە پێکدێت. بە پەین یان گڵ دادەپۆشرێت و بۆ گرتنی باڵندە بەکاردێت.

**فانۆس** بڕوانە: چرا.

**فتیلە** بڕوانە: پڵیتە.

**فلکەتە** بڕوانە: دەرزی بەریەخە.

**فنجان** دەفرێکی بچووکە. زۆرتر قاوەی پیٚ دەخورێتەوە.

لەگەڵ تۆمە ئەی فاتمە
مەمکت فنجانی گمگمە
خۆم قاوەچیم پێم لازمە (فۆلکلۆر)

**فندەق** بڕوانە: دارلاستیك.

**فەروە** پۆشاکێکە لە کەوڵی بەرخ خۆشە دەکرێت، بۆ لەبەرکردن لە کاتی سەرما بەکاردێت.

**فەریکەڕۆن** بڕوانە: کەرە.

**فەقار 1** حەسارێکی تایبەتە بە وڵاخی بەرزە.

**فەقار2** شیشێکی چەماوەیە، دەخرێتە چوارچێوەی دیواری دەرگاوە، سەری شیپانەی دەرگای دەخرێتە ناو.

**فەقرەج** بڕوانە: پەقرەج.

**فەنەر1** چرایەکی نەوتییە. جاران بە شەوان بە مەبەستی ڕووناککردنەوە لەسەر دیوار یان لە بازار دادەنرێت.

**فەنەر2** کورەیەکی بەرزە. لە: خشت یان قوڕ یان کەڵەکەبەرد دروست دەکرێت. لە کاتی شایی و خۆشی یان لە کاتی پێویستدا بە مەبەستی ڕووناککردنەوە ئاگری تێدا دەم دەدرێت.

**فیشەکدان** قایشێکی ڕەختە، تایبەتە بە فیشەك، لە پشت و شان دەکرێت.

**فیشەگلغ** بڕوانە: فیشەکدان.

**قاپقاپ** سەرپایەکە لە تەختە و چەرم یان قایش دروست دەکرێت. لەبەر ئەوەی بنەکەی تەختەیە لە گەرماودا لە پێدەکرێت.

حوشتر و قاپقاپیان نەوتووە! (پەند)

**قادرمە** چەند پلەیەکی قوڕین یان ئاسنین یان چیمەنتۆیە لە خانوودا، بۆ پێدا سەرکەوتن بەکاردێت.

**قادول** دەفرێکی لوولەکی گڵینە، پەنیری تێدا هەڵدەگیرێت.

**قازەنەمەت** قازانێکە گەنم و جۆی پێ پێوانەدەکرێت. نیوتەنەکە گەنم یان جۆ دەگرێت.

**قاڵب1** دەفرێکی ئاسنینە، لە پیشەسازیدا کەرەستەی تێدا دەتوێنرێتەوە.

**قاڵب2** چوارچێوەیەکە لە دار یان ئاسن. چوارگۆشە یان لاکێشەیە و بۆ بڕینی خشت بەکار دێت.

**قاڵی** بڕوانە: مافوور.

قاڵی و قاڵیچە دوو گوڵ لە بانی

دەردەداری تۆم، ناشێ نەیزانی؟! (فۆلکلۆر)

**قاڵیچە** لە مافوور بچووکترە.

**قاڵنگە** بڕوانە: قەڵانگ.

**قامچی** بڕوانە: قەمچی.

**قامرچی** بڕوانە: قەمچی.

**قامشیر** بڕوانە: قەمچی.

**قامکەبەن** هەڵکردنەوەی گلۆڵەبەنە بە ڕاست و چەپدا و لەسەر باری درێژی.

**قامیشی مێز** نەیجەیەکە لە دەزگای تەونـدا ودەکەوێتە سەروو گوردەچنەوە و بەروپشت بە تانەکان دەکات و چینی ڕایەخەکەی پێ دەچنرێت.

**قاو** بڕوانە: پوشوو.

ئەو باڵا بەرزە وێش دا نیشانم

بێ قاو و چەخماخ ئاور دا گیانم (فۆلکلۆر)

**قاورمە** گۆشتی سوورەوە کراوەیە، بە خوێ و پیاز و پیوی خۆیەوە.

بۆی کزەی کەباب، قاورمەی جەرگم

نە یار دای دەرمان، نە فەلەك مەرگم (فۆلکلۆر)

**قاولغ** بڕوانە: جاخ2.

**قاولغی تفەنگ** کیفێکە بە ئەندازەی تفەنگ، لە: بەرگن، یان چەرم، یان قایش، یان قوماشی ئەستوورە، بۆ پاراستنی تفەنگ لە ژەنگ و تەڕو تووشی بەکاردێت.

**قریاچ** بڕوانە: قەمچی.

**قزناخ** دەفرێکی دارین یان کانزایە، بۆ پێوانەی دانەوێڵە بەکاردێت.

**قسڵ** بڕوانە: ئاهەك.

**قسناغ** بڕوانە: قزناخ.


**قشپلدان** بڕوانە: پشقلدان.

**قلیان ئاوی** ئامرازێکە لە شووشە. لەسەرەوەی، لوولەیەکی دارینی هەیە و لەسەر لوولەکەوە شوێنی تووتن و ئاگری لە کانزا بۆ دروست دەکرێت. لوولەکە، ناوبۆش و لەگەڵ بنەکەی تێهەڵکێشە، شووشەکەیش لە لاوە کونێکی بۆ کراوە و سۆندەیەکی باریکی بەرگکراوی پێوە بەند دەکرێت.

**قوڵەباڵ** بڕوانە: کوڵەباڵ.

**قەترەچەقان** بڕوانە: ئاودوزەك.

**قەپان** ئامرازی کێشانەی کەرەستە و و کەلوپەلە.



**قەپولە** بڕوانە: کەپوڵە.

**قەپووسا زین** بڕوانە: کەڵپۆس.


**قەرپووز** بڕوانە: کەڵپۆس.

**قەرەپوشین** سەرپۆشێکی گەورەی ڕەشە، ژنانی سەرە دەیبەستنەوە بەسەریانەوە.

... بەژنی تۆم دارە، دارەکەی عالەم دە بندا
ڕیشوی قەرەپۆشینێ، دوو لیمۆی زەرد دە بندا
تۆ ئەگەر یاری منی، نیشانەی خۆتم وێدە...
بەشێك لە هەوای "هاتەوە تەیرێ گەرمێنێ" (فۆلکلۆر)

**قەرەسو** بڕوانە مەسینە.

**قەرەچاخ** بڕوانە: سمتراش.



**قەڕازە** زنجیری ورد، قایش و پەتە. بەشی پێشەوەی ئاسنێکی کەوانەیی یان قایش یان پەتە، دەکەوێتە سەرپۆزەی ئەسپ و ئێستر و ولاخ، بە دوو هەڵقەوە بەستراون، کە دەکەونە ئەملاو ئەولای پۆزەوە. بەشی بنەوەی کە دەکەوێتە ژێر چەنەوە، شێوەی سێگۆشەییە و بەستراون بەو دوو هەڵقەی ئەملاوئەولای پۆزەوە، لە سەرەوە بە هەڵقەی ژێرەوە کۆتاییان دێت دۆ ڕەشۆی پێوە دەبەسترێت.

**قەڕتاڵە** دەفرێکی لە شوڵ چنراوە، لە بەرچنە گەورەترە، بۆ تێکردنی ترێ و هەنجیر بەکاردێت.

**قەفەز** چنراوێکە لە شوڵی تەڕ و بە تایبەتیش لە شوڵی بی، لە قەبارەدا گەورە و بچووك و شێوازی جیاوازیان هەیە. بۆ تێدا بەند و ڕاگرتنی باڵندەی کێوی بەکاردێت.

گوڵێکم بۆچییە عەبوس و پەس بێ
هەروەك سوێسکەیەکە لە ناو قەفەس بێ (فۆلکلۆر)



**قەفیژ** دەفرێکی لوولەکیی دارینە. تایبەتە بە کێشانەکردنی دانەوێڵە. نزیکەی 40 کیلۆ دانەوێڵە دەگرێت.

**قەلنە** بڕوانە: قەننە.

**قەڵاشکەری** داری بەڕوو، مازوو یان هەر شتێکی تر، کە بە مەبەستی سووتەمەنی دەقڵشێنرێت، بەگشتی مەترێك یان زۆرتر درێژە و ئەستوورییەکی ناڕێکی هەیە.

**قەڵانگ** دارێکی درێژە. ئەستورییەکەی هێندەی داردەستێکە. سەرەکەی دوو لکە بۆ خوارەوە وەك ژمارە هەشت. بۆ نەویکردنی لقی باریکی داری میوەی وەك مێو، هەنار و هد... بەکار دێت.

لووتی هێندە بڵندە بە قەڵانگانیش نەوی نابێت! (پەند)

**قەڵایی** ماددەیەکی سپییە، تەنەکەچییەکان بۆ بەیەکەوە پەیوەستکردنی دەستکردەکانیان بەکاری دەهێنن.

**قەڵتاخ** شـوێنی دانیشـتنی سـوارە، لـە دار و چـەرم و قـایش و کـەڵپۆس پێکـدێت..؟ شـێوەکەی چـاڵە، پێشـەکەی کـە کەڵپۆسە بەرزە. لە بەشی دواوەی، تا کەڵپۆسەکە بە چەرم دادەکوترێـت. پارچـەیەکی تـری قـایش، کـە پێـی دەڵـێن (یەختـەخان). بـە پـانی دەدرێـت بەسـەر قەڵتاخەکـەداو بەمـدیو و ئـەو دیویـدا شـۆڕ دەبێتـەوە. لـە چـوار گۆشـەی قەڵتاخەکــەوە چــوار حەڵقــەی پێــوە بەکشــتەکی بــەن دەبەسـترێت. کـە ئیشـی بەسـتنەوەی قەڵتاخەکەیـە بـە تەکەڵتووەوە.



**قەڵتاغ** بڕوانە: قەڵتاخ.

**قەڵغان** سـێڵێکی قـۆقز و بازنـەیی پتـەوە لـە پـۆڵا دروسـت دەکرێـت لـە نـاوەوەدا شـوێنی دەسـتپێگرتنی هەیـە، جـەنگاوەر لـە شەڕەشمشـێردا بـۆ بـەرگریکرن لـە خـۆی بەکاری دەهێنێت.



**قەڵماسن** بڕوانە: قۆچەقانی.


شەققەی قەڵماسنی نەبیستووە! (پەند)

**قەڵەخ** بڕوانە: برینگ

**قەڵەم** پارچە ئاسنێکی لولەکی پتەوە، نوکەکەی پان یان تیژە، سەرەکەی تری تەختە بۆ چەکوش لێدان. نزیکەی 20 سم درێژ و ئەستورییەکەی لە گۆلمێك باریکترە.

**قەڵەمبڕ** چەقۆیەکی قەوارە بچووکە، بۆ بڕین و قەڵەمکردنی دار و درەخت و میوە قاشکردن بەکاردێت.

**قەڵەمی ئاسنبڕین** قەڵەمێکی دەمتیژی ئاسنە، بۆ بڕین و ئاسنکاری بەکاردێت.



**قەڵێتە** بڕوانە: کەڵێتە.

**قەم** بڕوانە: کۆل 2

**قەمتەر** زنجیری ڕەشۆیە. دەخرێتە دەمی هێستر کە دەکەوێتە سەر زمان و لە ژێر چەنەیەوە دەبەسترێت، بۆ وڵاخی سەرکێش و چەمووش بەکاردێت.

**قەمچی** تیلماسك (تیلمار)ێکی قایشە. بە گورزەهۆن یان پەلکەهۆن دەهۆنرێتەوە. پەیوەستە بە شیپەلغاوەوە یان جودایە و بۆ لێخوڕینی چارەوێی وشکەڕۆ بەکاردێت.

**قەندان** بڕوانە: شەکردان.

**قەندشکێن** بڕوانە شەکرشکێن.

**قەندە** بڕوانە: قەننە.

**قەندیلە** قوتویەکی سەرقاپدارە. ناوەڕاستی سەرقاپەکەی لوولەیەکی پێوە چەسپ کراوە لەو لوولەوە فتیلەی خامی تێ دەخرێت. لە داگیرساندا دوکەڵی زۆر دەکات.



**قەننە** ئامرازی تووتنکێشانە. دەمەکەی بە قەدەر گۆلمێکە و لە ژێرەوەی کلکێکی نیمچە کەوانەیی هەیە. دەمەکەی بە تووتن دادەگیرێت و پوشوی دەخرێتە سەر و بە بەرد و ئەستێ دادەگیرسێنرێت.
قەلنەی چاك تێ دەكا! (ئیدیۆم)

**قەنیلە** بڕوانە: قەندیلە.

**قەیاسە** تەنراوێکە لە خووری و موو یان قایش، 3 تا 4 پەنجە پان و 6 تا 7 باڵ درێژە. سەرێکی قوڵفەیەکی ئاسنی بازنەیی پێوەیە، سەرەکەی تری قایشێکی بە هەمان پانی پێوە درێژ کراوەتەوە، بار و سەرباری وڵاخی پێ توووند دەکرێت.

**قەیتان** بڕوانە: بەنکاڵە.


**قەیناغ** ئەنگوستیلەی درووەوانە. لە: تەنەکە یان چەرم، دەکرێتە چوار پەنجەی دەستی سواڵەوە، تا گرێی ناوەڕاستی پەنجەکان دەگرێت، بۆ پاراستنی سەرپەنجەی درەوان.



**قوتیلە** بڕوانە: قەندیلە.

**قۆتەڵ** بڕوانە: دۆڵیان.

**قوتووی جگەرە** قوتوویەکی کانزاییە. هێندێك لە پاکەتی جگەرە گەورەترە و جگەرەی بەدەست پێچراوەی تێ دەکرێت.



**قوڕاو** چێشتێکی کوردەوارییە. لە: گۆشتی بەرخ یان گیسك، ماستی مەڕ یان بزن، جاترە، سیر، پەلکە پیاز، قوڕادە، ئاو و خوێ و بە چەوری خۆی ئامادە دەکرێت.

**قورەمە** جۆرێکی هەوجاڕە، لە باسکێش (باسکە)، مژان جودان و پێکەوە دەبەسترێن.

**قوش** بڕوانە: قوشقن.

**قوشقن** قایشێکە هەردوو سەری بە بەشی دواوەی تەکەڵتووەوە بەستراوە. دەخرێتە بن کلکی چارەوێوە، ئاستی بن کلکی بە کلافەی لۆکە پێچراوە بۆ ئەوەی بن کلکی بریندار نەبێت.

**قوچەکە** پەنجەوانەیەکی کانزاییە. لە شێوەی دەفرێکی قوچەکی بازنەییدایە. تیرەی دەمەکەی یەك سم نیو و ژێرەوەی کەمتر و قوڵییەکەی 2 سم دەبێت. لە کاتی دورماندا، دەکرێتە پەنجەکەڵەوە بۆ ئەوەی نوکی دەرزییەکە بە پەنجەدا نەچێت.

**قوفڵ** کەرەستەی دەرگا و دوکان داخستنە. شێوە و قەبارەی جۆراوجۆری هەیە.

**قوڵ** بڕوانە: سندۆڵ.

**قولاپە** بڕوانە: قولاپی ماسی گرتن.

**قولاپی جەنجەڕ** پارچە ئاسنێکی قولاپییە. بە پێشەوەی جەنجەڕەوە قایم دەکرێت و ئەڵقەی مڕانەی دەخرێتە سەر.

**قولاپی حەماڵی** پارچە ئاسنێکی چەماوەیە. لە نووکەکەیەوە تیژە و بۆ دواوە ئەستورە. مشتوویەکی لە پەڕۆ یان دارینی پڕ بە چنگی بۆ دەست پێوەگرتن هەیە.



**قولاپی قەسابی** پارچە ئاسنێکی درێژی چەماوەیە. نووکەکەی تیژە و بۆ دواوە ئەستوورە. بە شتێکی بەرزەوە قایم دەکرێت و قەساب لاکەگۆشتی پێدا هەڵدەواسێت.



**قولاوی ماسیگرتن** ئامرازی ڕاوکردنی ماسییە. پێشەوەی چەماوەیە و لە تەلی پتەو دروست دەکرێت. گەورە و بچووکی هەیە.


**قوڵاغە** بڕوانە: شونکی حوشترۆکە.

**قوڵفەداو** بڕوانە: جەلەداو.

**قوڵکاورە** شوێنێکی لێوارداری قوڕینی چکۆلەیە لە بەردەمی زۆپا دروست دەکرێت. خۆڵەمێش یان پشکۆی ناو زۆپاکەی رادەکێشرێتە ناو.

**قوڵکە** بڕوانە: تەپکە.

**قوڵنگ** ئامرازی زەوی هەڵکەندنە، سەرێکی پانە و سەرەکەی تری قەڵەمییە. لە:کانزای پتەو دروست دەکرێت و کەندەکاری و مەبەستی تر بەکاردێت.



**قوڵینە** سەبەتەیەکی گەورەیە. لە توڵ دەچنرێت و بۆ نان و مەبەستی تر بەکاردێت.

**قونچکەجگەرە** بڕوانە: ئاغزە.

**قونکەجغارە** بڕوانە: ئاغزە.

**قۆپچە** داخەرێکە لە دار یان کانزا یان پلاستیك. بچووکە و شێوەی بازنەیی هەیە. دوو کون یان زۆرتری تێدایە. بە هۆی ئەو کونانەوە لە لای ڕاست یان چەپی کراس یان پاڵتۆ یان کەوا دەدوورێت و بە هۆی کونێکەوە کە لە بەرانبەر خۆی کراوە، دادەخرێت.

**قۆدی** بڕوانە: ئاوێنە.

**قۆچەقانە** بڕوانە: قۆچەقانی.

**قۆچەقانی** تەنراوێکــە هێنــدەی لەپێکــە. هــەردوو شــیپەکە لــە خۆیــەتی و ســێ تــاڵ بــەن یــان زۆرتــرە دەهۆنرێتــەوە. کۆتــایی شــیپی لای ڕاســتی هەڵقەیەکــە دەکرێتــە پەنجەتوتەوە. لە کاتی بەردهاویشتندا، چەند جارێك بە گـــوڕ دەخولێنرێتـــەوە و شـــیپەکەی لای چـــەپی بەردەدرێــت و بەردەکــەی نــاوی قــایم دەڕوا و شــەققەی دێ.

نە ڕێسراوە و نە هۆنراوە شەقەی دێ! (فۆلکلۆر)

**قۆڵ** بەشێکی لوولەکیە لە کراس، لە شانەوە تا سەر مەچەك دەگرێتەوە.

**قۆڵەکەوا** بڕوانە: قۆڵ.

**قۆڵەکراس** بڕوانە: قۆڵ.

**قۆڵپێچ** شریتێکە لە کوتاڵ. دوو گەز درێژ و لەپێك پانە. ژنان لــە کــاتی نانکردنــدا لــە مەچــەکیانەوە تــا ئانیشــکیان دەئاڵێنن بۆ ئەوەی ئاگری ناو تەندوورەکە زیانیان پێ نەگەیەنێت.

**قۆڵچاغە** بەروانکەیەکی قۆڵدارە. لە دواوە بەندۆکەی هەیە. ژنان لە کاتی ئیشکردندا قۆڵی تێ هەڵدەکێشن و لە پشتەوە قایم گــرێ دەدرێــت و جلوبــەرگی ژێــرەوەی دادەپۆشــێت و دەپارێزێت.

**قیر و زفت** موشەممایەکە ڕووەکەی بە قیر و زفت پۆشراوە، بۆ جەستەی شکاو بەکاردێت.

**قیل و زفت** بڕوانە: قیر و زفت.

**قیمەکێش** بڕوانە: چەپەچاغ.

**قێل** بڕوانە: کێل.

**کادان** ژوورێکی گەورەیە، (کا)ی تێدا هەڵدەگیرێت بۆ زستان.
کا لە کادان، جۆ لەسەر خەرمان! (پەند)

**کادێن** بڕوانە: کادان.
کایەکە هی خۆت نەبوو، کادێنەکە هی خۆت بوو! (پەند)

**کاریتە** دارێکی لوولەکی پتەو و ئەستوورە. لە دارەڕاکردنی خانوودا بە مەبەستی قایمترکردنی بنمیچ و بەستنەوەی دارەکانی تری سەر دارەڕاکە لە ناوەڕاستیاندا دادەنرێت.

**کاسە** دەفرێکی لە دار هەڵدەکۆڵرێت یان لە گڵ دروست دەکرێت. بۆ ئاو و دۆ خواردنەوە بەکار دێت. لە جام گەورەترە.
ئەم کاسە بێ ژێر کاسە نییە. (پەند)

**کالان** بەرگێکە لە: چەرم، قایش و کانزا و لە کەمەر دەبەسترێت و خەنجەر و شمشێری تێ دەخرێت. لە قەوارە و نەخشدا جۆراوجۆرن.
دەڵێی خەنجەری دەبانە، خۆی لە کالانێدا ڕاناگرێ! (پەند)



**کاڵەو پێتاو** پێستی کونکراوی سەری (گا)یە. بە بەنی مووین دەبەسترێت. بەزۆری لە زستاندا بۆ ڕاوکردن بەکاردەهێنرێت.

**کاڵـــەی مێشن** کەوشێکی کێش سووک و ناسکی ژنانەیە. لە پێستی خۆشەکراو ساز دەکرێت. ڕووکاری پشتەوەی سەر نووکی بە ئاوریشم دەچنرێت.

**کاول** ژوورێکە لە خشت و قوڕ. بە شێوەی کاتی بۆ ماوەی وەرزێك یان زۆرتر لەسەر مەزرا و بێستان و تووتن دروست دەکرێت، لە هەندێ شوێن، سەرەکەی قوڕپەست دەکرێت.

**کاودان** خواردنێکی کوردەوارییە، گۆشت بە بەز و پیووەوە خوێ دەکرێت و بەبێ ئاو سوور دەکرێتەوە و دواتر دەکرێتە هیزەوە و بۆ زستان هەڵدەگیرێت.

**کرکیت** بڕوانە: کەڵکیت.

**کرمەك** خشڵە، سەرێکی بە لایەکی فێسکڵاوەوە بەند دەکرێت. سەرەکەی تری بە ژێرچەنەدا دەبرێت و بە قولاپ بە لایەکەی ترەوە قایم دەکرێت.

**کرمکە** بڕوانە: کرمەك.

**کرمۆك** بڕوانە: کرمەك.

**کرمۆکە** بڕوانە: کرمەك.

**کرێ** بڕوانە: کەرە.

**کڕکڕ** ئامێرێکە لە دار. شێوەی وەك دەستاڕە و چەڵتووکی پێ کرەدەکرێت.

**کڕنەك** کوتاڵێکی تەخت زبری گوڵ ڕەنگاوڕەنگی ژنانەیە. پیاوانیش دەیکەن بە پشتێن.

**کسڵ** بڕوانە: ئاهەك.

**کشی** بڕوانە: گوڵینگە.

**کفن** خامی سپییە، مردووی تێوەدەپێچرێت.

سەد ڕەحمەت لە کفن دز! (پەند)

**کلدان** توورەکەیەکی بچکووکە. هێندەی لەپی دەست دەبێت. لە باخەڵ دەچێت. لە پارچەی ئەستوور و پێستەی خۆشەکراو و نەخشاو دروست دەکرێت. بەشی سەرەوەی سێگۆشەییە و باریك دەبێتەوە و دەدرێتەوە بەسەر دەمەکەیدا.

کلەی نەماوە بە کلدانەوە

وەختە خۆم بدەم بە سیروانەوە (فۆلکلۆر)



**کلدانە** بەشێکە لە جەنجەڕ. ئەو دوو کونەیە کە لە هەردوو سەری هەر تۆپێك لە جەنجەڕەوەیە و قوڵی هەر یەکێکیان 10 سم و تیرەیان 3 سم دەبێت و کلچێوکەکانی حوشترۆکەکانی دەچێتە ناو مووی کار و کەرەو دووگ و (لەمڕۆشدا گریس)ی تێ دەکرێت. بۆ ئاسانکردنی خولانەوەی تۆپی جەنجەڕەکە و پاراستنی لە خوران و سوان بەکاردێت.

**کلس** بڕوانە: ئاهەك.

**کلچێوک1** بەشێکە لە جەنجەڕ. پارچە ئاسنێکی لووس و خڕە. درێژییەکەی نزیکەی 10 و پانییەکەی 3سم دەبێت. بە حوشترۆکەوە بەندە و بۆ سوڕاندنەوەی تۆپی جەنجەڕ دەچێتە ناوکلدانەی تویێیەکانەوە.

**کلچێوک2** دارێکی بچووکی باریکی لوولەییە. دەزووی پێوە دەبەسترێت بە کلدانەوە. لە سەرەوە بۆ خوارەوە باریك دەبێتەوە.

ئاوێنە ناڕان میل هاوردە چەم
زوڵف کەرد وە سەیوان لوتەوانەو دەم (فۆلکلۆر)

**کلچێوکە** بڕوانە: کلچێوك.


**کلکە کۆچك** بڕوانە: کلکۆچك.

**کلکەتەشی** دارێکی لوسکراوی باریکی قوچەکییە. لە درێژییدا، جۆراوجۆرە. بۆ پلدانی تەشی بەکاردێت.

**کلکەوانە** بڕوانە: ئەنگوستیلە.

**کلکۆچك** پارچە قوماشێکی ئاسایی یان ئاوریشمییە. سێ پەنجە پانە و لە کۆتاییدا باریك دەبێتەوە. بە دواوەی کۆچکەوە دورراوە و تا سەر کەمەر درێژ دەبێتەوە.

**کلێتە** جۆرێکە لە کڵاو. لە: دەزوو، بەن، مووی مەرەز دەچنرێت. تەوقە سەری گوڵەنگەی پێوەیە. لە تەنیشتەکانییەوە بەرەو خوار باریك دەبێتەوە و بە گوڵنگ کۆتایی دێت. سەرتوێڵی هەیە، لە دواشەوە بۆ سەر مل درێژ دەبێتەوە. جۆری زۆرە، هەیە سادەیە و هەشە بێ گوڵەنگە.



**کلیل و کلۆم** دارێکە لە شێوەی کلیل لە ناو کیسەڵەدا. بە پشتی دەرگاوە دادەکوترێت و دەرگای پێ کلۆم دەدرێت.

**کلیل1** ئامرازێکی کانزایی یان دارینە و بۆ داخستن و کردنەوەی دەرگا بەکاردێت.

**کلیل2** بەشێکە لە سندوقی تووتن داگرتن. دارێکی لوولەکییە. درێژییەکەی قولانجێك و کەمێك ئەستوورە. ژمارەیان چوار دانەیە. وەك پیم دەخرێنە کونی گۆشەی سندووقی توتنەوە و بە مەبەستی ئامادەکردن و قایمکردنی بۆ تووتنداگرتن بەکاردێت.

**کلیم** بڕوانە: بەڕە.

**کلاو** جۆرە دەستکرد یان چنراوێکە. لە: قوماش یان نەوگ یان دەزووی سادە و ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکرێت. پیاوان بە: تەنیا یان یان لەگەڵ مێزەر و شەدە و مشکیدا لەسەریانی دەنێن. جۆر و قەوارەی زۆرە.

مەتەڵ: سەری تەسکە و بنی بلاوە

ئەگەر نایزانی، کەرە کلاوە، کەرە کلاوە! (فۆلکلۆر)

**کڵاو قوچ** کڵاوێکی قوڵ و درێژ و قوچەکییە. لە بەرگن دروست دەکرێت. بە زۆری دەروێش و سۆفیی و خواناسی کاکەیی و ئێزدی و بەکتاشییەکان لەسەری دەکەن.

**کڵاوبۆرە** کڵاوێکی قوچەك ئاسایە. شان و مل دەگرێتەوە. بەسەر فەرەنجیی و کەپەکدا دەکرێتە سەر و بۆ پاراستنی لە باوبۆران بەکاردێت.

**کڵاوڕۆژنە** بڕوانە: کولەکەبان.

**کڵاوە** دارێکە نزیکەی 3 سم ئەستوور و 60 سم درێژە. سەرەکەی ئەستوور یان خڕە. بە کونی نیردا دەکرێت. دەخرێتە ملی گاجووت، هێستر، بارگیر، گوێدرێژەوە.

**کڵاووەرە** جۆرە کڵاوێکی پان و لێواردارە. لە بەرگن دروست دەکرێت. بە هاوین لەبەر گەرما و تیشکی خۆر لەسەر دەنرێت.

**کڵاوی بیرهەڵکەن** کڵاوێکە تایبەتە بە بیرهەڵکەنەکان لە کاتی کارێز و بیر هەڵکەندندا بۆ ئەوەی سەریان لە بەرد و گڵی ناو بیرەکە بپارێزرێت، لەسەریانی دەنێن. شێوەکەی، درێژ و گومەزییە. لە بەرگن، ئاسن یان پلاستیك دروست دەکرێت.

**کڵاوگۆری** بڕوانە: کلێتە.

**کڵۆجە** بڕوانە: کولێجە.

کڵۆجە ڕێ ڕێ، دەسماڵ خاقانی


کاری ئەمن و تۆ دنیا پێی زانی (فۆلکلۆر)

**کڵۆنجە** بڕوانە: کولێنجە.

**کەباب** گۆشتی قیمەکراوی برژاوە.

**کەت** بڕوانە: تەختەبەن.

**کەتوو** ئامرازێکە لە ئاسن. بۆ جۆماڵکردن و بە دوو کەس بەکاردێت.



**کەپر** شوێنێکی بچووکە لە کوڵەکەی بچووک و داری باریک و قوبە و قامیش و زەل، بە شێوەی کاتی بۆ ماوەی وەرزێك یان زۆرتر لەسەر بێستان دروست دەکرێت.

ئەگەر نەبوایە بە لۆمەی وڵات

کەپرێکم ئەبەست شەو و ڕۆژ لە لات (فۆلکلۆر)


**کەپشکان** بڕوانە: هەورەبان.

**کەپنەك** بڕوانە: کەپەنك.

**کەپەن** بڕوانە: کەپەنك.

**کەپەنك** پۆشاکێکی ئەستووری بێ قۆڵە. بۆ زستان گەرمە و ئاو دانادات. بۆ گەرمای هاوینیش فێنکە. درێژییەکەی تا ئەژنۆ دێت. لە ماڵین و سوانی بەرگن دروست دەکرێت. زۆرتر شوان بەکاری دەهێنێت.

پاشی بارانان کەپەنك! (پەند)



**کەپوڵە** دەفرێکی بچووکە. لە کاتی باراش لێکردندا، مزەی ئاشەوانی پێ لێ دەگیرێت.
حوشتر بە کەپوڵەی تێر ناخوا! (پەند)

**کەچك** بڕوانە: کەوچك.

**کەژاوە** سندوقێکی دارینە، بۆ گواستنەوەی: بووك، منداڵ و پەککەوتەی کۆچەری لە کاتی کۆچ و باردا و پیاوان و خانمانی پلە بەرز بەکاردێت، گەورە و بچووکی هەیە.
بیکە بۆ خاتر زەردەی خۆراوا
سەرێ دەر بێنە لە توێی کەژاوە (فۆلکلۆر)

**کەژوو** چنراوێکە لە خووری و موو دروست دەکرێت. 5 بۆ 6م دەبێت. لە سەرێکەوە ئەڵقەیەکی ئاسنی پێوەیە. کورتانی گوێدرێژ و وڵاخی بەرزە و باری پێ تەنگە دەدرێت.

**کەژی** بڕوانە: کەژوو.

**کەرە** چەورییەکی سپی یان زەردە، لە ئەنجامی ژەندنی ماست و ئاودا دروست دەبێت.

**کەرتوو** بڕوانە: دێراو.

**کەردوو** بڕوانە: دێراو.

**کەشەفی** بڕوانە: سینی.

**کەشك** بەرهەمێکی سپیاییە، لە دۆ و لە وەرزی بەهاراندا دروست دەکرێت و دواتر دەسوێنرێتەوە و لە چێشتی دۆ و ڕۆندا بەکاردێتەوە.

**کەشکەك** خۆراکێکی کوردەوارییی مەیلە و شلە. لە: گۆشت بە گشتی و بە تایبەت لە سەروپێ، گەنمەکوتاو، ئاو و خوێ و هەر بە چەوری خۆیەوە ئامادە دەکرێت.

**کەشکۆڵ** دەفرێکی هێلکەیی قوڵە. لە توێکڵی گوێزی هیندی و شتی تر ئامادە دەکرێت. زنجیر یان قایشێکی درێژ بەملا و لایەوە بەند دەکرێت. لە کۆندا دەروێش و سۆفی خواردن و خێر و وردە پێویستی خۆیان تێ دەکرد و بە شانیاندا دەکرد. لە شێوەو قەبارەدا جیاوازە.

دەروێش بۆ خۆی دەزانێ چی لە کەشکۆڵدایە! (پەند)



**کەفەڵپۆش** پارچە قایشێکە بەستراوە بە تەکەڵتووەوە، سەر کەفەڵی ئەسپ و مایین دادەپۆشێت.

**کەفگیر** بڕوانە: کەوگیر.

دادا پەریجان وە کەفگیرەوە

فەقیر ڕازیکە هەچە دویرەوە (فۆلکلۆر)

**کەلابەرد** بەردێکە بە لێدان و سواندنی خڕ دەکرێت. لە هەڵمات گەورەترە. یاری هەڵماتێن یان کەلایەنی پیٚ دەکرێت.

**کەلارە** بڕوانە: تەپڵە.

**کەڵەشاخ** قۆچی ڕێك و ڕاستی حەیوانە. بۆ گرتنی خوێنی پیس لەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی دەبن بەکاردێت و بۆ سەر درویێنەش ڕۆنی تیٚ دەکرێت.

**کەڵەك** چەپەرێکی چوارگۆشە یان لاکێشەییە. دار و چووپ ئامادەدەکرێت و بۆ ڕاوە ماسی و گواستنەوە لە ناو ڕووبار و دەریاچەدا بەکاردێت.

**کەڵەمە** بڕوانە: کڵاوە.

**کەڵەوانە** بڕوانە: کڵاوە.

**کەڵپۆس** بەشێکە لە زین. دارێکی داتاشراوی خڕو بەرزە لە ڕووی پێشەوەی قەڵتاخەکەوەیە دۆڕەشۆی پێوەدەبەسترێت، جارجاریش لغاوی پێوە هەڵدەواسرێت.

**کەڵکیت** ئامرازێکی ددانداره. لە: دار و ئاسن دروست دەکرێت. بۆ کوتانەوەی پۆ لە تەوندا بەکاردێت.

ڕۆژی چوارشەممە تەونم خستە کار

قاڵی هەوریشم، کەڵکیت زەڕنیگار (فۆلکلۆر)



**کەڵێتە** قایشی ملی تانجییە و ڕەسی پێوە دەبەسترێت.

**کەمە** پارچە تەختەیەکی پانی لە دار تاشراوی چەماوەیە. لە دەوری کەو (سەرەند) و دەف و بێژینگ دەدرێت.

**کەمۆڵە** جامێکی دارینە. تیرەکەی 20 و قوڵییەکەی 15 سم دەبێت. لە: داری گوێز و کەوت دروست دەکرێت. بۆ خواردنەوەی دۆ و ماستاو بەکاردێت.

**کەندوو** لە شێوەو عەمبارێکی قوڕینی لوولەیی یان چوارگۆشەییە. پانییەکەی نزیکەی مەترێك و بەرزییەکەیشی مەتر و نیوێکە. بۆ داکردنی دانەوێڵە و ئارد و هەندێکزەخیرەی تر... بەکار دێت. لە بەشی خوارەوەی کونێکی لوولەکی بە تیرەی نزیکەی 20 سم هەیە، لە کاتی پێویستدا، دانەوێڵە یان ئاردەکەی لێوە دەردەهێنرێت.

پیاوی نەزان وەك کەندووی بەتاڵ وایە! (پەند)

**کەنوو** بڕوانە: کەندوو.

**کەو** تەنراوێکی بازنەیی کون کونە، تیرەکەی 40 سم، لە سیرمە دروستدەکرێت و بەرینایی کەلوەکانی 8 ملم چوارگۆشەیە، دەورەکەی کەمەیەکی پانی 10 سم، بۆ دابێژان و پاککردنی دانەوێڵە لە بەرد و چیلکەدار و کۆزەر بەکاردێت.

چاکی شەن و کەو دەکا! (پەند)

**کەوا** باڵاپۆشێکی قۆڵدارە، لە تەنیشتەکانییەوە گیرفانی هەیە. یەکبەر و دووبەر و شێوازی جۆراوجۆری هەیە.

**کەوان 1** ئامرازی تیر هاویشتنە. لە ژێ و دارێکی تایبەتی چەماوە پێکدێت. جۆری جیای هەیە.

تیر لە کەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە! (پەند)

**کەوان 2** ئامرازی شیکردنەوەی خووری و لۆکەیە. لە: ژێ و دارێکی کووڕ پێکهاتووە. بۆ کاری هەلاجی بەکار دێت.

دەڵێی بە کەوان هەلاجی کراوە. (پەند)

**کەوانەی پێ** جۆرە چنراوێکە لە داری مێو و بەنی ڕەش بەسەر پێڵاودا، بۆ ڕۆیشتن بە ناو بەفردا لە پێ دەکرێت.

**کەوە** بڕوانە: کەمە.

**کەودەری** بڕوانە: زەنگاڵ.

**کەوش** جۆرە پێڵاوێکە لە چەرمی خۆشە کراو دروست دەکرێت.

پووزی خڕ و مڕ، کەوشی سلێمانی


کەوای کەتانچین نیشتووە لە بانی (فۆلکلۆر)

**کەوچك** ئامرازی چێشتخواردن و چا تێکدان و دۆ خواردنەوەیە، لە دار یان کانزا دروست دەکرێت، گەورە و بچووکی هەیە.
لە هەموو کاسەیەکدا کەوچکە. (فۆلکلۆر)



**کەوچکە** بڕوانە: کوچەڵە1.

**کەوگیر** ئامراز ێکە لە کانزای: مس، فافۆن، ستیل یان دار دروست دەکرێت. دەمەکەی بازنەیی و کون کونە. کلکەکەی 30سم دەبێت. بۆ تێکردنی چێشتی برنج... و لابردنی کەفی سەر چێشت و تێکدان و تێکردنی چێشت بەکاردێت.
تەماشای مەنجەڵەکە بکە و کەوگیری لێ داگرە. (پەند)



**کەوڵ 1** پارچە پێستەیەکی خۆشەکراوە. وەك خوان بۆ نان لەسەر خواردن بەکار دێت. گەورە و بچوکی دەکەوێتە سەر قەوارەی کەلەشی ئەو ئاژەڵەی کە پێستەکەی خۆش دەکرێت.
ئاگات لە خۆتبێ، با نانت لەسەر کەوڵی نەخۆن! (ئیدیۆم)

**کەوڵ2** پارچە پەڕۆ یان خام یان چادرێکە. کەرەستەی نانکردنی وەك تیرۆك و نانبرێشك و ئەستێوڵکی تێوە دەپێچرێت و لە کاتی نانکردنیشدا ڕادەخرێت و ئاردی نێوکەوڵی لەسەر ڕۆ دەکرێت.

**کوانو** بڕوانە: ئاگردان.

**کوانوکێش** پارچە شیشێکە ئاگری کوانووی پێ خۆش دەکرێت.

**کوتك** داردەستێکی ئەستووری سەر زلە.



**کوتەك** بڕوانە: کوتك.

کوتەك دەزانێ قۆناغ لە کوێیە! (پەند)

**کوپە** دەفرێکی گڵینی خڕەکی قوڵ و دەم والآیە، قەوارە و جۆراو جۆری هەیە، بۆ ئاوی خواردنەوە و چەند مەبەستێکی تر بەکاردێت.



**کوخ** بڕوانە: کوخت.

**کوخت** بڕوانە: کولانە.

**کوخت** ژوورێکی بچووکە. لە قوڕ و بەرد یان خشت و دار و پەردووە. بۆ دانیشتن و پشوودان و مەبەستی تر بەکاردێت.

**کوچەڵە1** ئەو شوێنە کۆڵراوانەن بە دەوری تۆپی ئاشدا کە پەڕەکانیان تێ دەخرێت.

**کوچەڵە2** بڕوانە: کۆجیلەی بنێشت.

**کوچەڵە3** جامێکی دارینی بچووکە و بۆ ئاوخواردنەوە بەکاردێت.

**کورەی تاس کەباب** جۆرە کورەیەکی گڵینی قاچداری دەسکدارە. بەشێوەی قوچەکییە و بەشی خوارەوەی کونی بچووکی تێدایە بۆ دەرکردنی خۆڵەمێشی ناوی.



**کورتان** جلی سەر پشتی ئێستر و گوێدرێژە، لە دوو بەرگی وەک لباد و بەڕە و هۆڕ دروست دەکرێت و پووشی تێدەئاخنرێت و دەدوورێت.
بە کەر ناوێرێت بە کورتان فێرە! (پەند)

**کورتەک** پۆشاکێکی نێودارە. تا سەر ئەژنۆ درێژە و لەسەر کراسەوە لەبەر دەکرێت.

**کورسی** بڕوانە: تەختەبەن.

بەر قاپیماڵمان کورسی بە کورسی

فەرموو دانیشە، لە کی ئەترسی! (فۆلکلۆر)

**کوژەکە** موروویەکی شینە، بۆ پاراستنی منداڵ لە چاو و نەفەس و ئیرەیی بەکاردێت.

**کوکیت** بڕوانە: کرکیت.

**کولاژدەمە** پارچە شیشێکە بە نێوەڕاستی دارکولاژدمەوە بەند کراوە و لەو سەریشەوە لە شێوەی کلکی دووپشك قولاپ کراوە. ئەڵقەی کولاژدەمەی لێ گیر دەکرێت.

**کولانە1** شوێنی تێدا بەخێوکردن و پاراستنی مریشك و جووجەڵەیە. لە: قوڕ و قامیش یان کەرەستەی تر دروست دەکرێت. شێوە و قەبارەی جیاوازی هەیە. کونی بچووکی بۆ هەواگۆڕکێ تێدایە.

**کولانە2** برشوانە: کولەکە بان.

**کولەکەی مەلە** بڕوانە: کولەکە.

**کولەجە** بڕوانە: کولێنجە.

**کولەکە** کوولەکەی ملاوییە، ملەکەی لێدەکرێتەوە وناوەکەی دەردەکرێت و وشك دەکرێتەوە، بۆ ئازووقەی وەك: برنج، ساوار، نۆك، نیسك و خوێ بەکار دێت. زۆر جاریش کون کون کراوە و کەوبارەی تێدا بەخێو دەکرێت.

بە فیشەك وای دابێژا، کردی بە کولەکەی کەوباران!

(ئیدیۆم)

**کولەکەبان** قـەدی داری هـەڵکۆڵراوی داربـەڕووە. لـە ناوەڕاسـتی سـەربانی ژوور لەگـەڵ دارەڕادا بـە مەبەسـتی ڕوونـاکی و هەڵکێشانی دوکەڵ دادەنرێت.

**کولەکەکادێن** کونێکـە لـە سـەربان یـان دیـواری کـادێن دەکرێـت، بـە ئەنـدازەی ئـەوەی ڕەشـکەکایەکی پێـدا بچـێت. بـۆ کاکێشان بە ڕەشکە بەکاردێت.

**کولێجە** بڕوانە: کولێنجە.

**کولێرو** بڕوانە: ئەستوورك.

**کولێرەی ئاردە ساوەر** بڕوانە: نانی پیازین.

**کولیچە** شـەکرەمەنییەکە لـە هـەویر و ڕۆن و شـەکر ئامادەدەکرێـت. خورما یان گوێز یان گوێز هیندی یان کونجی تیٚ دەکرێت و سوور دەکرێتەوە یان دەبرژێندرێت.

**کولین** بەشێکە لـە ڕەشماڵ. بە چیغ جیا دەکرێتـەوە و تایبەتـە بە چێشت لێنان و نانخواردن.

**کولێنجە** پۆشـاکێکی قۆڵـداری ڕێ ڕێیـە. شـان و مـل و سـینگ و پشت و تا کەمەر دەگرێت.

**کوڵەباڵ** پۆشاکێکی بێ قۆڵە. دوو گوێچکەی لەسەر شانەوە هەیە پێشەوەی والایە. لە: بەرگن دەپەستێنرێت و دەسوێت. تا پشتێنەی مرۆڤ درێژە.



**کونجی ئاش** دارێکی هەڵکۆڵراوە، دەمی سەرەوەی کراوەیە. دەمی لای ئاشەکەی تەسکترە و بە گوێرەی زۆریی و کەمی ئاوەکە بەتووندیی و بەهێز لە پەڕەکانی ئاشەکە دەدات.

**کوندەڵان** کەپرۆکەیەکی بچووکە. لە: قوڕ و خشتی کاڵ یان دار و قامیش دروست دەکرێت. بۆ کوندە و کوپەئاو لەسەردانان بەکاردێت.

**کونی کلاوە** چوار کونن لە دارنیردا، دوو لای ڕاست و دوو لای چەپ، دارکلاوەکانیان دەخرێتە ناو.

**کونی نیر** کونێکی ئەستوونییە و دەکەوێتە ناوەڕاستی دارنیرەوە. نیر و مژانە بە هۆی بنەوەندەوە پێکەوە دەبەستێتەوە.

**کوورە 1** ئاگردانێکە خەڵووز و داری تێ دەکرێت. بۆ جۆشدان و نەرمکردنی ئاسن و کانزا و پۆڵا بەکاردێت.

بمخەرە کوورە بمتاوێنەوە

بمخەرە باوەش بملاوێنەوە (فۆلکلۆر)

**کوورە 2** بڕوانە: مەقاڵە.

**کوورە3** ئاگردانیچکە لە قوڕی تایبەت و خشتی سوور دروست دەکرێت. زۆرتر گۆزەوانەکان بۆ سوورکردنەوەی بەرهەمە دەستییەکانیان بەکاری دەهێنن.

**کویرە** بڕوانە: مەقاڵە.

**کوین** بڕوانە: تەختەدەوار.

**کۆلان** بڕوانە: تەنگە.

**کۆڵی** دەفرێکی گڵینی شێوە لوولەکیی سوور کراوەیە. لە ئاواییەکاندا

**ڕێحانە** لەسەر شوورەی سەربان ڕێحانەی تێدا دەچێنرێت.

**کۆت1** پارچە کولەکەی ملاوییە و بۆ پینەکردنی مەشکە و کوندە بە کشتەك لێدان و بزمارڕێژکردنی بەکاردێت.

**کۆت2** تۆپێکی ئاسنە، بە ناوەڕاستی ئەو زنجیرەوە قایم کراوە کە دەخرێتە هەر دوو پێی بەندی بە مەبەستی ئەشکەنجەدان و هەڵنەهاتنی.

**کۆت3** چەند تەقەڵێکە لە یەك شوێندا.

**کۆتە** بنە دارێکی ئەستووری پتەوە و بۆ کاری قەسابی بەکاردێت.



**کۆتەڵ1** بڕوانە: قۆتەڵ.

**کۆتەڵ2** پەیکەرێکە لە دار و جلوبەرگی مردوو ئامادە دەکرێت. کەلوپەلەکانی وەك: خەنجەر، تفەنگ و فیشەکدان یان هەرشتێکی تر کە لە پاشی بەجێمابێت، پێوە هەڵدەواسرێت، ئینجا دەخرێتە سەر ئەسپێك و یەکێك جڵەوی ئەسپەکە دەگرێت بە ناو شینگێڕاندا دەیگێڕن. دەستەیەك لە ژنانی خزم و نزیکی لە دواوەی دەڕۆن و سەرەدولکە و شینگێڕی دەکەن...

**کۆتەڵکۆ** بڕوانە: شینی گەرمی سەر کۆتەڵە.
کۆتەڵکۆیە، هەر ئەمڕۆیە! (پەند)

**کـــــۆت و زنجیر** بڕوانە: کۆت2.

**کـــــۆپری جەنجەڕ** بڕوانە: پردۆکەی جەنجەڕ.

**کۆپەران** بڕوانە: لوڕی.

**کۆجیلە1** دەفرێکە هێندەی لەپێك دەبێت. لە گڵێکی تایبەت دروست دەکرێت. دوای ئەوەی گڵەکەبە ئاو دەگیرێتەوە و دەشێلرێت بۆ ماوەی دوو تا سێ ڕۆژ دەهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی بترشێت. بە تەڕی دەنرێتە ژێر شوێنی بریندارکراوی قەدی دارەبەن بە مەبەستی گرتنی بنێشتەتاڵ.

**کۆجیلە2** بڕوانە: ئاوخۆری.

**کۆچەڵە** جۆرە چیغێکە لە تەرکە و موو دەچنرێت.

**کۆچك** بڕوانە: کۆچکە.

**کۆچکە** کلاوێکی ژنانەیە. لە: ئاڵقە، دەرزیلە، کلکۆچك، بەندۆکە پێکدێت.

**کۆچێڵ** دوو کوننی ئەمسەر و ئەوسەری دەوارە و بۆ هەواگۆڕکێ بەجێ دەهێڵرێت.

**کۆز** حەسارێکی بەهاریی و بچووکی کاتییە. زۆرتر لە چەپەر ئامادە دەکرێت. کار و بەرخی ساوای تێ دەکرێت تا لەوەڕی دەبن و سەر پێ دەکەون.

کۆزم ساوایە!

گورگی دە کۆزی خۆ ناکەم! (پەند)

**کۆسە** پاسار و قوبە و سەرتەنەی خانووە، کە بە قەد دیوارەکەوە بێت و بە دەرەوە نەبێت.

خانوو کۆسە دیارە

بەرزە و بێ پاسارە (فۆلکلۆر)

**کۆڵ 1** قەدی دارێکی هەڵکۆڵراو و خۆشکراو یان پارچە لەوحێکە. شێوەیەکی کەوانەییە و 50 سم قوڵە و درێژییەکەیشی نزیکەی مەتر و نیوێك دەبێت. دەمەکەی کراوەیە و بەشی دواوەی گیراوە. لە دروستکردنی دۆشاو و سرکە، بۆ تێدا گوشینی ترێ و دەنکی هەنار بەکاردێت.

**کۆڵ 2** قەدی دارێکی هەڵکۆڵراو و خۆشکراو یان پارچە لەوحێکە. شێوەیەکی کەوانەییە و 50 سم قوڵە و نزیکەی 2 م دەبێت. هەردوو جەمسەری داخراون، لە مۆڵگە و دانگەدا ئاو یان ئالیکی تێدا دەدرێتە مەڕ و ماڵات.

**کۆڵەکە1** دارێکی ئەستوور و پتەوە. سەرێکی دوو فاقە، دەدرێتە بن کاریتەی بنمیچی خانووی گڵ و کەپر.

**کۆڵەکە2** بەشێکە لە دەزگای تەون. دارێکی ئەستوور و پتەوی سەر دوو فاقە، لای خوارەوەیان کون کراوە بنداریان دەچێتە ناو، لای سەرەوەش سەردارە. هەر دەزگایەکی تەون، دوو کۆڵەکەی هەیە.

**کۆڵەکە چوارداخ** بڕوانە: تەژە.

**کوڵەنان** بڕوانە: کوندەڵان.

**کۆڵەوەژ** دار یان شیشێکی باریکە، ئاگر و پۆلووی ناو تەندور و ژێر سێڵی نانکردنی پێ تێک دەدرێت بە مەبەستی خۆشترکردنی ئاگرەکە.

**کۆڵوانە** پارچە قوماش یان خامێکی چوارگۆشەییە، لێوارەکانی دادوورران و لە دوو گۆشەی سەرەوەی تەنیشتەکانییەوە دوو تیڵماسکی لە خۆی پێوەیە. ئافرەت لە کاتی ئیش یان کاتی تر بە کۆڵیدا دەدات و بە هۆی تیڵماسکەکانییەوە لە پێشەوە گرێ دەدات.

خۆزگە ئەبوومە کۆڵوانەی کۆڵی

یان لوتەوانە یان بازن قۆڵی (فۆلکلۆر)

**کۆماج** تەختەدارێکی پانە، هێندەی لەپێك، لە ئاستی هەسوونی دەوار کونە و لووتی هەسونەکەی پێدا دەکرێت و لێیەوە دەردەچێت.

**کیتەڵە** بڕوانە: دیزە.

**کیسە** توورەکەیەکی پەڕۆیینی پزووداره. بۆ کۆکردنەوه و بەستنی دەمەکەی بەنێك لە پزووەکەی هەڵدەکێشرێت. گەوره و بچووکی هەیه و بۆ تێهەڵگرتنی دراوی سکه و مەبەستی جیاواز بەکاردێت.

**کیسەو کەمەر** جۆره کەمەربەندێکه. چەند کیسەیەکی پێوەیه و شتیان تیْ دەکرێت. ڕاست و چەپ دەکرێته مل.


**کیسەڵە** قوفڵێکی دارینه و بە پشتی دەرگاوەیه و بۆ کلۆمدانی دەرگا بەکاردێت.

**کیلە** بڕوانه: خۆرده.

**کیف** بڕوانه: کالان.

**کیفە دەمانچە** بڕوانه: یەغدان 2.

**کێرد** چەقۆی گەورەیه، لە کاری قەسابیی و ماڵدا بەکاردێت و قەبارەی جۆراوجۆری هەیه.




**کێڵ1** بەردی سەروو و خوارووی گۆڕی مردووه. لە ڕەنگ و درێژ و بڵندیدا جۆری جیاوازی هەیه.

**کێڵ2** بەردی یاری کێڵ و بەردێنەیه.

**کێلیژه** بڕوانه: تەژه.

**گاز** ئامرازی بزمار هەڵکێشانە. لە ئاسن دروست دەکرێت. دەمێکی پانی لێوار تیژ و جۆراوجۆر و دوو باڵی هەیە.



**گازماروکە** بڕوانە: زیتە.

**گازمالوکە** بڕوانە: زیتە.

**گاسن** پارچە ئاسنێکی نووك تیژی پەڕەدارە. نووکەکەی تیژە. لە کاتی جووتکردندا دەخرێتە ناو دەندەوە (زووانە).

**گاڵۆك** بڕوانە: گۆچان.

**گاڵۆکە** بڕوانە: قەڵانگ.

**گاوەسن** بڕوانە: گاسن.

**گاینجە** بڕوانە: سەرەنیر.

**گرێژەنە** بڕوانە: گێژەنگە.

**گڕگڕۆکە** بڕوانە: ڕەوڕەوە.

**گسك** کەرەستەی ماڵینە. لە بەری ڕووەکێك یان گسکی کێوی بە دەست دەهێنرێت. بە شێوەی گورزە یان جۆرە چنینێکە و بە بەن توند دەبەسترێت.
ماڵ گسکی ئەویَ و گسکیش بەن. (پەند)





**گلاس** بڕوانە: ئاوخۆری.

**گڵوان** بەری دارمازووە، قەبارەکەی پڕ بە چنگە. کە وشك دەبێتەوە، ناوەکەی لە تەپەدۆر دەچێت و بۆ خۆشەکردنی پێستە و مەشکە بەکاردێت.

**گڵێم** بڕوانە: بەڕە.

**گەردنلغ** جۆرە خشڵێکە. لە: زێڕ و زیو بە شێوەی پڵپڵە و زنجیر و گۆ دروست دەکرێت.

**گەرمەگۆڕ** خواردنێکە لەلایەن کەسوکاری مردووەوە وەك خێر ئامادە دەکرێت و دوای بە خاکسپاردنی مردووەکە لە گۆڕستان یان لە ماڵەوە بەسەر ئامادەبواندا دەبەخشرێتەوە.

**گەسك** بڕوانە: گسك.

**گەڵاکوت** دارێکی ئەستووری خڕ و لووس کراوە. بۆ پۆشاك و ڕایەخ و خووری و موو شتن بەکاردێت.

**گەڵاکوتك** بڕوانە: گەڵاکوت.

**گەڵوازە** ڕیزە گوێز یان چەند میچکەیەکی کونکراوی بە بەنەوە کراوە. بە لانکە و بێشکەی منداڵی ساواوە بۆ پێژیربوونی دەبەسترێت.

**گەنجینە** هۆدەیەکە لە ماڵدا، زەخیرە و پێداویستی و کەرەستەی زیادەی تێدا هەڵدەگیرێت.

**گەنمەشیرە** گەنم و شیر و بڕێك خوێ پێکەوە دەکوڵێنرێت و بۆ ماوەی 3 ڕۆژ دەهێڵرێتەوە تا خەست دەبێتەوە. دواتر لەبەر هەتاو دادەنرێت تا وشك دەبێتەوە، زستان لەگەڵ کونجیدا دەبرژێنرێت.

**گەوڕ** ژوورێکی قوڕین و دارینە، شوێنی داکردن (تێکردن)ی زستانەی گا و گۆل و ئاژەڵە.

**گوارە** خشڵە، لە ئاڵتون، زیو، متومورو دروست دەکرێت. ئافرەتان بۆ خۆ ڕازاندنەوە لە گوێی دەکەن و جۆری جیاوازی هەیە.

خۆزگە من بوایەم جەڕەی سەر کۆڵی
یان جووتە گوارە، یان بازن قۆڵی (فۆلکلۆر)

**گودیله** بەرهەمێکی گڵینەیە. ناشیرین و ورگنە. قەوارەی جۆراوجۆریان هەیە. لە ئاگردا سوور ناکرێتەوە. دەمەکەیان بە زۆری لە لاوەیە و سەرقەپاغیشیان هەیە. بۆ تێدا هە ڵگرتن و پاراستنی خوێ و ئازوقە بەکاردێت.

گودیلە خل بێتەوە

سەرقەپاغی خۆی دەدۆزێتەوە (پەند)

**گوردەچن** دارێکە لە دەزگای تەونـدا و دەکەوێتە سەرووی بنـدارەوە. بە گوردەچـن چـنراوە. تانـەکانی لێـك جیـا کردووەتەوە و کاری تەونەکەی پێ دەکرێت.

**گورز1** ئامرازێکی سەر ئەستووری کلکداری جەنگییە.

ئانە گورز، ئانە مەیدان! (پەند)

**گورز2** نۆپێکی خڕیکلکداریپەڕۆینەیە. لە یاری گورز و بنمێخدا بەکاری دێت.

**گورگە** داری سـەر گوێسـەبانەیە و لەسـەر دیـوار دادەنرێـت و قوڕپەسـت دەکـرێ و بـۆ کـاری پاراسـتنی دیـوار لـە بـا و بۆران بەکاردێت.

**گوریس** ڕایەڵێکی ئەستورە. لە 4 سێتەی بەن و موو دەهۆنرێتـەوە. بەپێی پێویسـت درێـژە. بـۆ بـار بەسـتن و ڕەشکە و وڵاخ بەستنەوە بەکاردێت.

گوریس بە یەك لۆ نەدەگەیشتەوە، نۆرەی دوو لۆنەیە! (پەند)

**گوزگی** بڕوانە: ئاوێنە.

**گوڵبە** بڕوانە: گڵوێنە.

**گوڵبێنە** بڕوانە: گوڵوێنە.

**گوڵتە** بڕوانە: ئەستوون1.

**گوڵدان** گڵێنەیەکی شێوە گۆزەییە. قەوارەی جۆراوجۆری هەیە. گڵی تێ دەکرێت و بۆ گوڵ تێداڕواندن بەکاردێت.

**گوڵمیخ** سنگی ئاسنی ئەڵقەدارە. بۆ بەستنەوەی چارەوێ، هێستر و وڵاخ بەکاردێت.

**گوڵینگە** چەپکێك هەودای ئاوریشم یان هەر داوێکی ترە، لە ناوەڕاستەوە دوو لا دەکرێت و بە هەمان دەزوو یان هەر جۆرێکی تر دەبەسترێت و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکار دێت.

**گوڵوێنە** دەمێکی گڵینی بازنەییە. لە بەشی خوارەوەی تەندوور و کەندووی گڵین دەکرێت. لە کەندوودا بۆ دەرهێنانی دانەوێڵە و لە تەندووریشدا بۆ هەوا و دەردانی خۆڵەمێش بەکاردێت.

**گوڵینك** پەت یان کەژووەو دەکرێتە ملی گاو گۆتاڵ، گوێدرێژ، بە مەبەستی گرتن و ڕاکێشانی.

**گومگومە1** دەفرێکی مسینی مل باریکی بن هەراوی قوڵفدارە، بۆ شیر یان ئاو هەڵگرتن بەکاردێت، شێوەی تریشی هەیە.

**گومگومە2** دەفرێکی کەوانەیی مسینە، قاوەی تێدا ئامادە دەکرێت.

لەگەڵ تۆمە ئەی فاتمە

مەمکت فنجانی گومگومە

خۆم قاوەچیم پێم لازمە (فۆلکلۆر)

**گومگومە ی ئاو** دەفرێکی سێگۆشەی مسینی شێوە سوڕاحییە. بۆ ئاوهێنان بەکاردێت.

**گونینە و ڕۆن** خۆراکێکی فۆلکلۆری کوردەوارییە. دۆینەوای خەستی سەر نانە و ڕۆنی ساغی بەسەردا دەکرێت.

**گوێرەوسار** پەتێکە. درێژییەکەی 2 م دەبێت و لە کاتی دۆشینی دایکیدا گوێرەکەی پێ دەبەسترێتەوە. لە هۆنینەوەدا دوو جۆری هەیە: جۆرێکیان وەك گوریس بە لوولەکی یان خڕەکی و جۆرەکەی تر وەك کەژوو بە پانی 3 تا 4 سم دەهۆندرێتەوە.

گوێرەکەی خەڵك گوێرەوسار دەبرێتەوە. (پەند)

**گوێزان** تیغێکە لە کانزا، دەمەکەی ڕختە و تیژە. سەرتاشەکان بۆ سەر و ڕیش تاشین بەکاری دەهێنن.

**گوێزوەشێن** دارێکی درێژە بەپێی پێویست، بۆ تەکاندن و وەشاندنی گوێز و بەڕوو بەکار دێت.

**گوێچکەماسی** شتێکی سەدەف ئاسایە. وەك کوژەکە و بۆ چاوەزار بە جلی منداڵدا دەکرێت.

**گوێز** بڕوانە: هەڵکشەوداکشەی لامپا.

**گوێلکەوسار** بڕوانە: گوێرەوسار.

**گۆ** تۆپێکی خڕی دارینی یاری چەوگانە. تیرەکەی 3 تا 4 سم دەبێت.

**گۆپاڵ** بڕوانە گۆچان.

**گۆچان** داردەستێکی ڕاستی سەر چەماوەیە.

ترووسکەیەك لە سەد گۆچان چاکترە. (پەند)

**گۆچەوەن** بڕوانە: سوژن.

**گۆرەسار** بڕوانە: گوێرەوسار.

گۆرەکەی خەڵکی گۆرەسار مەوڕۆ! (پەند)

**گۆرێ** چنراوێکە لە بەن و دەزوو دەچنرێت و لە ژێر دەلینگی شەڵوارەوە لە پێ دەکرێت و لە نوکی پێوە تا سەرووی قولەپێ دەگرێت. لە قەبارەدا، گەورەو بچووکی هەیە. پیاوان و ژنانیش لە پێی دەکەن.

**گۆڕیشکە** بڕوانە: گۆڕیچکە1.

**گۆڕیچکە1** بنکەنێکە لە گۆڕدا، یان هەندێك جار لە ناوەڕاستی گۆڕدایە و بۆ مردوو ناشتن دەکەندرێت.

**گۆڕیچکە2** ڕێڕەوی ئاوەڕۆیە و لە بەرد دروست دەکرێت.

**گۆزە** دەفرێکی گڵینە. بە گشتی 10 بۆ 15 لیتر ئاو لە خۆ دەگرێت. شێوەی خڕەکییە و قەبارەی جۆراجۆری هەیە. لای ژێرەوەی نەختێك تەسك و لە ناوقەدەوە گوپن و لە سەرەوە ملێکی کوورتی هەیە و لە دوو تەنیشتەکانییەوە دوو دەسکی هەیە. بۆ ئاوهێنان و ئاو تێدا سارد و شەویکردن بەکاردێت.

گۆزەی سوور و ئاوی شەوێ

دەمم وە خالانتکەوێ (فۆلکلۆر)



**گۆزەلك** دەرزییەكی سەر خوارە لەبەشی سەرەوەی تەشی، بەنی پێ ڕاگیر دەكرێت لە ڕستندا.

**گۆسكە** بڕوانە: كیتەڵە.

**گۆشتاو** شلەیەكە لە: پیاز، گۆشت، ئاو، خوێ و هەندێك جار داو و دەرمان و نۆك ئامادە دەكرێت.

گۆشتی ناخوا، گۆشتاوی دەخوا! (پەند)

**گۆل** پارچە زەوییەكی چوارگۆشەی لێوار نزمە. پڕ لە ئاوە و بۆ مەرەزە دروست دەكرێت. بەرینی و بەرتەسكی بەندە بە ڕێكی و ناڕێكی ئەو زەوییەی كە گۆلە چەڵتووكەكانی لێ دەكرێت.

**گیپە** خواردنێكی كوردەوارییە. گەدە و ڕیخۆڵەی مالاتی وردەیە. بە دەزوو هەڵدەدورێت و برنج و كشمیش و بەهارات و كەرەستەی پێویستی تێ دەكرێت. لەگەڵ سەلك و پێچكی ئاژەڵەكە دەكولێنرێت.

ئەڵێی گیپەی جۆیە! (پەند)

**گیرە** ئامرازی داخستنی دەرگایە لە پشتەوە.

**گیرگە1** دارێکی ئەستووری دوو شاخەیە، دەدرێتە پاڵ سنگی ڕەشماڵ تا لە کاتی با و باران و زریاندا سنگەکان هەڵنەکەنرێن و دەوارەکەش لە تەپین بپارێزێت.

**گیرگە2** ئامرازی چەماندنەوەی داری تەڕە بۆ کەمەی گۆچان.

**گێروشکە** بڕوانە: سەرەمژانە.

**گێزەرە** پارچە تەختە یان دارێکی بچووکە. شوێنی کونبووی مەشکەی پێ پینە دەکرێت بە ڕاکێشانی شوێنە کونبووەکە و پێوە بەستنی پارچە دارەکە بە باری درێژیدا و قایمکردنی بە سیرمە یان بەنێکی قایم.

**گێژەنگە** بەردێکی هەڵکۆڵراو یان بنە جەڕە یان هەر شتێکی تری لەو جۆرەیە. لە بن لاشیپانەی دەرگا دادەنرێت بۆ جوڵاندن و خولانەوەی دەرگا بە مەبەستی کردنەوە و داخستنی.

**گێژەنە** بڕوانە: گێژەنگە.

**گێلگێلە** ڕیزە گوڵینگەیەکی وردە بە دەوری شەدەوە دەبەسترێت.
ئەی وەی بە لەرزانە گیانم بە لەرزانە
گێلگێلەکەی دەوری سەرت پەخش و پەرێشانە (فۆلکلۆر)

**لابوتە** بڕوانە: مەساسە.

**لاتیە** بڕوانە: تەپلە.

**لاپشتێند** ڕیزە مێخەك و سملێکە بە دەزووەوە دەکرێت و لە خوارەوەی یاقوت یان لیرەی زێڕ یان مورووە، دە پازدە ڕیزێك لە مانە پێکەوە گرێ دەدرێن و چەپکێکی جوان و بۆنخۆش پێکدەهێنن و دەکرێت بە بەر پشتێنەوە.

**لاسەرە** جۆرە خشڵێکە. دەرزیلە و زنجیر و پلپڵەی پێوەیە. زۆرتر ژنانی لادێ بەکاری دەهێنن. لایەکی چەسپە و لاکەی تر لە (فێس)ی سەر قایم دەکرێت.

**لاگیرە** جۆرە خشڵێکە. لە: ئاڵتوون، زیو، وەرشە دروست دەکرێت. ژنان بە لاجانگدا بە فێسەوە هەڵیدەواسن.

**لامپا** ئامرازی ڕووناککەرەوەی ئاوێنەداری قەد دیوارە. لە کاسەی نەوت و بلوری شووشە و هەڵکێش و داکێش پێکدێت.



**لانکە** تەختی خەوی منداڵی ساوایە، لە دار و تەختە ساز دەکرێت. منداڵی ساوای بە دەسرازە تێدا دەبەسترێتەوە و دەخەوێنرێت. لە: ڕەوارە، بلوێر، دەسرازە پێکدێت.

لانك دارە، بێشك دارە

داربێشکەکەی دارهەنارە (فۆلکلۆر)



**لاویته** بڕوانە: پیشك.

**لباد** ڕاخەرێکی ئەستووری پەستراو و سواوە، لە بەرگن دروست دەکرێت. لە قەوارەدا جۆری زۆرە وەك لاکێشەیی و سەرەنداز.

ملی دەڵێی لبادە! (ئیدیۆم)



**لغاو** کەرەستەی جڵەوکردنی چاوەڕێی وڵاخە. لە: دانە لغاو، سەرکەللە، شیپەلغاو، قەمچی پێکدێت.



**لفکە** چنراوێکە لە: خوری و بەن و دەزووی لۆکە دروست دەکرێت. شێوە تۆڕی کەلو بچووکە و بۆ خۆشتن بەکاردێت.

**لمەد** بڕوانە: لباد.

**لەبادی نیر** بڕوانە: ملەنیر.

**لەبیخە** بڕوانە: نیوەنمەك.

**لەتەرە** بڕوانە: تەشی.

**لەپەی ساوەر** چێشتی ساوەر، بەڵام کەمێك نەرم و شلتر

**لەپکە** بڕوانە: کوژەکە.

**لەرزانە** دوو تەختی لاکێشی زیون بە لاتەنیشتی فێسکڵاوەوە چەسپ دەکرێت. پێنج ڕیز زەنگیانە و موروویان پێوە بەند کراوە.

لەرزانەکانی لەرزم لێدێنێ

قەستیە بە جارێ گیانم دەربێنێ (فۆلکلۆر)

**لەسەرگرێ** بەرداشی ناوەڕاست قۆقزبووە.

**لەسەرقەراخ** بەرداشی ناوەڕاست چاڵبووە.

**لەقەنە** بڕوانە: چەقەنە.

زمانی دەڵێی لەقەنەی ئاشیە، نازانێ ڕاوەستان چییە! (پەند)

**لەمەر** قامیشی داخراو و بەستراوە بە تولی بی، دەخرێتە بەر بنەوان و بوغازی ئاو، چەو و لمی بەسەر دا دەکرێت بۆ هەستان و پەنددانەوەی ئاو بۆ شوێنی بەرز و مەبەست.

**لەنگەری** دەفرێکی هەڵکۆڵراوە لە قەدی دار بی. هێندەی تەشتێکی بچووکە. چەند کەس لەسەری نانیان دەخوارد.

**لەمپا** بڕوانە: قەندیلە.

**لەوازە** دارێکی پتەوە، لە تەنیشتی چەپی بەرداشی ئاشی ئاو دەخرێتە بن ئانیشکەی پێی ئاشەوە، لە بەرز و نزمکردنی بەرداشی سەرەوەی ئاشدا بەکاردێت.

**لەواشە 1** دوو پارچە دارە، بە گوێرەی قەوارە و قەپۆز و شەویلاگی وڵاخەوەیە. دوو سەریان پێکەوە بەستراون. دەم و قەپۆزی وڵاخی چەمووش دەخرێتە نێوان هەردوو پەلەدارەکە و بە کشتەك دەبەسترێت لە کاتی ناڵکردندا.

**لەواشە 2** نانێکە قەوارە و ئەستووریەکەی لە نێوان نانی ئاسایی و کولێرەدایە.

**لوتەوانە** بڕوانە: خەزێم.

لووتەوانە زەرد، لووت لەرانەوە

زامان کۆنە و نویٚ گشت کولانەوە (فۆلکلۆر)

**لوڕی** ئاخنراوێکی لوولەی چەماوەیە. لە: نەوگ و چەرم و قایش و پووش دروست دەکرێت. نزیکەی 10 سم ئەستوور و 70 سم درێژە. بە دارنیرەوە دەبەسترێت و لەسەر ملەوە دەخرێتە ملی: هێستر، گوێدرێژ، ئەسپ بۆ ئەوەی لە کاتی جووتکردندا دارنیر ملیان بریندار نەکات.



**لوغمه** قایشـێکی درێـژه، بەسـتراوه بـه تەکـەڵتووەوه. هـەردوو ئاوزەنگیەکانی تێهەڵدەکێشرێت.

**لولـــــه و زنجیر** جـۆره خشـڵێکه. لـه: زێـڕ و زیـو و پولەکـه و لـه زنجـیر و لوولەیەکی سەرقاپداری پڵپڵـەدار دروسـت دەکرێـت و بـۆ ڕازاندنەوه بەکاردێت.

ئەچیٚ بۆ بەغدا بۆ بازرگانی
بۆ لوله و زنجیر، بۆ دەزگیرانی (فۆلکلۆر)



**لووله** بڕوانه: لوڕی.

**لوولێنه** گڵێنەیەکه بـۆ ئاوڕشـێن یان دەستو دەمو چاو شـۆرین، یان بۆ کاری سەر پێشاو بەکار دێت. له پشـتەوه، دەسك و له پێشەوەشی لوولەیەکی هەیه. لوولەکیی و بچووکه، لیترێك تا لیتر و نیوێك ئاو دەگرێت.

**لۆده** حەســارێکی ســەر والأیــه لــه دەرەوەی مــاڵ، (کــا)ی تێدەکرێت و سەری سواخ دەدرێت.

**لۆرەپ** بڕوانه: لۆلەپ

**لۆرەلەپ** بڕوانە: لۆلەپ

**لۆکس** جۆرە چرایەکی گەورەی تۆڕدارە. لە: لامپا و چرا و فانۆس گەورەترە. لە پەمپ و عەمباری نەوت و دەرزی و شووشە و دەسکێکی تەل پێکدێت. لە ئیشپێکردندا تۆڕی ئەزبێز بە بنمیچەکەیەوە قایم دەکرێت و بە پەمپدان نەوتی بۆ دەچێت و دادەگیرسێت.

خۆ من لۆکس نیم بمکەن بە دارا

تا شەوقم بڕوا بە ڕووی حەسارا (فۆلکلۆر)





**لۆلەپ** دوو داری لوولەکینە. 50 سم درێژ و 6 سم ئەستوورن. یەکێکیان لای دەستەکان و ئەوەی تر بە پێیەکانی مەشکەوە توووند دەکرێت. کابان لە کاتی مەشکەژەندندا دەستی پێ دەگرێت. ناوەڕاستەکەیان بۆ ئەوەی هەر دوو سەری نیودۆکیان و دۆژنەکەیان بچێتە ناو هەڵدەکۆڵرێت.

مەشکەم مەشکەی مانگایە
لۆلەپ لە دار خورمایە
دەیژێنم لە بێلایە
ئەورۆ شەققەی چاك نایە! (فۆلکلۆر)





**لیژنەدار** کۆمەڵێك داری قڵیشێنراوە، لەبەر هەیوان بۆ سووتەمەنی زستان لەسەریەك کەڵەکە دەکرێن.

**لیس** دارێکی ڕێك و ئەستوور و درێژی لە دەستدا خۆشە.

**لیوان** بڕوانە: ئاوخۆری.

**لێفە** پێخەفێکە لە دوو تویێ قوماش. ناوەکەی لۆکە یان هەندێکجاریش خووریی تێدەئاخنرێت. بە کلافە دەدورێت. لە درێژیی و پانییدا جۆری جیاوازی هەیە.
ئاسمان لێفە بێت دایناپۆشێت! (پەند)

**مادە** بڕوانە: ئەڕفێدە.

**مارۆ** کوتاڵێکە زۆرتر ژنان بەکاری دێنن و کراسی لیَ دەدوورن.
بۆ دەگری بۆ دەگری یارم گڕووم لیَ دەگری
کراسی مارۆم بۆ کڕیوە گڕووی گرتووە بۆ هەوری
(فۆلکلۆر)

**ماشاخانە** بڕوانە: ئاودەست.

**ماشە** سەبەتەیەکە، زارەکەی تەنگ و بنەکەی هەراوە، بۆ ڕاوی ماسی بەکاردێت.

**ماشێنە** چێشتێکی کوردەواریی شلە. لە: ڕۆن، خوێ، ئاو، ماشە ڕەشە، ماشە سپی و گەنمەکوتاو ئامادە دەکرێت.
هەر شەوە ماشێنان لێدەنێ! (پەند)

**مافوور** ڕایەخێکی ڕەنگاوڕەنگی تیسکدارە. بە بەن تەنراوە. لە نەخش و قەوارەدا، جۆراوجۆرن.

**ماقوڕ** چاڵ و هەڵکۆڵراوەی تاشەبەردە. شوان بۆ تێکردنی شیر بەکاری دەهێنێت و پاشان بە قەسەڵێك دەیخواتەوە.

**ماکاو** بڕوانە: دەستەك.

**ماکوو** بڕوانە: مەکۆ.

**ماڵە** پارچە تەختە یان پلێتێکی پتەوی لاکێشەییە. بۆ سواخ و لووسکردنی ماڵ بەکاردێت. دەسکێکی هەیە بۆ دەست پێگرتن.

**ماوش** سنگی دارە.

**مایە** بوخچەڵەیەکی پانکەڵەی بازنەییە، لە پەڕۆوپاتاڵ دروست دەکرێت، سەرەوەی مەیلە و قۆقزیە و بنەوەی تەختە و دەستی تێهەڵدەکێشرێت و بۆ نان پێوەدان بە تەندور و ساج بەکاردێت.

**مژانه** دارێکـــی پتـــەوی ئەســـتوورە. نزیکـــەی 1 م و 70 ســـم درێـژە. جەمســەری لای باسـکەی دوو کـونی تێدایـە. بـە هەپە توند دەکرێت بە باسکەوە. جەمسەری لای نیر 2 یان 3 کونی تێدایە و بۆ بەستنەوەی بە دارنیرە و کاری پێکەوە بەستنەوەی نیر و جەنجەڕە.

**مزراح** گۆیـەکی قوچـەکیی لـە دارتاشـراوی پـڕ بـە مشـتە. نوکـە قوچـەکییەکەی تەمتەمەیـەکی پێـوە چەسـپ کـراوە و لەسـەری دەخولێتـەوە. بەهۆی بەنـەوە دەخولێنرێتـەوە و بۆ یاری مزراحێن بەکاردێت.



**مستیله** بڕوانە: ئەنگوستیلە.


**مشـــتەی هەلاج** دارێکـی کـوڵی سـەرزلی مشـتوو لەخۆیـە. هـەلاج لەگـەڵ کەواندا خووری پێ شی دەکاتەوە.

**مشکی** پارچـــە ئاوریشـــمێکی ڕیشـــووداری ڕەنگاوڕەنگـــە. پـــەراوێزەکانیان ســـوورمەدارە. پیـــاوان دەیبەســـتنە ســـەریانەوە و جـــۆری وەك: داودبـــەگی، شـــێخانی،

کاشانی، عەلیخانی و هد... هەیە.

ئەوا هاتە خوار مشکییەکەی مۆرە

یان یاری خۆمە یان زەینم کۆرە (فۆلکلۆر)



**ملەنیر** پارچـــە نەوگێکـــە دەپێچـــرێتە دارنـــیر و دارکـــڵاوەوە کەڵەمەوە بۆ ئەوەی ملی گاجووت بریندار نەکات.

**مەتاڵ** بڕوانە: قەڵغان.

**مەتکە** ئـامرازێکی دارینـــە. ئاســنێکی بـاریکی نـووك تیــژ بـە نووکەکەیەوە قایم دەکرێت. لە پەنجەکەڵە ئەستوورترە. بۆ کونکردنی قورەمە و مژانە بەکاردێت.

**مەتکەو** بڕوانە: مەتکە.

**مەتە** بڕوانە: مەتکە.

**مەچەکە** دارێکـە هێنـدەی مەچـەك ئەسـتوور و بسـتێك درێـژە. بـە بەردەمی سەر دۆڵیانی ئاشدا بەند کراوە. سـەری بـەنی داێلکەی پێوە دەپێچرێت و بۆ زیاد و کـەمکردنی دانـی ئاش بەکاردێت.

**مەخمەر** کوتـاڵێکی ژنانـەی ئامـاڵ زبـرە، گوڵـدارە و بـۆ پۆشـاکی ژنانە بەکاردێت.

**مەدوونە** بڕوانە: ئاگرکێش.




**مەڕازە** بڕوانە: کەتوو.

**مەسێ** بێڵچەیەکە بۆ ناو ئاگردان بەکاردێت.

**مەساسە** شفرەیەکی ئاسنی شێوە سێگۆشەیە. کوپێکی هەیە بۆ دەسك، بۆ کڕاندن و لێکردنەوەی قوڕ لە هەوجاڕ و شتی تر بەکاردێت.

**مەسین** بڕوانە: مەسینە.

**مەسینە** لوولێنەیەکە لە: مس یان ئاسن یان پلاستیك دروست کراوە. لە پێشەوە، لوولە و لە دواوە دەسکی هەیە. ئاوی تێدەکرێت. زۆرتر بۆ سەرئاو ودەستنوێژگرتن بەکاردێت.




**مەشکە** پێستی خۆشەکراوی گامێش یان مانگا یان گوێرەکە یان حەیوانی سپییە و ماستی تێدا دەژێنرێت و کەرە و دۆی پێ بەرهەمدێت.

مەشکەم مەشکەی گامێشێ چەندم شان و قۆڵ دێشێ
مەشکەم مەشکەی نێنگوونێ لۆلەب داری زەیتوونێ
مەشکەم مەشکەی مانگایە دەیژێنم لە بێلایە (فۆلکلۆر)



**مەغەڵگا** بڕوانە: مۆڵگە.

**مەقاش** ئامرازێکی دوو فاقی کانزایی دەستییە. نوکەکانیان پان و خڕن. بۆ گرتنی ئەسکڵ و نان و هد... بەکار دێت.
مەبە بە مەقاشی دەستی خەڵك! (پەند)



**مەقاڵە** دەفرێکی کانزایی یان قوڕینی سەر والایە. بۆ مەبەستی ئاگر کردنەوە و چێشت و چا لێنان بەکار دێت.



**مەقلی** دەفرێکی بازنەیی کانزا یان سفرە، دەسکێکی کانزیی پێوە چەسپە، بۆ تێکردن و دەرهێنانی گەنمی کولاو لە مەنجەڵی ساوەرکولاندن و مەبەستی دی بەکاردێت.

**مەقەڵی** بڕوانە: مەقاڵە.

**مەکوو** بڕوانە: مەکۆ.

**مەکووب** بڕوانە: چنگڵە.

**مەکۆ** ئامرازێکی دارینە لە دەزگای جۆلاییدا، بەن و دەزووی لەسەر هەڵدەکرێتەوە.

**مەڵەغان** ئاسنێکی دەم تیغی نیمچە کەوانییە، لە نوکەکەیەوە تیژە و لە ناوەڕاستییەوە بۆ دواوە 6 بۆ 7 سم پان و مەترێك زۆرتر درێژە. لە کلکییەوە، کونێکی هەیە دەسکێکی دارینی 1 م درێژی بۆ دەست پێگرتن پێوەدەکرێت، بۆ درون یان پاکۆدان و...هد بەکاردێت.



**مەنجەڵی تاس کەباب** مەنجەڵێکی سەرقاپداری نەفەس بڕی دەسکدارە و بۆ دروستکردنی چێشتی تاسکەبابی بەکاردێت.



**مەنجەنیق** ئامرازێکی جەنگییە. بۆ هەڵدانی بەرد یان تۆپەڵی ئاگر یان شلەی گەرم بەرەو دوژمن بەکاردێت.

**مەنگەنە** ئامرازێکی ئاسنینە، بۆ جزوبەند و چەسپکردنی تەختە و کاری تر بەکار دێت.

**مەنونی** ئامرازێکی ئاسنینی کەوگیرئاسای بێ کونە. لەسەر ئاگر قورقوشمی تێدا دەتوێنرێتەوە.

**مەوج** پێخەفێکە لە بەنی بادراوی ڕەنگاوڕەنگ دەچنرێت. چوار تەختەیە، قەبارەکەی هێندەی لێفەیەکە. زۆرتر بۆ تێوەپێچانی نوێن و هێندێك جاریش بۆ جلوبەرگ و کەلوپەل بەکاردێت. جاران بۆ نووستن و بەخۆدادان بەکار هاتووە. جار جاریش دەکرێت بە پشتی لێفە.

مەی ڕەش هۆ مەی ڕەش، مەی ڕەش گیانەکەم
خوریەکەت بۆ مەوج دەزگیرانەکەم (فۆلکلۆر)

**مەورە** بڕوانە: بڕبەند.

**موحەممەدی** جامێکە تیرەکەی 10 و قوڵیەکەی 5 سم دەبێت. لە زێڕ یان زەرد دروست دەکرێت. 25 جار ناوی (موحەممەد)ی لەسەر دەنوسرێت، بۆ چاووزار بە ملی منداڵی ساوایدا دەکەن.

**موستیلە** بڕوانە: ئەنگوستیلە.

**موشار** بڕوانە: هەڕە.

**موشان** بڕوانە: جەنجەڕ.

**موشانە** بڕوانە: جەنجەڕ.

**موشەدەمە** بەشێکە لە کوورەی ئاسنگەریی. هەنبانەیەکی لە پێستەی خۆشکراوە. دەمێکی باریکی هەیە بە لوولەیەکی کانزاییەوە بەند کراوە و لوولەکەیش ڕووە و کوورە قایم کراوە. بە پاڵنانییەوە هەوای نێو هەنبانەکە ئاگری کورەی ئاسنگەری خۆش دەکات.

**مۆرەسەن** بەشێکە لە ئاش. دارێکە 2 م درێژ و 20 سم پان و 5 سم ئەستوورە، لە بەشی سەرەوەی 2 تا 4 کونی زۆر وردی نادیوەودەری تێدایە بۆ نوکی بلوسکە ئاسنەکە.

**مۆری داخدار** جۆرە مۆرێکە لە ئاسنی جۆشدراو. دەسکێکی درێژی هەیە. ناوی مەڕدار یان خاوەن ئاژەڵی لەسەر دەنووسرێت. لە ناو ئاگردا داغ دەکرێت و گوێی ئاژەڵ یان مەڕی بە مەبەستی ناسینەوە لە کاتی بزربوون یان دزینیدا پێ داغ دەکرێت.


**مۆشەن** بڕوانە: جەنجەڕ.

**مۆڵگە** شوێنی تێدا مۆڵکردنی گاڕانە لە کاتی پشوو یان نیوەڕواندا.

**مۆمدان** بڕوانە: شەمدان.

**میل** بڕوانە: کلچیچوك2.

**مێخ** دارێکە و درێژییەکەی مەترێکە. لە کلکە بێڵ ئەستوورترە، ژمارەیان بە قەدەر ژمارەی هەسوونەکانە و بە مێکوت دادەکوترێت و گوریسی ڕەشماڵی پێوە دەبەسترێت.



**مێخەك بە تورنج** تورنجی مێخەکڕێژ کراوە. بۆ بۆنخۆشی لە بوخچە یان لە گیرفاندا هەڵدەگیرێت، هەندێك جاریش ئەویندارا‌ن پێشکەشی یەکتریی دەکەن.
تازە داهاتوە خاڵ بە زنجەوە
ئەڵێی مێخەکە بە تورنجەوە (فۆلکلۆر)

**مێخەکبەند** بڕوانە: حێل و مێخەك

**مێخسکەی سۆرانە** ئاسنێکە هێندەی بستێك دەبێت. باریك یان پانە. نووکەکەی تیژە بۆ داکوتان، سەرەوەی کونەو ئەڵقەیەکی پێوەیە ڕەشۆی پێوە دەبەسترێت. بۆ بەستنەوە لە کاتی لێخوڕیندا بە قەد کەڵپۆسەوە هەڵدەواسرێت.


**مێز** لەپکردنە بە تانی تەوندا و جیاکردنەوەیەتی لە یەك بە پانی تانەکەدا.

**مێشڕەوێن** بڕوانە: ناوچاوە.

**مێشن** بڕوانە: کاڵەی مێشن.

**مێکوت** ئامرازێکی دارینی سەر گەورەیە. کلکەکەی لە خۆی یان داری ترە. بۆ داکوتانی مێخی دەوار بەکار دێت.
مێکوت داربەڕوو تێڵای دارەکۆن
لەیلا باری کرد بۆ هەوارەکۆن (فۆلکلۆر)

**ناڵ** پارچە ئاسنێکی بازنەیی یان هیلالیە، دەدرێ لە ژێر سمی وڵاخی یەکسم بە بزماری تایبەتی.
ئەسپیان ناڵ دەکرد.
قرژاڵ وتی منیش. (پەند)



**نافتەنگ** بڕوانە: تەنگە.

**نامنێرک** بڕوانە: نیودۆك.

**نانبرێشك** پارچە دارێکە بۆ هەڵگێڕ و وەرگێڕ و برژاندنی نانی سەر سێڵ بەکاردێت. درێژییەکەی نزیکەی 70 سم دەبێت. لای دەمەکەی نەختێك باریکە و لای دواوەیشی شوێنی دەستپێگرتنی هەیە لە شێوەی دەسکی شمشێر دەچێت.



**نانەپیازین** بڕوانە: نانی پیازین.

**نانەشان** بڕوانە: سەبەتەپەلە.

**ناندێن** پارچە خام یان قوماشێکە، نانی بۆ گواستنەوە و دەشت و دەر تێ دەکرێت.
نانی دەخوا و نانڕێنێش دەدڕێنێت. (پەند)

**نـــــانی پیازین** جۆرە کولێرەیەکە لە تێکەڵەی ئاردە ساوەرە. ئاردی گەنم، پیاز، کەرەوز، بیبەر، دوای ئەوەی پێکەوە دەشێلرێن و دەکرێن بە هەویر، دەکرێت بە کولێرە.

**ناوچاوە** پارچە چەرمێکی ڕیشووداری مورو تێکراوە. بۆ جوانی و دوورخستنەوەی مێش لە خۆی، بە ناوچەوانی وڵاخەوە دەبەسترێت.

**ناولەپە** پارچە ئاسنێکی بازنەیی یان درێژکۆڵەیە. بەرەکەی قووڵ و گرنج گرنج و پشتی لووسە. لە هەردوو لاوە قوڵفەی بۆ کراوە و پەتی پێوە بەستراوە. کورتاندروو لە دەستی هەڵدەکێشێت و لە ناو لەپی سەقامگیر دەبێت. لە کاتی کارکردندا قنگی سووژنەکەی دەخاتە ناو بۆ پاڵ پێوەنان تا ئازار بە ناولەپ نەگەیەنێت.



**ناودار** بڕوانە: نیودۆک.

**ناوکەول** بڕوانە: نێوکەول.

**ناونێرک** بڕوانە: نیودۆک.

**نڤیشک** بڕوانە: کەرە.

**نما** بڕوانە: لباد.

**نماوە** بڕوانە: لباد.

**نەرمەزین** بڕوانە: تەکەڵتوو.

**نەقیزە 1** داردەستێکی دوو سەرە. نزیکەی دوو مەتر درێژە. جوتیار لە کاتی جووتکردندا بەکاری دەهێنێت. سەرێکیان تیژ یان بزمارە.، بۆ دەنگدان و لێخوڕینی گاجوتەکان و سەرەکەی تری مەساسەیەکی ئاسنی پێوەیە و قوڕی گاسنی هەوجاڕەکەی پێ لێدەکرێتەوە.

**نەقیزە 2** داردەستێکە. درێژییەکەی نزیکەی یەك مەتر دەبێت. سەرێکیان تیژ دەکرێت یان بزمارێکی لێ دەدرێت و سەرەکەی تری هیچی پێوە نییە. بۆ لێخوڕینی گوێدرێژ و وڵاخی باربەر و سواری بەکار دێت.

**نەوگ** بڕوانە: لباد.

**نەوەرد** پارچەیەکە لە دەزگای جۆڵایی. ئامرازێکی دارینی چوارگۆشەی جۆڵاییە. چوارگۆشەیە و نزیکەی مەتر و نیوێك درێژە. لە شێوەی ڕەوڕەوەدایە و بە دوو میخی دارینی کوندار بەند دەکرێت و دەخولێتەوە. لە لولکردنی جاجمدا بەکاردێت.

**نەوشاتر** ماددەیەکی هاڕڕاوەی سپییە. مزگەرەکان کەلوپەلە مسینییەکانیان دوای گەرمکردن، پێ پاك و سپی دەکەنەوە.

**نەینۆك** بڕوانە: ئاوێنە.


**نوکەهەوجاڕ** بڕوانە: دەندە.

**نوکەنیا** بڕوانە: بەڕەنیا.

**نووشته** پارچە نووسینێکە. مەلا یان شێخ یان هەرکەسێکی تر لەسەر پارچە کاغەزێك دەینووسێت، دەنووشتێنرێتەوە. لە پەڕۆ و هەندێك جاریش لە قوڕقوشمەوە دەپێچرێت و دادەدوورێت.

**نویشك** بڕوانە: کەرە.

**نوێڵ** ئاسنێکی لوولەکی پتەوە. تیرەکەی نزیکەی 3 سم و درێژییەکەی مەتر و نیوێك دەبێت. نووکەکەی تیژ و قەڵەمی و سەرەکەی تری پانە. بۆ جوڵاندن و تلدانی تاوێر و شتی تر، یان تێکدان بەکاردێت.



**نیر** بەشێکە لە هەوجار. دارێکی پتەوی تاشراوی لوولەییە. نزیکەی 140 سم درێژە. 4 کونی لەمسەر و ئەوسەرەوە تێدایە بۆ کەلەمەکان، دوو (لوڕی) یان پارچە نەوگ لە لای ڕاست و چەپەوە بە دارنیرەوە شەتەك دەدرێت. هەردوو لوڕییەکە یان دار کلاوەکان دەخرێنە ملی: گاجووت، هێستر، ئەسپ، گوێدرێژ، مژانی پێوە پەیوەست دەکرێت. بەهۆی چەمەرە (بنەوەند)ەوە و بە هۆی گاینجە (سەرەنیر)ەوە بە قایشێك یان پەتێکەوە دەبەسترێت کە پێی دەڵێن (وێژە).

لە بەختی فەقیری، گازەرد نایەتە بەر نیری (پەند)

**نــــــیر و ئاموور** دوو بەشی سەرەکی ئامرازی جووتکردنن بە گاجووت یان وڵاخەبەرزە، هەر بەشەشیان لە چەند پارچەیەك پێك دێت.

**نیرتە** بڕوانە: بنەوەند.

**نیرگە** بڕوانە: کاریتە.

**نیلە** بڕوانە: نیر.

**نیوەنمەك** جۆرە خەپلەیەکە بۆ دابەزاندنی ئاوساویی و پەنمانی پێ و دەست و قۆڵ بەکاردێت.

**نیوەنیا** جۆرە گاسنێکە کە کۆڵ و کول بووبێت. ئاسنگەر لە کوورەدا جۆشی دەدات و پارچەی تری دەخاتە سەر و درێژ و نوێی لێ دێتەوە.

**نیودۆك** دارێکی ڕێك و ڕاستە. جەمسەرەکانیان دەچنە ناو کونی ناوەڕاستی لۆلەپی مەشکەوە. درێژییەکەی بەپێی گەورەیی و بچووکی مەشکەیە. کاری قایم و ڕێك ڕاگرتنی مەشکەیە لە کاتی ژەندندا بۆ ئەوەی نەیەتەوە یەك.

**نێك** بڕوانە: چزی تەشی.

**نێوکەوڵ** ئەو بڕە ئاردەیە کە ژنی نانکەر لە نێو کەوڵدا ڕۆی دەکات و لە کاتی گونك پانکردنەوەدا تۆزێکی لێ بەسەر خوانەدا دەکات.

**هارەگلیر** بەردێکی پانی لووسە. گەنمی دەکرێتە سەر و بەردێکی تری شێوە هێلکەیی بۆ هاڕینی بەسەردا دەگێڕدرێت.

**هاڕە** بڕوانە: دەستاڕ.

**هنگستۆ** بڕوانە: قۆچکە.

**هەپك** دارێکی یەکپارچەیە. دەسك و دنکەکانی لە شێوەی دەمی کەرکیت دەتاشن. ژمارەی دنکەکانی 5 تا 7 دانەیە و تەختەدەواری پی دەکوترێتەوە.

**هەپە** دارێکە لە بستێك درێژترە و ئەستوورییەکەی 3سم دەبێت. بەشی سەرەوەی گرێدارە. باسکە و مژان پێکەوە دەبەستێت.

**هەرزاڵ** بۆفیەیەکە لە کۆڵەکە و دارەڕا. بە بن دیوارێکی ژووری ماڵەوە دروست دەکرێت. سەرەکەی بە قوڕ سواخ دەدرێت. لە قەبارەدا، جۆراوجۆرن. بەگشتی بەرزییان مەترێك و قوڵیان نیو مەترە و درێژیشیان بە گوێرەی پێویستە. بۆ نوێن و بوخچە لەسەر دانان بەکاردێت.

**هەرزاڵە** بڕوانە: هەرزاڵ.

**هەڕە** بڕەرێکی ددانەدارە، دەسکێکی دارین یان ئاسنینی هەیە. بۆ بڕینەوەی دار و تەختە یان ئاسن بەکاردێت و گەورە و بچووکی هەیە.

**هەزارپیشە** سندوقێکی خانەخانەی شێوە باوەڵیە و بچوکترە. زۆرتر چەرچی و وردەواڵەفرۆش بابەتی ژنانەی وەك کل و کلدان و کلچێوك و شانە و ئاوێنە و هەوری و دەرزی و متو مووروو و شتی لەو جۆرەی تێ دەکرێت.

**هەسان** جۆرە بەردێکی درێژ یان پانکەڵەیە. ڕوویەکی لووس دەکرێت و بۆ سوین و تیژکردنەوەی دەمی تیغ و داس و بابەتەکانی و هد... بەکار دێت.

**هەسوون** دارێکی ئەستووری ڕێك و ڕاستە. درێژییەکەی 4 تا 5 م دەبێت. هەڵدەدرێتە ژێر ڕەشماڵ، سەرەکەی دەکرێت بە کونی کۆماجدا.

**هەگبە** تەنراوێکی دوو تایە. لە: موو یان خوری دروست دەکرێت. دەکرێتە سەر پشتی وڵاخ بۆ شت تیٚ کردن.

**هەلوك** پارچە دارێکە هێندەی بستێکە. لە یاری هەلوکێندا لەسەر دوو بەرد دادەنرێت و بە دارهەلوك لێی دەدرێت و لە شاری یاری دوور دەخرێتەوە.

دەڵێی هەلوکە! (ئیدیۆم)

**هەلوکێن** یارییەکە لە نێوان دوو کەسدا. بە هەلووك و دارهەلووك ئەنجام دەدرێت.

**هەڵاش** بڕوانە: پەردوو.

**هەڵکشەو داکشەی لامپا** تەنەکەیەکی پانی نێو بۆشە، پڵیتەی تیٚ دەکرێت. لە خوارەوە ئامرازی هەڵکێش و داکێشی هەیە بە هۆی جەڕێکەوە بەرزو نزمی پڵیتەکەی پێدەکرێت، بلووری دەخرێتە سەر.

**هەڵمات** بەرد یان شووشەیەکی خڕی ڕەنگاوڕەنگە. لە یاری هەڵماتێندا بە پەنجە و پلکە و پەلەپیتکە یاری پیٚ دەکرێت.

**هەمبانە** بڕوانە: هەنبانە.

**هەنبانە** پێستی خۆشەکراوە. بە شێوەی توورەکەیە و زەخیرە یان شتی تری تیٚ دەکرێت.

هەنبانە بۆرینەیە! (ئیدیۆم)

**هەوان** بڕوانە: دەسکەوان.

**هەوراو** بڕوانە: چاڵاو3.

**هەورەبان** ژوورێکی بچووکە. لە سەربان کە بە پەیژە بۆی سەردەکەویت.

**هەوری** کوتاڵێکی دەستکردی ناسکە. بە کێش سووك و بە نرخ گرانە. چوار دەورەکەی پەراوێزدار و تەختەکەیشی نەخشدارە. ڕەنگی سروشتییە و بە ڕەنگی گوێز یان پیواز و هێندێك ڕووەك ڕەنگ دەکرێت. هەرچەندە لە ڕەنگدا کاڵ و تۆخی هەیە، بەڵام بە گشتی دەچنەوە سەر قاوەیی. کەمتر دەشۆرێت و لە شۆریندا شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە. لە ڕووبەردا جیاوازن، پارچەی لە 1 بۆ 5 م ی هەیە و بەرینیشیان مەتر و نیوێکە. بە پێی خواست ئەو پارچانە تێك دەکرێنەوە، هەیە 3 دانەی 5 مەتری لێك دەکاتەوە کە دەکاتە 15م و بەو شێوەیە... هەندێك جار پارچەیەکی 1 یان 2م ی وەك کۆڵوانە بەکاردێت. تاکە کوتاڵێکە بە کێشانە دەفرۆشرێت.

هەوری لە کۆڵ، بازنە لە قۆڵ، سینگ نەرمونۆڵ، وەختە لە سوێت بمرم

هەی بەری بەیانان زۆر خۆشە، لە ئامێزێت بگرم

(فۆلکلۆر)

**هەورینگ** بڕوانە: برینگ.

**هەوڕ** قاپ و کەوچك و مەنجەڵ و هد...

**هەوێن1** بڕێکی کەم ماست یان دۆیە. دەکرێتە ناو شیری کوڵاوی شیرەتێن بە مەبەستی مەیاندن و کردنی بە ماست و پەنیر.

**هەوێن2** ژلوڤەی ولاخە، تێکەڵ بە ماست و ترشەسماق دەکرێت، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، پاشان دەکرێتە شیری کوڵاوی دۆتێکراوەوە و دەکرێتە مەشکەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، ئیجا دەیسوونەوە و دەبێتە پەنیر.

**هەیاسە** جۆرە خشڵێکە. پشتوێنبەندە و لە: زێڕ یان زیو نەخشاوە و قوببەدارە.

یان بەو خەنجەرە خۆم ئەیەم بە کوشت

یان ئەچمە باوەش هەیاسە لە پشت (فۆلکلۆر)

**هەیوان** ژوورێکی بچووکە لەبەردەمی دەرگای ماڵ. تەنیشتەکانی ژوور و بەردەمەکەی بێ دیوار و ئاوەڵایە و لە وەرزی گەرمادا بۆ دانیشتن بەکار دێت.

کردووتە بە عادەت لە هەیوان نیشتن


چاوت کردە تیر بۆ جاهێڵ کوشتن (فۆلکلۆر)

**هورینگ** بڕوانە: برینگ

**هۆبە** بڕوانە: ئۆبە.

**هۆرە** پارچە دار یان ئاسنی لولەکی پتەوە، ئەستوریەکەی لە کلکەبێڵ بچووکترە و 25 سم درێژە. سەرێکی داتاشراوە لە کاتی دارشکاندندا دەخرێتە قڵیشی زەنگڵەدار و بە بیور لە سەرەکەی تری دەدرێت و دەقڵیشێنێت.

دار هۆرەی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ! (پەند)



**هۆڕ** چنراوێکی دوو تایە، لە خووری و موو دروست دەکرێت. بۆ گواستنەوەی دانەوێڵە و گوێز و مەبەستگەلی تر بەکاردێت.

بوکێکمان هەیە ناشی و نەزانە

تای هۆڕ ئەکا بە تای هەمانە (فۆلکلۆر)

**هۆقە** سەنگی کێشانەیە، بڕەکەی 4 کگم دەبێت.

**هیرتە** بڕوانە: بنەوەند.

**هیزار** کوتاڵێکی ڕەشی ئاوریشمە. لە مل دەکرێت و لە کاتی پێویستیشدا وەك سەرپۆش و کۆڵوانە بەکاردێت.

... دەبەر ئەوان شەنگەژنان، کێل گەردنان، مل بە هیزاران،


ئەگەر دە حەدەحەدی نیوەشەویدا لانك و لۆرکی ساوا

بەسەر گولەکی دە گولەمێردان، جا لەمن بەجێ دێڵن...

بە شێك لە هەوای "پاییزە" لە گووتنی حەمەجان (فۆلکلۆر)

**هیزرە** بڕوانە: عەمبار.

**هیزە** پێستەی خۆشەکراوی ئاژەڵە. بۆ هەڵگرتن و پاراستنی ڕۆن بەکاردەهێنرێت.



**هیزەدان** عـەمبارێکی گڵینەیـە. بەرزییەکـەی نزیکـەی 125 سـم و تیرەکـەی 60 بـۆ 70 سـم دەبێـت. لـە ئـاگردا سـوور ناکرێتەوە، دوو پێی گڵینی هەیە و لە لایەکیشەوە کونێکی هەیە، بۆ تێداهەڵگرتن و پاراستنی هیزەڕۆن بەکاردێت.

**هێزم** بڕوانە: لیژنەدار.

**هێش** جـۆرێکی هـەوجاڕە،. داری مـژان و باسـکێش (باسـکە) یەکپارچە، دەندە بە جیایە و پێکەوە دەبەسترێن.

**هێڵەساوە** بـەردێکی تـەختی بازنـەیی لووسـە، لـە ماڵـە لووسـترە، سواخی دیواری ژووری پێ لووس دەکرێت.

**هێڵەك** تـەنراوێکی بازنـەیی کـون کونـە، لـە بێـژینگ بچـووکترە. تیرەکـەی 30 سـم دەبێـت. لـە تـەلی زۆر باریـك دروسـت دەکرێـت کـە بـەرینایی کونـەکانی 2 بـۆ 3 ملـم چوارگۆشەیە و تایبەتە بە ئارد دابێژان.



**وشکەکەڵەك** دیوار یان شوورەیەکە. لە: بەرد بەبێ کەرەستەی وەك قوڕ و شتی تر دروست دەکرێت.
کارەکەی وشکەکەڵەکە! (پەند)

**وەجاغ** شوێنی ئاگرە.

**وەرتارمە** بڕوانە: ئەیوان2.

**وەرهەیوان** بڕوانە: ئەیوان2.

**وەن** پردێکە لە قەدی تەڕی دارمێو و داری تەرینە و ئەرخەوان، بەن و موو تێکەڵ دەکرێت و دەتەنرێت و لەگەڵ ئەو قەدە دارانە لوول دەدرێت. لە بەینی دوو کەندەڵان یان دوو شاخ کە ژێرەوەی قوڵ یان ڕووبار یان شیو و دۆڵ بێت، دادەبەسترێت. بۆ پەڕینەوەی پیادەڕۆ بەکاردێت. بەرینییەکەی نزیك بە مەترێك و درێژییەکەیشی بە گوێرەی دووری نێوان ئەمبەر و ئەوبەر دەبێت.

**وەنەن** پردێکی دارینە، لەسەر جۆگای وا کە قەڵەمباز پێی نەگات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و کاتی بەکاردێت.

**وێژە** پارچە قایش یان پەتێکە و چەمەرە بە دارنیرەوە دەبەستێت.

**یەختەخان** بڕوانە: بەرکاپکا زین

**یەغدان 1** سندوقێکی لاکێشەییە. لە تەختە دروست دەکرێت. بەرزی 80 و قوڵی 50 و درێژییەکەی 120سم دەبێت. لە ڕوکاردا بە نەخشی بۆراق یان وێنەی تر نەخشاوە. لە ناوەڕاستەوە دەرگایەکی هەیە و ناوەکەی بۆ جل و کەلوپەل هەڵگرتن و سەرەکەیشی بۆ نوێن لەسەردانان بەکاردێت.



**یەغدان 2** جۆرە کیفێکە. لە: قایش یان چەرم دروست دەکرێت. بۆ دەمانچە خستنە ناو بەکاردێت. لە کەلەکە دەبەسترێت و قەوارەی جۆراوجۆریان هەیە.

**یەغدان 3** دەفرێکە ڕۆنی مەکینە و ئۆتۆمۆبێلی تیٚ دەکرێت.

**یەغدان 4** سندوقێکی داریندیگەورەیە بۆ سەهۆڵ پاراستن بەکاردەهێنرێت.

**یەغنکێش** لەگەنێکی مسینی لێوار پەرەداری گەورەیە.

# سەرچاوەکان:

## ئـ/ کتێب:


1- بـۆنی هـەڵاڵان دێ، مـەحموود زامـدار، بەڕێوبەرایـەتی گشـتی ڕۆشنبیری کوردی، چاپخانەی (الزمان) بەغدا، 1975

2- پەندو قسەی نەستەقی ماچۆ، هەردەوێڵ کاکەیی، چاپخانەی (کشتوکاڵ) ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان، هەولێر، 2006

3- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە ناوچەی کەرکووکدا، هەردەوێڵ کاکەیی، ئنیستیتووتی کەلەپووری کورد، چ ئاراس، هەولێر 2008

4- پەنـدی پێشـینان، چـاپی دووەم، شـێخ محەمـەدی خـاڵ، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1971

5- پەنـدی پێشـینانی کـورد، بـەرگی یەکـەم، عـەلی مـەعروف شارەزووری، ئەمینـدارێتی گشـتی ڕۆشـنبیری ولاوان، چاپخانەی (حەواس)، بەغدا، 1981

6- شیعری فۆلکلۆری کوردی، بەرگی یەکەم، فاروق حەفید زادە، ئەمیندارییـەتی گشـتی ڕۆشـنبیری ولاوان، چـاپخانەی الحـوادث ، بەغدا، 1981

7- چەپکێ لە گوڵاڵە سوورەی شارەزوور، علی شارەزووری، چاپخانەی الحوادث ، بەغداد 1982

8- چەند مەڵۆیەك لە شارای فۆلکلۆری کوردی، جعفر شێخ حوسێن بەرزنجی، چاپخانەی الزمان، بەغداد 1986

9- گەنجینەی گۆرانی کوردی، عوسمان شارباژێری، چاپخانەی الزمان بەغداد 1985
10- فەرهەنگی کشتوکاڵ، مەعروف قەرەداغی، چاپخانەی دار السلام، بەغداد 1972
11- فەرهەنگی تەقی، (کوردی-کوردی)، دانانی لیژنەیەك، سلێمانی، 2009
12- قاموسی زمانی کوردی ب1 ئ، عبدالرحمن محمدامین زەبیحی، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1977
13- قاموسی زمانی کوردی ب2 ب، عبدالرحمن محمدامین زەبیحی، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1979
14- پیشەی ئاسنگەریی لە شاری سلێمانیدا، جەمالی حاجی عەلی ئاسنگەر، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، 2014
15- فرهنگ هەنبانە بۆرینە (کردی-فارسی)، هەژار، چاپ سوم، چاپخانەی انتشارات سروش، تهران، 1381
16- سەرنجێك لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، نەقابەی مامۆستایان، هەولێر، 1961
17- هۆنراوەکانی فۆلکلۆری کوردەواری، محمد کریم شریف، چاپی 2 سعدالله اسماعیل شێخانی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد 1986
18- مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی کورد لە باشووری کوردستاندا، نووسین و کۆکردنەوەی: فاروق حەفید، ئۆپسالا، سوید 1993
19- فەرهەنگی شێخانی، عەبدولوەهاب شێخانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2009

## ب/ کەسایەتی:

20- زەینەب شکر محمدشریف، لەدایکبووی 1955 گوندی مێخاس ـ قەزای خانەقین

21- شەوکەت خورشید حوسێن ناسراو بە مام شەوکەت، شاعیر و مەقامزان، لەدایکبووی 1936 کەرکووک، دانیشتووی کەرکووک

22- خدر ئیسماعیل قادر، ناسراو بە مەلا خدر بادڵی، ساڵی 1955 لە گوندی (بادڵیان) سەر بە ناحیەی دیانان لەدایک بووە.

23- فاتمە ئیبراهیم ڕەسوڵ (فاتمە جەرگە)، لەدایکبووی 1925 گوندی (چۆمخڕکە) - قەڵادزێ، دانیشتووی ڕانیە. ڕۆژی 2015/7/2 کۆچی دوایی کردووە.

24- خەزعەل مارف فەرەج، مەقامزان، لەدایکبووی 1936 داقوق - کەرکووک، دانیشتووی کەرکووک.

25- عەبدوڵڵا حەمەدەمین فەقێ عەلی (ناسراوبە مەلا عەبدوڵڵا)، لە 1946 لە گوندی چنارنەی سەر بە ناحیەی بنگرد- قەزای دوکان لە دایک بووە.

26- عوسمان ئەحمەد حەمەدەمین، لە دایکبووی ساڵی 1971 (گوندی گوێچکەلان) دۆڵی شاورێ، ناحیەی سەرکەپکانی قەزای ڕانیە، دانیشتوی گوندی (کەوبێن)ی دۆڵی شاورێ.

27- جەلالی حەمەی مەحموودی زەرد، لە دایکبووی ساڵی 1957 (گوندی زەرد) پیشەی جووتیارییە، دانیشتووی کەلار، دێی زەرد.

28- ڕەحیم محەممەد ساڵح مامە تەقی، لە دایکبووی ساڵی 1941، فەرمانبەری خانەنشینی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبان، دانیشتووی کەلار، گەڕەکی حەمرین.

29- عوبەید مەحموود ئەحمەد، لە دایکبووی ساڵی 1948، پیشەی بەرگدروو، دانیشتووی سێوسێنان.

30- حەمە ساڵح عەلی محەممەد ئەمین هاروونی، لەدایکبووی ساڵی 1956، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، دانیشتووی پێباز.

31- حسێن ڕەسوڵ ئیبراهیم، جوتیار، لەدایکبووی 1965 دانیشتووی گوندی گولاّن- ناحیەی سەرکەپکان - قەزای ڕانیە.

32- هونەرمەند (شوکور محەممەد قادر) لەدایکبووی ساڵی 1940ی شاری کەرکووك. بەرگدرووە. دانیشتووی کەرکووکە.